سەرۆکی حکوومەت: بەهیچ شێوەیەک جیاوازی لەنێوان شارەکان ناکەم و هەموو هاوواڵتییانی کوردستانیش بە خوشک و برای خۆم دەزانم

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
لە ماڵ پارێزاو دەبین
XEBAT
خەبات
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5968) دووشەممە 6ی تەمموز 2020 «16» لاپەڕە «500» دینار



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوامە لە وەڵامدانەوەی پرسیاری هاووڵاتییان کە داوای کردبوو، پرسیارەکانیان ئاراستەی بکەن، لە بەشی سێیەمی وەڵامەکانیشیدا، وەڵامی سێ پرسیار دەداتەوە کە یەکێکیان تایبەتە بە کرێکارانی بیانی. مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆژی شەممە، 4-7-2020 وەڵامی سێ پرسیاری لەبارەی "ڕێژەی کرێکارانی بیانی لە هەرێمی کوردستان، جیاوازی لەنێوان شارەکانی کوردستان و کەمیی پێکەنینی خۆی" دایەوە.

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

ڕەوەندی کورد پشتگیری لە یاسای چاکسازی و کارنامەکانی حکوومەت دەکەن

پێکهێنانی کابینەی 9ی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەلایەن ڕێزدار مەسرور بارزانی و خستنەڕووی کارنامەکەی، ئومێدی زۆری بەخەڵکی کوردستان بەخشی، ئەمەش بەهۆی ئەو ئەزموونەی کە لە ڕابردوودا وەک ئەندازیازی ئارامی و ئاسایشی هەرێمی کوردستان و پاراستنیدا ڕۆڵی باڵای هەبووە. (زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)

لە سنووری مەخموور جموجۆڵی گرووپە تیرۆریستییەکان زیادی کردووە

کرمانج عەبدوڵڵا: عەرەبی هاورە لەدوای 16ی ئۆکتۆبەر جارێکی دیکە ماڵ و موڵکی کورد‌ییان داگیرکردەوە

7



کەرەنتین و قەدەغەی هاتوچۆ ژمارەی بەرکەوتووانی لە هەولێر کەمکردەوە

د.دلۆڤان محەمەد: لە هەر 200پشکنین دەردەکەوێت 8 کەس هەڵگری ڤایرۆسەکەن



بەرپرسی لقی 23ی قەرەچووغی پارتی دیموکراتیی کوردستان، کرمانج عەبدوڵڵا دەڵێ بەشێک لە عەرەبە هاوردەکان بەڕۆژ حەشد و بەشەو داعشن، دەشڵێ تا ئێستاش داعش لەو ناوچانە جموجۆڵی هەیە، ئەویش بەهۆی نەبوونی هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق. هەروەها جەختیش دەکاتەوە کە تا ئێستاش خەڵکی ردەسەنی ناوچەکە تاپۆی سەردەمی عوسمانییەکانییان ماوە کە بە قۆچانی ڕەش ناسراوە، بەڵام ئێستا ئەوانەی لەپەنجا ساڵی ڕابردوودا هاوردەکراون هەوڵی گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچەکە دەدەن. بەرپرسی لقی 23ی پارتی گوتیشی خوازیاری پێکەوەژیانی هەر سێ نەتەوەی کورد، عەرەب و تورکمانین ئەوانەی خەڵکی ردەسەنی ناوچەکەن، نەک لەلایەن حکوومەتەکانەوە بەزۆر لە ناوچەکە نیشتەجێکراون.

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)



ڕۆڵی ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەخۆپیشاندانەکانی کەرکوک (1982و 1984)

(زیاتر لە ل9 بخوێنەوە)

حکوومەتی عێراق بەهۆی تەنگژەی دارایی خۆیەوە دەیەوێ ڕێککەوتن لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان دوابخات

لە لێدوانێکیدا بۆ کەناڵێکی تەلەفزیۆنی عێراق پسپۆڕێکی ئابووری دەڵێ: حکوومەتی عێراق بە قورسترین بارودۆخی تەنگژەی ئابووریدا تێدەپەڕێت و ئەوەش وایکردووە کە لە مەسەلەی ڕێککەوتن لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان پەلەنەکات و خۆی دوادەخات. (زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

لەئێستادا ڕۆژانە نزیکەی 10هەڵگری ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان گیان لەدەست دەدەن

(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)



گۆرانیبێژێکی ڕاپ خۆی بۆ سەرۆکایەتی ئەمەریکا هەڵدەبژێرێت

گۆرانیبێژی ڕاپی بەناوبانگی ئەمەریکا کانی ویست لە تویتێکدا ڕایگەیاندووە کە بە نیازە لەمساڵدا خۆی بۆ سەرۆکایەتی ئەمەریکا هەڵبژێرێت. بەپێی دەنگی ئەمەریکا ئەو هونەرمەندە لە ئەکاونتی تویتەری بە هاشتاگەوە ڕایگەیاندووە کە خۆی بۆ سەرۆکی ئەمەریکا هەڵدەبژێرێت. کانی ویست کە کەسێکی ڕەشپێستە پشتیوانێکی ناشکرای سەرۆک ترامپ بوو، تەنانەت لە کۆشکی سپیش چاوی بە سەرۆک ترامپ کەوتبوو.

مستەفا کازمی ئایندەی حەشدی شەعبی بە کوێ دەگەیەنێت؟



پاش نزیکەی 10ساڵ مانەوە لە سەرۆکایەتیکردنی گەورەترین و هەستیارترین دەزگا ئەمنییەکان لە عێراق، فالح فەیازی سیاسەتمەداری نزیک لە تاران لە هەردوو پۆستی، سەرۆکی دەزگای ئاسایشی نیشتمانی و ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی عێراق دوورخرایەوە. لەلایەکی دیکە لەبارەی پەیوەندییەکانی سەرۆک وەزیران لەگەڵ حەشدی شەعبی لە کۆتایی مانگی حوزەیراندا، فەرماندەی فیرقەی 17ی سوپای عێراق پەیامێکی نهێنی بۆ هات، کە تێیدا ئاماژە بۆ ئەوە کرابوو هێزەکانی دژەتیرۆر لە بەرەبەیانی ڕۆژی پێنجشەممە 26ی حوزەیران ئۆپەراسیۆنێکی "لەناکاو و تایبەت" ئەنجامدەدەن. ئامانجی هێرشەکە ئەو شتە بوو کە فەرماندەکەی ڕاچڵەکاند، واتە بارەگایەکی کەتیبەکانی حیزبوڵڵا لە ناوچەی ئەلبوعەیسەی بەغدا.

(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)

پەرلەمانی کوردستان

لەڕێی چوار لیژنەوە لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی ناوچە سنوورییەکان دەکات



چوار لیژنەی لاوەکی لە چوارچێوەی لیژنەی باڵای پێکهێنەراوی پەرلەمانی کوردستان بۆ لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان و هۆکارەکانی دروستبوونی ئەو بارودۆخە و خەملاندنی زەرەر و زیانەکان لە پەرلەمانی کوردستان لە ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستانن لە هەولێر، سلێمانی، دهۆک و زاخۆ، مەیدانی زیانەکانی بۆردومانەکان دەخەملێنن.

ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەمبارەیەوە چیا حەمید شەریف رایگەیاند: لە پەرلەمانی کوردستان لیژنەیەکی باڵا پێکهێنراوە و ئەو لیژنەیەش دابەشبووە بۆ چوار لیژنەی فەرعی بۆ سەردانی ناوچە سنوورییەکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆک و زاخۆ بە مەیدانی سەردانی سنوورەکان دەکەین و لە بارودۆخی ناوچەکە و دانیشتوانەکەی دەکۆڵینەوە و خەملاندن بۆ ئەو زیانانە دەکەین کە بەر سروشت و رەزوباخ و موڵکی هاوواڵتیان و گیانی هاوواڵتیان کەوتووە لە ناوچانە.

چیا حەمید شەریف گوتیشی: لە دوێنێ یەکشەمەوە لیژنەکان دەستبەکاربوون و سەرقاڵی گەڕان و بەسەرکردنەوەی ئەو ناوچانەین کە بۆردومان کراون، ئێمە ئێستا لە دەڤەری زاخۆین لە باتیفا لێرە لە ئەنجامی بۆردومانەکانی تورکیا زەرەر و زیانێکی زۆر بەر ناوچەکە و خەڵکی ناوچەکە کەوتووە و مەترسی گەورە لەسەر ژیانی هاوواڵتیانی ئەم سنوورانە دروست بووە، ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان لێرەوە داوای وەستاندنی بۆردومانەکان دەکەین و داوا دەکەین شەڕ و ململانێکان ببڕێنەوە دەرەوەی ئەم سنوورانە و بەزووترین کاتیش قەرەبووی مادەی و مەعنەوی دانیشتوانی زیان لێکەوتووی ئەم ناوچانە بکرێتەوە.

ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان، چیا حەمید شەریف ئاماژەی بەوەیش دا، دوای گەڕان و بەسەرکردنەوەکانیان راپۆرتی کۆتایی لەسەر بارودۆخی ناوچەکە و قەبارەی زەرەر و زیانەکان ئامادە دەکەن و دەیدەین بە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، دواتر کۆبوونەوەیەکی لەسەر دەکەن و لەو کۆبوونەوەیە داوا دەکەن قەرەبووی زیانلێکەوتووان بکرێتەوە، فشاریش دەکەن لە حکوومەتی عێراق کە کاربکات بۆ ڕاگرتنی بۆردومانەکان چونکە پاراستنی سەروەری خاکی عێراق لە ئەستۆی حکوومەتی ناوەند دایە.

چیا حەمید شەریف ڕاشیگەیاند: لە پەرلەمان کارەکەین بۆ ئەوەی کۆنسوڵی تورکیا و ئێران بانگ بکرێنە پەرلەمان و لەوێ فشار لەسەر ئەوانیش دروست بکەین بۆ ڕاگرتنی بۆردومانەکان و پاراستنی خەڵکی مەدەنی ئەو ناوچانە. لیژنەی باڵای لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان و هۆکارەکانی دروستبوونی ئەو بارودۆخە و خەملاندنی زەرەر و زیانەکان ڕۆژی 29ی حوزەیرانی ڕابردوو لە کۆبوونەوەی لیژنەکانی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجوومەنە خۆجێیەکان، پێشمەرگە و لیژنەی پەیوەندییەکان و ڕەوەندی کوردستانی بڕیار لە دروستکردنی درا و دوێنێیش هەر سێ لیژنەکان دەستبەکاربوون و مەیدانی سەردانی سنوورەکانیان کرد.

سەرۆکی حکوومەت لەبارەی شارەکان، کرێکارانی بیانی و پێکەنینی خۆی وەڵامی هاوواڵتیان دەداتەوە

بەهیچ شێوەیەک جیاوازی لەنێوان شارەکان ناکەم و هەموو هاوواڵتیانی کوردستانیش بە خوشک و برای خۆم دەزانم

داوامان کردووەو سووریشین لەسەر ئەوەی زۆربەی دامەزراندن لە کۆمپانیاکان بۆ خەڵکی ناوخۆ بن



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوامە لە وەڵامدانەوەی پرسیاری هاوواڵتیان کە داوای کردبوو، پرسیارەکانیان ئاراستەی بکەن، لە بەشی سێیەمی وەڵامەکانیشیدا، وەڵامی سێ پرسیار دەداتەوە کە یەکێکیان تایبەتە بە کرێکارانی بیانی. مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆژی شەممە، 4- 7-2020 وەڵامی سێ پرسیاری لەبارەی "ڕێژەی کرێکارانی بیانی لە هەرێمی کوردستان، جیاوازی لەنێوان شارەکانی کوردستان و کەمیی پێکەنینی خۆی" دایەوە.

- کەمکردنەوەی کرێکارانی بیانی و ڕەخساندنی هەلی کار بۆ گەنجان

ژمارەیەکی زۆری ئەوانەی پرسیاریان ئاراستەی سەرۆکی حکوومەت کردووە، داوایان کردووە ڕێژەی کرێکارانی بیانی لە هەرێمی کوردستان کەمبکرێتەوە، لەجیاتی ئەوان دەرفەت بۆ خەڵکی خۆمان بڕەخسێنرێت، هەروەها داوای دامەزراندنی کۆمپانیاکانیان پێویستە کار بکەن، زۆرترینیان دەبێت فەرمانبەر و کرێکاری ناوخۆیی بن، ئەگەر پێویست بێت پسپۆری دەرەوەش بەردەوام بن لەگەڵ ئێمە، دەڵێ: زۆر ڕاستە، ئێمە هەموو هەوڵێک دەدەین بۆ ئەوەی هەلی کار بۆ خەڵکی خۆمان پێش هەموو کەسێک بڕەخسێنین، ئەمەش بە پەردەدان بە کەرتی تایبەت دەکرێت، ئێمە داوامان لە زۆربەی کۆمپانیا ناوخۆیی و بیانییەکان کردووە کە لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن، بە تەدریج ئەو فەرمانبەر و کارمەندانەی لە کۆمپانیاکانیان پێویستە کار بکەن، زۆرترینیان دەبێت فەرمانبەر و کرێکاری ناوخۆیی بن، ئەگەر پێویست بێت پسپۆری دەرەوەش بەردەوام بن لەگەڵ ئێمە، تاوەکو بۆ ماوەیەکی دیکە ئێمە بتوانین ببینە خاوەنی پسپۆریی ناوخۆیی، ئەوەیان کێشە نییە، بەڵام لەزۆربەی حاڵەتەکاندا وەکو بەرنامەی حکوومەت ئێمە داوامان کردووە و لەسەری سوورین و بەردەوام دەبین، کە زۆربەی دامەزراندن لەو کۆمپانیایانە بۆ خەڵکی ناوخۆ بن، ئێمە بەردەوام دەبین بۆ ئەوەی گرنگی بە کەرتی تایبەتیش بدەین... بەردەوام دەبین بۆ ئەوەی ئەو هەلی کارانە دروست بکەین، بەداخەوە لەبەر ئەو ڕەوشە نالەبارەی پەتای کۆرۆنا نەمانتوانیوە ئەمانە جێبەجی بکەین، بەڵام هیوادارین لە ماوەیەکی زووەا بەردەدم بین لەسەر جێبەجێکردنی بەرنامەکەمان.

- کەمی پێکەنین

"بۆچی زۆر پێناکەنی؟" ئەمەش پرسیارێکی دیکەیە کە ئاراستەی سەرۆکی حکوومەت کراوە و ئەویش بە پێکەنینەوە لە وەڵامدا دەڵێ "بەخوا نازانم! ئەوە ئێستا پێدەکەنم، ئەگەر پێویست بە پێکەنین نەبێت، نازانم چۆن پێبکەنم، بەڵام ئەگەر پێویستیش بێت، زۆر حەزدەکەم و هیوادارم وەڵامەکەمت بەدڵ بێت".

ئێران.. دوو هەزار و 560 کەسی دیکە تووشی کۆرۆنا بوون

لە ئێران ژمارەی گیانلەدەستدان بە پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ بەرزترین ئاستی تۆمار کرد لەوەتەی پەتاکە لەو وڵاتە سەریهەڵداوە. گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستیی ئێران، سیما سادات لاری ئاماژەی بەوە کرد کە لە میانی 24کاتژمێردا، 163کەسی دیکە بەهۆی پەتاکەوە گیانیان لەدەستداوە.

لەوەتەی پەتاکە لە ئێران سەریهەڵداوە ئەوە بەرزترین ژمارەیە کە لە ڕۆژێکدا گیان لەدەست بدەن، بەوپێش ژمارەی ئەوانەی بەو پەتایە گیانیان لەدەستداوە بەرزبووەتەوە بۆ 11هەزار و 571کەس. هاوکات دوو هەزار و 560حاڵەتی نوێی تووشبوون بە پەتاکە تۆمارکراوە، بەمەیش ژمارەی تووشبووانی پەتاکە بەرزبووەتەوە بۆ 240هەزار و 438کەس کە باری تەندروستیی سێ هەزار و 168تووشبوویان ناجێگیرە.

کۆرۆنا.. گیانلەدەستدانی حەوت کەسی دیکە لە کەرکووک

کەرکووکەوە بڵاوکراوەتەوە لە میانی 24کاتژمێردا، 61 کەسی دیکە لە کەرکووک تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون و حەوت کەسی دیکەیش بەهۆی ئەو ڤایرۆسەوە گیانیان لەدەستداوە.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەیش دراوە کە هەر لەو ماوەیەدا، 27تووشبووی دیکەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە کەرکووک چاکبوونەتەوە. ئەوەیش خراوتە ڕوو، کۆی گشتیی ئەو کەسانەی کە لە کەرکووک تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون گەیشتووەتە، هەزار و 533کەس لەو ژمارەیەیش 81کەس گیانیان لەدەستداوە و 531کەسی دیکەیش چاکبوونەتەوە.

فەرمانگەی تەندروستیی کەرکووک لە ڕاگەیەندراوەکەدا باسی لەوە کردووە کە لەنێو سەرجەم تووشبووەکاندا، ڕەوشی 920کەس ناجێگرە و لە نەخۆشخانە لەژێر چاودێری وردی تەندروستیی دان. ئەمەیش لە کاتێکدایە، تا ئێستا 58هەزار و 354 کەس لە عێراق تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون و لەو ژمارەیەیش دوو هەزار و 368کەس گیانیان لەدەستداوە و 31هەزار و 77ی دیکەیش چاکبوونەتەوە.

سەرۆکی ئەرمینیا سوپاسی کورد دەکات



K24/ سەرۆکی ئەرمینیا، ئارمین سارکیسیان، سوپاس و پێزانینی خۆی بۆ ئەو خێزانە کوردانە دووپاتکردەوە، کە لە سەروبەندی جینۆسایدی ئەرمەنییەکاندا هاوکاری هاوواڵتیانی ئەرمەنیان کردووە و پەنایان داوە و کوردی بە برایانی تەنگانە وەسفکرد.

ڕۆژنامەی ئەهرامی چاپی قاهیرە گفتوگۆیەکی لەگەڵ سەرۆکی ئەرمینیا ئەنجامداوە و تێیدا باسی لە ڕووداوەکانی جینۆسایدی ئەرمەنییەکان کردووە، کە لە کۆتایی مانگی ئەپریلدا دەسەلاتدارێتی عوسمانییەکان و سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی تورکیای نوێ لە 1915ەوە تا 1923 ئەنجامدراوە.

لەو چاوپێکەوتنەدا سارکیسیان گوتی: حکوومەتی تورکیا سوودی لە ڕەوشی سەردەمی شەڕی یەکەمی جیهانی وەرگرت، بۆ ئەوەی پیلانی کوشتار و لەناوبردنی یەکجاری ئەرمەنەکان دابڕێژێت و لە نێوان 1915تا 1916 تاوانگەلێکی زۆر دەرهەق بە گەلی ئەرمەن ئەنجامدران.

سەبارەت بە ڕۆڵی کوردیش، سەرۆکی ئەرمینیا گوتی: ئێمە سوپاسی برایانی تەنگانەمان دەکەین، بە تایبەتی یۆنانییەکان، ئاشووری و سریان و جوولەکە و ئێزدییەکان، هەروەها کەسایەتی و خێزانە کورد و تورکەکان، کە ژیانی خۆیان خستە مەترسییەوە بۆ ئەوەی هاوکاری ئەرمەنە لێقەوماوەکان بکەن و ژیانی زۆرێک لەوانیان ڕزگار کرد. جێی باسە لە 24ی نیسانی هەموو ساڵێک گەلی ئەرمەن یادی کۆمەڵکوژی و جینۆسایدی ملیۆن و نیو هاوواڵتی ئەرمەنی دەکەنەوە، کە لە لایەن تورکیای عوسمانی و تورکیای نوێوە بەرامبەریان ئەنجامدراوە.

عێراق...31 حاڵەتی تووشبوون بە کۆرۆنا لەنێو بەندیخانەیەکی بەغدا تۆمارکرا



بەڕێوەبەری فەرمانگەی چاکسازیی نەوجەوانان سەربە وەزارەتی دادی عێراق، کامل ئەمین ڕایگەیاند کە لە کۆی 600زیندانی کراو لە گرتووخانەی چاکسازیی نەوجەوانان لە بەغدا، 31یان تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ بوون.

کامل ئەمین لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی "ئەلسەباح"ی نیچمە فەرمی ئاشکرای کردووە دوای ئەوەی ژمارەیەک کارمەند لە گرتووخانەی چاکسازیی و نەجەوانان لە بەغدا تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون لە کۆی 600 زیندانی کراوی گرتووخانەکە، 31یان تووشی ڤایرۆسەکە بوون. باسی لەوەیش کرد، ئەو 31زیندانی کراوە کە تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون، تەمەنیان لە نێوان 18و 22 ساڵانە.

جێی باسە تا ئێستا 58 هەزار و 354کەس لە عێراق تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون و لەو ژمارەیەیش دوو هەزار و 368کەس گیانیان لەدەستداوە و 31هەزار و 77ی دیکەیش چاکبوونەتەوە.

لە سنووری مەخموور جموجۆڵی گرووپە تیرۆریستییەکان زیادی کردووە

کرمانج عەبدوڵڵا: عەرەبی هاوردە لەدوای 16ی ئۆکتۆبەر جارێکی دیکە ماڵ و موڵکی کوردییان داگیرکردەوە

خەڵکی ڕەسەنی مەخموور تاپۆی سەردەمی عوسمانییەکانییان ماوە

بەڕێسی لقی 23ی قەرەچووغی پارتی دیموکراتیی کوردستان، کرمانج عەبدوڵڵا دەڵێ بەشێک لە عەرەبە هاوردەکان بەڕۆژ حەشد و بەشەو داعشن، دەشڵێ تا ئێستاش داعش لەو ناوچانە جموجۆڵی هەیە، ئەویش بەهۆی نەبوونی هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق. هەروەها جەختیش دەکاتەوە کە تا ئێستاش خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکە تاپۆی سەردەمی عوسمانییەکانییان ماوە کە بە قۆچانی ڕەش ناسراوە، بەڵام ئێستا ئەوانەی لەپەنجا ساڵی ڕابردوودا هاوردەکراون هەوڵی گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچەکە دەدەن. بەڕێسی لقی 23ی پارتی گوتیشی خوازیاری پێکەوەژیانی هەر سێ نەتەوەی کورد، عەرەب و تورکمانین ئەوانەی خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکەن، نەک لەلایەن حکوومەتەکانەوە بەزۆر لە ناوچەکە نیشتەجێکراون.



بەشێک لە عەرەبە هاوردەکان بەڕۆژ حەشد و بەشەو داعشن

گرێکوێرەی چارەسەری کێشەکان کەرکووکە

کرمانج عەبدوڵڵا بەڕێسی لقی 23ی پارتی دیموکراتی کوردستان ئاماژە بەوە دەکات کە سنوورەکەیان بەهۆی عەرەبی هاوردەوە تووشی مللانێی نەتەوەیی و سیاسی بووە و جەختیش لەوە دەکاتەوە کە گرێکوێرەی چارەسەری کێشەکان، کەرکووکە. لەبارەی بارودۆخی مەخموور و کێشەکانی ئەو ناوچەیەدا دەڵێت: سنووری قەزای مەخموور زیاتر لە 200هەزار کەس دانیشتوانیەتی و پێکهاتەی ناوچەکە زیاترینیان کوردن و بەشێکیان عەرەبن، پێکهاتەی کاکەییەکانیش هەر لەوێن و زۆربەیان دەکەونە شارۆچکەی سفەییە، لە ڕووی ئاینییشەوە و موسڵمان و کاکەیی هەیە کە ئەم پێکهاتانە لە دێزەمانەوە بە باشی ژیاون تا ساڵانی شەستەکان کە پڕۆسەی تەعریب دەستیپێکرد، دوای ئەوە تۆزێک مللانێی خستە نێوان پێکهاتەکان و ئەمەش وایکرد زۆربەی ماڵی کوردەکان بسووتێنرێت.

عەرەبەکانی سنووری مەخموور دوو بەشن

قەزای مەخموور بەهۆی گرنگی بوونی لەڕووی جوگرافی و سیاسی و نەتەوەیی و هەبوونی مادەی جۆربەجۆرەکانی سەر زەوی و ژێرزەوییەکەی بەتایبەت نەوت، بۆیە بەدرێژایی میژوو هەوڵدراوە زۆربوونی دەسەلاتە یەک بەدوای یەکەکان و ئەم دەڤەرە بە تەواوی گوند و ناحیەکانی بۆ چەندین جار لەلایەن دەسەلاتی رژێمی بەعسەوە بەرشاڵاوەکانی تەعریبکردن و ڕاگواستن کەوتووەتەوە، بەعس تەواوی هەوڵەکانی خستبووەگەڕ بۆ گۆڕینی جوگرافیا و دیمۆگرافیای سنوورەکە، هەر لەم هەوڵەشدا چەند گوندێکی لە ناحیەی قەراج و دیبەگە دابڕاند و خستیە سەر ناحیەی سەرگەرانی پارێزگای کەرکووک، سەرەڕای هێنانی عەرەبی هاوردە بۆ سنوورەکە و گۆڕینی ناوی گوند و شوێنە گشتییەکان لە کوردییەوە بۆ عەرەبی و هاوکات قەدەغەکردنی خوێندن بە زمانی کوردی و کردنی بە زمانی عەرەبی، هەر لەمبارەیەوەش کرمانج عەبدوڵڵا دەڵێت: عەرەبەکانی ئێرە دوو بەشن، بەشێکیان عەرەبی ڕەسەنی ناوچەکەن بە تایبەت ئەوانەی لە سنووری قەراج و مەخموور نیشتەجێن، بەشێکیشیان دوای ساڵی 1963هاتن و بەشێک لە خاکی کوردیان داگیر کرد، بۆیە دوای پڕۆسەی ئازادکردنی عێراق، بەشێکی زۆر لەو عەرەبە هاوردانە ناوچەکەیان چۆڵکرد تا ساتی پەیدابوون و هاتنی گرووپە تیرۆریستییەکانی داعش، ئەوکاتە ئەوانەی عەرەبی هاوردەبوون، بوونە بەشێک لە داعش، واتا داعش لەو سنوورە بەشێکی زۆر ئەو عەرەبە هاوردانەی لەخۆگرت کە پێشتر ماڵ و موڵکی خەڵکی ناوچەکەیان داگیرکردبوو، هەر بۆیەش بەشێک لە بەردەوامبوونی داعش، بوونی ئەو عەرەبە هاوردانە بووە، بەداخەوەش دوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر دیسان بەشێک لەو عەرەبە هاوردانە جارێکی دیکە ماڵ و موڵکی کوردەکانییان داگیرکردەوە.

پێویستە سەرژمێری ئەنجام بدرێت و دواتر ڕاپرسی

بەڕێسی لقی قەرەچووغی پارتی، پێیوایە گرێکوێرەی کێشەکان کەرکووکە و ئەگەر کێشەکانی کەرکووک چارەسەر بکرێت ئەوا دەتواندرێت کێشەکانی دیکەش چارەسەر بکرێن و دەشڵێت: پەرلەمانی عێراق هاتوونەتە سەرخەت و لە بەغداش داوا کراوە کە ئاگاداری پارێزگاری کەرکووک کراوە کە دەست لەم کارە (پڕۆسەی بە تەعریبکردن) هەڵگرێت، بەڵام ئەو بەعەقڵییەتێکی شۆڤێنی خەریکی تەعریبکردنە، بۆیەش ئێمە پێمان وایە دەستوور لە سەرووی هەموو یاسایەکە و لە دەستوور ئەو ناوچانە بە ماددەی ١٤٠ هەژمارکراوە و دەبێت ڕێکارە یاساییەکان ئەم بابەتە چارەسەر بکات و سەرەتا دۆخەکە ئاسایی بکرێتەوە، پاشان سەرژمێری ئەنجام بدرێت و ئینجا ڕاپرسی بکرێت.

دەبێ تەعریب بوەستێندرێت

کرمانج عەبدوڵڵا دەشڵێت: 'خەڵکی ڕەسەنی ئەو ناوچانە هەموو یەکتر دەناسن، بۆ نموونە گوندی پەلکانە و شەنەغە لە سنووری مەخموور هەموو ئەوانە یەکتر دەناسن و خاوەن موڵک و زەوییەکان کە کوردن، قۆچانی ڕەشیان هەیە واتا قۆچانی سەردەمی عوسمانییە و پێش دروستبوونی دەوڵەتی عێراقە، بۆیە بەداخەوە پێویستە ئەم بابەتی تەعریبکردنە ڕابوەستێت و خەڵک بتوانن بگەڕێنەوە سەر زێدی خۆیان. ئاماژە بەوەش دەکات کە ئەو کێشانەی ئێستا هەیە، دەرهاوێشتەی ئەو گیروگرفتانەیە کە لە ڕابردوودا لە ناوچەکە هەبووە و چارەسەر نەکراون، ئەوەش دەخاتەڕوو عێراق بەڕەو ولاتێکی تایفی دەڕوات و پێکهاتەکانی وەکو کورد و تورکمان پشتگوێخراون و لەمبارەیەوە کرمانج عەبدوڵڵا دەڵێت: لە بنەڕەتدا، ئەو کێشانە وەک پێویست چارەسەر نەکراون و ئەوانەی ئێستاش دەرهاوێشتەن، هەموو گەلی عێراق چاوەڕێی ئەوەبوون دوای پڕۆسەی ئازادکردنی عێراق، هەموو پێکەوە بژین، بەداخەوە وردە وردە خەونەکان لە گۆڕان و عێراق بەڕەو ولاتێکی تایفی ڕۆیشت و پێکهاتەکانی دیکەی وەک کورد، تورکمان و ئەوانی دیکە پشتگوێخران، زۆربەیان لە هەرێمی کوردستان لە هەولێر و دهۆک دەژین، لەکاتێکدا بەپێی هەموو بەڵگەنامە میژوویییەکانی سەردەمی عوسمانی هەموو سنووری دیاریکراون، بۆیە پێویستە پڕۆسەی سیاسیی عێراق بەو ئاراستەیەدا بڕوات کە خزمەتی هەموو پێکهاتەکان بکات.

جموجۆڵی گرووپە تیرۆریستییەکان لە زیادبوونە

ماوەیەکە جموجۆڵی گرووپە تیرۆریستیەکان لەو ناوچەیەدا ڕوو لە زیادبوونە و بەردەوامیش هێزەکانی هاوپەیمانان و هێزەکانی پێشمەرگە ئۆپەراسیۆن دژی گرووپە تیرۆریستییەکان ئەنجام دەدەن، بەڕێسی لقی 23ی پارتی ئاشکرای دەکات کە گرووپە تیرۆریستییەکانی داعش شانەی نوستوویان لەناوچەکەدا زۆرە و لەبارەی ژمارەی چەکدارەکانیش دەڵێت: ناتوانی چەکدارەکان بە ژمارە بزانرێت، بەڵام شانەی نوستوویان زۆرە، کاتی خۆیشی لە مووسڵ چەند کەسێک بوون داخل بوون بەڵام کە گەیشتنە ناو مووسڵ بە سەدان شانەی نوستو پاڵپشتیان کردن.

دەشڵێت: دوای 16ی ئۆکتۆبەر بەشێک لەو عەرەبە هاوردانەی کە پێشتر لەو ناوچانە بوون و دوای پڕۆسەی ئازادی عێراق شوێنەکەیان چۆڵکرد، ئەوان ئێستا بەشەو داعشن و بەڕۆژ هەندێکیان لەگەڵ حەشدی شەعبی، یان لەگەڵ هێزە عێراقییەکانن و بەداخەوە لە یەک کاتدا دوو ئامانج دەپێکن کە یەکێکیان کاری تیرۆریستی و یەکێکیان کاری تۆڵەکردنەوە.

دەبێ هێزی پێشمەرگە ناوچەکە بپارێزێت

بە گوتەی کرمانج عەبدوڵڵا، ئێستا گرووپە تیرۆریستییەکانی داعش دووبارە خۆیان ڕێکخستووەتەوە و مەترسیدارترن لە پێشووتر و دەشڵێت: ئێستا داعش لە سەرەتای هاتنی مەترسیدارترە، چونکە دووبارە خۆی ڕێکخستووەتەوە بە ڕۆژ و بەشەو لە داقوق و شنگال وجودیان هەیە، جگە لە شەقامی سەرەکی کە بەدەست هێزە عێراقییەکانەوەیە، بەڵام گوند و ناوچەکان داعشی تێدایە، هۆکارەکەیشی ئەوەیە کە دەبوو هێزەکانی پێشمەرگە و هێزە عێراقییەکان ئەو ناوچانە بپارێزن، چونکە هێزە عێراقییەکان بە تەنیا شارەزای ناوچەکە نین و خەڵکیش وەک پێویست هاوکارییان ناکەن.

مەخموور یەکێک لە شارۆچکەکانی پارێزگەی هەولێر، کە زۆربەی دانیشتوانەکەی کوردن، ناوەندی قەزاکەی مەخموورە کە بە دووری 56کیلۆمەتر دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای پارێزگای هەولێر. ئەم قەزایە لە باکوورەدا لەگەڵ قەزاکانی دەشتی هەولێر و خەبات، لە باشووردا لەگەڵ ڕووباری دیجلە، لە ڕۆژهەڵاتدا لەگەڵ زێی بچووک و لە ڕۆژئاوادا لەگەڵ زێی گەورە هاوسنوورە.



بەمەبەستی دەربڕینی ناڕەزایی بەرامبەر بڵاوکردنەوەی وێنەیەکی کاریکاتێر لە ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەتی سعوودییەوە وێنەیەکی کاریکاتێر وەک سووکایەتیی پێ کردن بە مەرجەعی بااڵی شیعە لە عێراق، عەلی سیستانی لەلایەن ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەتی سعوودییەوە، سەدان هاوواڵتی لە ڕۆژهەاڵتی ناوچەی سەوز ناوەڕاستی بەغدای پایتەختی عێراق خۆپیشاندانیان ئەنجامدا.

دوێنێ یەکشەممە سەدان هاوواڵتی عێراقی لە ڕۆژهەاڵتی ناوچەی سەوز ناوەڕاستی بەغدا گردبنەوە و بەرامبەر بڵاوکردنەوەی وێنەیەکی کاریکاتێر لە ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەتی سعوودیی ناڕەزایەتییان دەربڕی.

لەو وێنە کاریکاتێردا کە ڕۆژی هەینی ڕابردوو ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەت بڵاوکرابوویەوە، پیاوێکی ئایینی ڕیشسپی دەردەکەوێت کە مەقەستێکی بە دەستەوەیە و زنجیرەیەک لەنێوان دوو فارگۆنەی شەمەندەفەر دەپچڕێنێت کە لەسەر یەکێک لە فارگۆنەکان نووسراوە "عێراق" و لەسەر ئەوەی دیکەیش نووسراوە "سەروەری".

ئەو وێنەیە وەک سووکایەتیی پێ کردن بە کەسایەتیی عەلی سیستانی لە قەڵەم دراوە کە ئەوەیش ناڕەزایەتی هاوواڵتیانی عێراقی لێکەوتووەتەوە.

خۆپیشاندەران لە دەروازی ڕۆژهەاڵتی ناوچەی سەوز گردبنەوە کە لەمیانیدا هەوڵیان داوە بچنە ناوچەکە بۆ ئەوەی هەڵبکوتنە سەر باڵیۆزخانەی سعوودیە، بەاڵم لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە ڕێگریان لێکراوە و دوور خراوەنەتەوە.

لەمبارەیەوە یەکێک لە ڕێکخەرانی خۆپیشاندانە بە ناوی ئەمجەد حوسەینی ڕایگەیاند: عەلی سیستانی بۆ عێراقییەکان، هێڵی سوورە و ڕێگە نادەین بەهیچ شێوەیەک سووکایەتیی پێ بکرێت لە کاتێکدا سعوودیە بە ئامانجی بڵاوکردنەوەی فیتنە تیرۆریستانی ڕەوانەی عێراق کردووە.

ئەمجەد حوسەینی ئاماژەی بەوەیش دا کە لە میانی خۆپیشاندانەکەدا، ڕووبەڕووبوونەوە لەنێوان خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکاندا ڕوویداوە کە بەهۆیەوە حەوت خۆپیشاندەر بریندار بوون.

هاوکات ئەفسەرێک لە پۆلیسی بەغدا بە پلەی نەقیب کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت بە ئاژانسی ئانادۆڵوی ڕاگەیاندووە کە لە میانی خۆپیشاندانەکەدا، خۆپیشاندەران هەوڵیانداوە، هەڵبکوتنە سەر ناوچەی سەوز، بەاڵم لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە بڵاوەیان پێکراوە. گوتیشی: فەرمانمان پێکراوە کە باڵەخانەکانی نێردە دیپلۆماتییەکان لە ناوچەی سەوز بپارێزین و ڕێگە نەدەین خۆپیشاندەران بچنە ناوچەکەوە.

بەهۆی بڵاوکردنەوەی کاریکاتێرێک لە ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەتی سعوودییەوە

خۆپیشاندەرانی شیعە هەوڵی چوونە ناو ناوچەی سەوزی بەغدا دەدەن

پسپۆڕێکی ئابووری:

حکوومەتی عێراق بەهۆی تەنگژەی دارایی خۆیەوە دەیەوێ ڕێککەوتن لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان دوابخات

خەبات/ مەریوان نەقشبەندی

لە لێدوانێکیدا بۆ کەناڵێکی تەلەفزیۆنی عێراق پسپۆڕێکی ئابووری دەڵێ: حکوومەتی عێراق بە قورسترین بارودۆخی تەنگژەی ئابووریدا تێدەپەڕێت و ئەوەش وایکردووە کە لە مەسەلەی ڕێککەوتن لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان پەلەنەکات و خۆی دوادەخات.

دکتۆر مەحمود داغر پسپۆڕی ئابووری و بەڕێوەبەری گشتیی پێشوو لە بانکی مەرکەزی عێراق لە لێدوانێکدا بۆ کەناڵێکی عێراقی باسی هۆکاری دواکەوتنی موچەی فەرمانبەرانی عێراقی و تەنگژەی دارایی ئەمڕۆی حکوومەتی مستەفا کازمی دەکات و دەڵێت: حکوومەتی پێشووی عێراق لە سەردەمی عادل عەبدولمەهدی بڕێکی ئێجگار زۆر پارەی بۆ (انفاق) خەرج کردووە کە لە 92ملیار زیاتر بوو، بۆیە کازمی حکوومەتێکی خەزێنە بەتاڵی وەرگرت و دابەزینی نرخی نەوت و بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆناش بووە هۆی ئەم تەنگژە دارایییەی ئەمڕۆ، کە من پێشبینی دەکەم ئەم تەنگژەیە نزیکی ساڵێک یان زیاتر بخایەنێت و جۆرێک لەشیرزەییش هەیە لەحکوومەتی ئێستا سەبارەت بەمامەڵە لەگەڵ دۆلار و دینار و نرخی دیناری عێراقی و چۆنیەتی تەمویلی دام و دەزگاکانی حکوومەت. ئێستا حکوومەتی عێراق دوای پەسەندکردنی بڕیاری قەرزکردن لە ئەنجوومەنی نوێنەران، پێویستە مانگانە بڕی 4ملیار دۆلار قەرز بکات هەتا نرخی نەوت بەرز دەبێتەوە، هەر لەبەر ئەم تەنگژە دارایییە پێشبینی دەکەم حکوومەت ناچار بێت بڕێک لە موچەی فەرمانبەرانی عێراق کەم بکاتەوە و مەسەلەی ڕێککەوتنیش لەگەڵ هەرێمی کوردستان لەبارەی بوودجە و موچەی فەرمانبەرانی حکوومەتی هەرێم دوابخات، چونکە هێشتا لەو شیرزەییە دەرنەچووە کە بەرچاوی ڕوون بێت بۆ ئەوەی بزانێ چەند لە هەرێم وەربگرێت لە داهاتی نەوت و داهاتی سنووورەکان و لەبەرامبەریشدا چەند بدات بە هەرێم.



ڕەوەندی کورد پشتگیری لە یاسای چاکسازی و کارنامەکانی حکوومەت دەکەن



ساسان دەروێش- هەڵەدا


پێکهێنانی کابینەی 9ی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەلایەن ڕێزدار مەسرور بارزانی و خستنەڕووی کارنامەکەی، ئومێدی زۆری بەخەڵکی کوردستان بەخشی، ئەمەش بەهۆی ئەو ئەزموونەی کە لە ڕابردوودا وەک ئەندازیاری ئارامی و ئاسایشی هەرێمی کوردستان و پاراستنیدا ڕۆڵی بالای هەبووە.



شیلان ئاستەیی



جەلال شوانی



ئیسماعیل ئەحمەد

ڕێزدار مەسرور بارزانی وەکو کەسێکی ماندوونەناس و خەمخۆری خەڵکی کوردستان هەمیشە بەدوای ئەلتەرناتیڤێکی تر گەڕاوە بۆ چارەسەری قەیرانەکان و هەوڵەکانی چڕکردۆتەوە و خەڵکیش بە ئومێدەوە لە هەنگاوەکانی دەڕوانن بۆ ئەو نەخشەڕێیەی گرتوویەتیە بەر لە پێناوی بژێوی خەڵک، هەر لە دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکان لەگەڵ بەغداو جەختکردن لە چاکسازی لە هەموو کەرتەکانیشدا بەردەوامە. و ئامانجیش لەم هەنگاوەی کە خواستی زۆرینەی خەڵکی کوردستانە بیهێنێتەدی لە دادپەروەری و پاراستنی مافی موچەخۆرانی شایستەو ڕاستەقینەکان و هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو کارانەی بەنایاسایی کراون. هەنگاوە کردەییەکانیشی بۆ جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی لە 1ی تەموز 2020کەوتە بورای جێبەجێکردن، لە ڕوانگەی بیروبۆچوونی جیاوازی ڕەوەندی کورد بۆ پشتگیریکردن لە یاسای چاکسازی چەند کەسێکی دانیشتووی ئەوروپا بەمشێوەیە بۆ خەبات دوان:


سەرەتا جەلال شوانی دانیشتووی ولاتی بەریتانیا لەمبارەیەوە گوتی: پرۆژەی چاکسازی بریتییە لە خاڵێکی وەرچەرخان لە شێوازی بەڕێوەبردنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پێویستە ئەم پرۆژەیە لە هەموو سێکتەرەکانی هەرێم بکرێت نەک تەنها لە بواری مووچە، من پێمواید گرنگ نییە کێن و چین ئەوانەی کە زەرەرمەند دەبن، گرنگ ئەوەیە پرۆسەکە بکرێ، ئەو تاوانە لەناوببرێت، ئەوەی پێی ناخۆشە تەنها دز و گەندەڵەکانن، یەکێک لە خاڵە نەپێنییەکانی پرۆژەی چاکسازی دژی گەندەڵی دووبارە دروستکردنەوەی تاکی کورد لەسەر بنەمای نەتەوەیی و نیشتیمانپەروەری و ئینتیمابوون بۆ خاک و نیشتیمان، گەندەڵکاران نەک تەنها سامانی ئەم گەلەیان بردووە، بەڵکو هەستی نیشتیمانپەروەریشیان شێواندووە، بەداخەوە زۆرکەس ئاگاداری خاک و نیشتیمان نەماوە، بۆیە پێویستە بەشی سەرەکی چاکسازی من پێموایە دەبێ لە تاکی کۆمەڵگە بکرێت .

هەروەها خاتوو شیلان ئاستەیی دانیشتووی شاری لەبارەی پرۆسەی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان بە خەباتی ڕاگەیاند: ئێمەی کورد ئەوانەی خەمخۆری خاک و نەتەوەین کە بە ساڵەهای ساڵە لە هەندەران دەژین، زیاتر هەست بە ژانێک دەکەین کە ئەویش ژانی بێ وڵاتیە، ئەوەشی هەمانە قەدری نازانین لە هەبوونی هەرێمی کوردستان، کەسانێک بوونەتە گەندەڵ، بۆیە ئەم چاکسازییە پێویستە و پشتگیری تەواوی لێدەکەین، قەیران لەسەر قەیران بەرۆکی گرتووین و ناتوانین هەنگاو بەرەوپێشەوە بنێین، من وەک خۆم دوو دەیەیە لە دەرەوەی کوردستان دەژیم و لە دوو وڵاتی زلهێز و دەوڵەمەندیش چاکسازی کراوە و بودجەو موچەی زیادە لە زۆر کەس و شوێن بڕاوە کە بە ڕەوا نەدەبینرا پێیان بدرێت، وەک بەریتانیا و کاتێک دێیڤید کامیرۆن هاتە سەر دەسەڵات دەستی کرد بەچاکسازی و زۆریش پێویست بوو کە چاکسازی بکرێت کە تا ئێستا بەردەوامەو بەریتانیای ڕزگار کرد لە شکستی گەورەی ئابووری و دەبێت هەموو کورد پشتگیر بێت لەم هەنگاوە پیرۆزە .

پاشان ئیسماعیل ئەحمەد دانیشتووی بەریتانیا لەمبارەیەوە گوتی: هەروەک ئاشکرایە یاسای چاکسازی کەوتە واری جێبەجێکردنەوە، پێویستە حکوومەت و پەرلەمان و هەموو ئەوانەی پەیوەستن بەم جێبەجێکردنە بە ئیرادەیەکی بەهێزی کوردستانیانەوە بێ گوێدانە ئەوانەی زەرەرمەند دەبن کە تائێستا سوودمەندبوون و بوونەتە دێوەزمەیەکی ناشرین لەسەر ژیانی کوردستانیان و حزبەکانیان، کە جیا لە سوودی خۆیان هیچ سوودێکیان بۆ کوردستان و حزبەکانیشیان نەبووە، پێویستە لە دوای هەر کاردانەوەیەک و ڕێگرییەک لەلایەن گەندەڵکاران ڕێکاری یاساییان لەبەرامبەر بگیرێتەبەر و سزابدرێن، چونکە ئەمانە بوونەتە هۆی خراپیی ژیانی کوردستان و بارگرانی بە سەر حکوومەتەوە، کە نەتوانێ مووچەی فەرمانبەرانی بدات. بۆیە ئێمەش وەک کوردانی تاراوگە پشتگیری خۆمان دەردەبڕین و پیرۆزبایی گەرم لە حکوومەت دەکەین بۆ ئەم هەنگاوە پیرۆزەی و سەرکەوتن و ئومێد دەخوازین بۆ کاک مەسرور بارزانی .

دووڕخستنەوەی فالح فەیاز لە هاوکێشەی ئێران و ئەمەریکادا

مستەفا کازمی ئاییندەی حەشدی شەعبی بە کوێ دەگەیەنێت؟



خەبات: زانکۆ جاف

پاش نزیکەی 10ساڵ مانەوە لە سەرۆکایەتیکردنی گەورەترین و هەستیارترین دەزگا ئەمنییەکان لە عێراق، فالح فەیازی سیاسەتمەداری نزیک لە تاران لە هەردوو پۆستی، سەرۆکی دەزگای ئاسایشی نیشتمانی و ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی عێراق دوورخرایەوە. لەلایەکی دیکە لەبارەی پەیوەندییەکانی سەرۆک وەزیران لەگەڵ حەشدی شەعبی لە کۆتایی مانگی حوزەیراندا، فەرماندەی فیرقەی 17ی سوپای عێراق پەیامێکی نهێنی بۆ هات، کە تێیدا ئاماژە بۆ ئەوە کرابوو هێزەکانی دژەتیرۆر لە بەرەبەیانی ڕۆژی پێنجشەممە 26ی حوزەیران ئۆپەراسیۆنێکی "لەناکاو و تایبەت" ئەنجامدەدەن. ئامانجی هێرشەکە ئەو شتە بوو کە فەرماندەکەی ڕاچڵەکاند، واتە بارەگایەکی کەتیبەکانی حیزبوڵڵا لە ناوچەی ئەلبوعەیسەی بەغدا.

هەنگاوە مەترسیدارەکانی کازمی

پاش نزیکەی 10ساڵ مانەوە لە سەرۆکایەتیکردنی گەورەترین و هەستیارترین دەزگا ئەمنییەکان لە عێراق، فالح فەیازی سیاسەتمەداری نزیک لە تاران لە هەردوو پۆستی، سەرۆکی دەزگای ئاسایشی نیشتمانی و ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی عێراق دوورخرایەوە. هەواڵی بڕیاری دوورخستنەوەی فەیاز، کە نووسینگەی مستەفا کازمی سەرۆکوەزیرانەوە دەرچووە، میدیاکانی عێراقی تەنی، پاش چەند ڕۆژێک لەو دەنگۆیانەی کە باسیان لەوە دەکرد، کازمی بەنیازە هەڵمەتێکی ڕێکخراو بکات بۆ سنووردارکردنی دەستی ئێران لە دامەزراوەکانی دەوڵەتی عێراقدا، بەر لەوەی لە کاتێکی دواتری ئەم مانگەدا سەردانی وڵایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بکات.

چ لایەنێکی تر دەکرێنە ئامانج

دوای بڕیارەکەی کازمی، ئەوەی بەدەست فەیازی ئەندامی پارتی دەعوەی ئیسلامییەوە ماوەتەوە تەنیا سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبییە. دەستەی حەشدی شەعبی چەندین گرووپی سەر بە ئێران لە خۆ دەگرێت، کە تۆمەتبارن بە کوشتنی عێراقییەکان لەکاتی خۆپیشاندانەکانی ناڕەزایەتی ماوەی ڕابردوودا. ئەوانەی چوونەتە جێگەی فەیاز لە پۆستەکانی پێشوویدا، هەریەکە لە قاسم ئەعرەجی وەزیری پێشووی ناوخۆ و سەرکردەی ڕێکخراوی بەدر کە پۆستی ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی وەرگرتووە، لەگەڵ عەبدولغەنی ئەسەدی، سەرۆکی پێشووی دەزگای دژە تیرۆرە کە بووەتە سەرۆکی دەزگای ئاسایشی نیشتمانی.

شەقامی عێراقی چی دەڵێ؟

هەنگاوەکانی کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی فەیاز، پێشوازییەکی بەرچاوی لەلایەن زۆرینەی عێراقییەکانەوە لێکرا، بەتایبەت بەشدارانی ناڕەزایەتییەکانی ماوەی پێشوو کە پێیانوایە فەیاز بەشدارە لە لێدانی چالاکڤانان و خۆپیشاندەران لە ئۆکتۆبەری ڕابردوو. لە ڕاپۆرتێکی پێشووی پەیمانگای واشنتۆن بۆ سیاسەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە چەند ڕۆژێکی کەم پاش دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکان بلاوکرایەوە، فەیاز وەک یەکێک لەو کەسانە ناوی هاتووە کە دەستی هەبووە لە کوشتنی خۆپیشاندەران و ناوی چەندین کەسی دیکەش لە سەرکردەی میلیشیاکانی سەر بە تاران لە ڕاپۆرتەکەدا هێنراوە.

بۆچوونی شرۆڤەکاران

ئەیاد عەنبەری، شرۆڤەکاری سیاسی، هەنگاوەکەی کازمی بە گرنگ ناوەبات و دەڵێ: "سەرۆکوەزیران کارێکی گرنگی یەکلاکردەوە کاتێک ئەو دەسەڵاتانەی لە فەیاز سەندەوە کە چەندین ساڵ بوو لە ژێر کۆنترۆڵی ئەودابوون". عەنبەر زیاتر قسەی کردووە، دەڵێت: "هەنگاوە نوێیەکان، هاوکاردەبن بۆ باشتربوونی توانای ئەو دوو دەزگا ئاسایشییە، بەتایبەت کە لە ماوەی ڕابردوودا زۆر بەدەست ڕۆژهن و ئاستی ناجێگیرەوە". عەنبەر پشتگیری دەستنیشانکردنی ئەعرەجی کرد، چونکە ئەزموونی لە مامەڵەکردن لەگەڵ دۆسیەکانی ئاسایشدا هەیە، بەڵام هەمان هەستی بەرامبەر کارە نوێیەکەی ئەسەدی پێشانەدا کە ماوەیەکی کەم بەر لە ئێستا لە پۆستەکەی پێشووی خانەنشینکرابوو.

هەنگاوەکانی دیکەی کازمی

بەپێی سەرچاوە ئەمەریکییەکان، ئەمە دوایین هەنگاوەکانی کازمی نییە بۆ دەستهێنان بە دامودەزگا ئاسایشییەکاندا. پەیمانگای تۆڕینەوەی جەنگ لە واشنتن دەڵێت: "کازمی بەنیازە لە سێ مانگی داهاتوودا، دەست بەهەڵمەتێکی هاوئاهەنگیکراو بکات بۆ گۆڕانکاری لە هەزاران پۆستی بەرزی دەوڵەتدا، ئەمەش لە چوارچێوەی هەوڵەکانی بۆ نەهێشتنی گەندەڵی و سنووردارکردنی دەسەڵاتی میلیشیا چەکدارەکانی سەر بە ئێران لە دامەزراوەکانی دەوڵەتدا". بەپێی سەنتەرەکە، دیارترین و یەکەم هەنگاوەکانی ئەو هەڵمەتە کەنارخستنی فالح فەیازە، کە لە ڕێگەیەوە کازمی بە ئەمەریکا دەڵێت هاوبەشێکی ئاسایشیی باوەڕپێکراوە.

ئامانجی داهاتوو

لە هەفتەی کۆتایی مانگی ڕابردوودا، فەرماندەی فیرقەی 17ی سوپای عێراق پەیامێکی نهێنی بۆ هات، کە تێیدا ئاماژە بۆ ئەوە کرابوو هێزەکانی دژەتیرۆر لە بەرەبەیانی ڕۆژی پێنجشەممە 26ی حوزەیران ئۆپەراسیۆنێکی "لەناکاو و تایبەت" ئەنجامدەدەن. ئامانجی هێرشەکە ئەوە بوو کە فەرماندەکەی ڕاچڵەکاند، واتە بارەگایەکی کەتیبەکانی حیزبوڵڵا لە ناوچەی ئەلبوعەیسەی بەغدا. هێرشەکە کاژێر 05:00ی بەرەبەیان بەڕێوەچوو، 120چەکداری دژەتیرۆر بە 20هامەری سەربازی دەوری بارەگاکەیان گرت. ئۆپەراسیۆنەکە تەنیا 17خولەکی خایاند و چەکدارانی حیزبوڵڵا هیچ بەرگرییەکیان نەکرد و 14 چەکداریان لێ دەستبەسەرکران. ئەو ئۆپەراسیۆنە و وەڵامی دواتری کەتایب دەریدەخات حکوومەتی ئێستا و داهاتووی عێراق چ ئەرکێکی قورسیان بۆ کۆنترۆڵکردنی میلیشیاکانی حەشد لە پێشە. ئەندامێکی هێزی ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکانی عێراق، بە ڕۆژنامەی (واشنتۆن پۆست)ی ئەمەریکی دەڵێت "ڕاستیتان دەوێ دڵمان زۆر خۆشبوو، دەبووایە پێشتر کەسێک بەرەنگاریان ببێتەوە"، سەبارەت بە دەستنەکردنەوەی هێزەکانی حیزبوڵڵاش ئاماژەی بۆ ئەوە کرد "ئەمە قۆناخێکی نوێیە و ئێستا دەزانن هێرشەکانیان (بۆ سەر دامەزراوە دیپلۆماسی و سەربازییەکان) لێکەوتەی دەبێت".

مایکڵ نایتس، شارەزای کاروباری ئەمنی عێراق لە پەیمانگەی واشنتۆن، لە لێدوانێکدا بۆ (واشنتۆن پۆست)ی ئەمەریکی دەڵێ "پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەو ساتەوەختە دەبێ وەک سووککردنی میلیشیاکان یادی بکرێتەوە، لەبەرئەوەی حکوومەت جەرگی ئەوەی هەبوو کۆمەڵێک لە تاوانکاری ئەو میلیشیایانە دەستگیر بکات، یان دەبێ وەک ڕۆژی تەراتێنی میلیشیاکان لە ناوچەی سەوز ببینرێت، وەک ئەوەی خۆیان خاوەنی ناوچەکە بن و کەسانی خۆیان نازاد بکەن؟" بەشێکی زۆر لە گرووپەکانی حەشدی شەعبی، کە بە هێزەکانی مەرجەعییەت ناسراون و سەر بە نەجەفن، لەژێر فەرماندەیی هێزە ئەمنییەکانی حکوومەت کاردەکەن و چەک و مووچە لە حکوومەت وەردەگرن. بەڵام بەشەکەی دیکەی حەشد، کە بە تەوەری موقاوەمە ناسراون و لە ئێرانەوە نزیکن، ئامادەنین دەست لەو سەربەخۆییە هەڵگرن کە لەڕووی فەرماندەییەوە هەیانە. میلیشیاکانی سەر بە تەوەری موقاوەمە لە چەند مانگی ڕابردوودا تۆمەتبارکراون بەوەی دامەزراوە دیپلۆماسی و سەربازییەکانی ئەمەریکایان لە عێراق کردووەتەوە ئامانج. بڕیارە ئەم مانگە گەڕی دووەمی دانیشتنەکانی دیالۆگی ستراتیژیی ئەمەریکا و عێراق بەڕێوەبچێت، کە تێیاندا پێگە و ئەرکی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق و پاراستنی ئاسایشیان خاڵێکی سەرەکی ئەجێندای دانیشتنەکانە، لەکاتێکدا مستەفا کازمی، سەرۆکوەزیرانی عێراق دەزانێ وڵاتەکەی بۆ بەرگەگرتنی قەیرانی دارایی ئێستا و بۆ شەڕی پاشماوەکانی داعش پێویستی بە یارمەتی ئەمەریکییەکانە.



سیستمی پاتریۆت بالیۆزخانەی ئەمەریکا لەبەغدا دەپارێزێ

خەبات/ مەریوان نەقشبەندی

شەوی ڕابردوو بەموشەک هێرش کرایە سەر بالیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا و سیستمی دژەموشەکی پاتریۆتی ئەمەریکیش کاریگەریی ئەو موشەکانەی پووچەڵ کردەوە

سەرچاوەیەک لە وەزارەتی ناوخۆی عێراق ڕایگەیاند شەوی ڕابردوو موشەکێکی کاتیۆشا ئاراستەی بالیۆزخانەی ئەمەریکا کراوە و سیستمی دژەموشەکی ئەمەریکاش (پاتریۆت) کە تازە لەناو بالیۆزخانەکەدا دانراوە و خراوەتە ئیش لەسەر ئۆپەراسیۆنی سوپای تورکیا لەناو خاکی هەرێمی کوردستانی عێراق دراوەتە بالیۆزخانەی تورکیا لە بەغدا و داوای لەحکوومەتی تورکیا کردوە ڕێز لە سەروەریی عێراق بگرن و هێرش و بۆردومانەکان ڕاگرن و دووپاتیشی کردۆتەوە کە عێراق مافی وەڵامدانەوەی گونجاو بۆ خۆی دەهێڵێتەوە کە لەناو ئەگەرەکاندا سزای ئابووری و بازرگانی تورکیایە لە ڕێگەی ئالۆگۆڕی بازرگانی لە سنووری هەردوو وڵات.

ڕووبەڕووی ئەم موشەکە بووەوە و ئاراستەی موشەکەکەی لەسەر سنووری بالیۆزخانەکە دووڕخستەوە و موشەکەکە لە نزیک کەنالی تەلەفزیۆنی (بیلادی) لە نزیک پردی هەڵواسراو (جسر المعلق) کەوتە خوارەوە و بووە هۆی برینداربوونی منداڵێک. هەمان سەرچاوەش تەئکیدی کردەوە کە موشەکێکیش ئاراستەی سەربازگەی تاجی کراوە، بەڵام هیچ زیانێکی نەبووە .لەلایەکی دیکەشەوە دوێنێ وتەبێژ بەناوی حکوومەتی عێراق ڕایگەیاند کەوا دوو یاداشتی ناڕەزایی

بەهێزکردنی هەماهەنگی نێوان چین و وڵاتە عەرەبییەکان لە بەرەنگاربوونەوەی پەتای کۆرۆنا



نی ڕووچی

کۆنسوڵی گشتی کۆماری چینی میللی لە هەولێر

کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بیر لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کارەساتە لە پەکانی جیهانی لە ڕووی تەندروستی گشتی دەکاتەوە بە شێوازێکی گونجاو لە ڕووبەڕووبوونەوەی بەرەنگاریە مەزنەکان کە بە هۆی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێوە سەریان هەڵداوە. هەروەها بیر لە ئاڕاستەی ڕاستی پەرەپێدانی ڕێکوپێکی نێودەوڵەتی دەکاتەوە لە سەردەمی نوێدا. لە سەردەمی جیهانگەریدا، هەموو وڵاتانی جیهان داهاتوویەکی هاوبەش بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە و خۆشی و ناخۆشی هاوبەشی پێدەکەن: بەڵام لەم قەیرانە ڕاستەقینەخوازەدا، ئاگادار دەکرێنەوە کەوا هیچ وڵاتێك ناتوانێت خۆی دوورە پەرێز بکات. گرینگترین شت کە لەم جەنگەی مرۆڤایەتی دژ بەم پەتایە فێری ببوبین ئەوەیە کە سەلامەتی و تەندروستی و گەشەسەندن و بەرەوپێشچوونی نەتەوەکانی جیهان هیچ کاتێك وەکو ئێستا لەیەك نزیك نەبووە و بەیەکەوە نەبەستراوە،و هیچ کاتێك وەکو ئێستا درکیان بەوە نەکردووە کە هەموو وڵاتانی جیهان لە لادێیەکی جیهانی بچووکدا بەیەکەوە دەژین، و هەموو مرۆڤایەتی لە کۆمەڵگەیەکی خاوەن داهاتوویەکی هاوبەش دەژین و پیویستیان بە هەماهەنگی نێودەوڵەتیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پەتاکە لە بازنەیەکی گەورەتر.

هەر یەك لە چین و وڵاتە عەرەبیەکان بەشداربوویەکی ئەرێنیە لە وەڵامدانەوەی نێودەوڵەتی پەتاکە. دوای بەرپابوونی پەتاکە، چین و وڵاتە عەرەبیەکان پابەندبوون بە دروشمی (سەرەتا گەل و سەلامەتی لە پێش هەموو شت) ، و ڕێوشوێنی بەهێزیان گرتەبەر بە زنجیرەی گرینگ وەکو خۆپارێزی و کەرەنتینکردن و تێستکردن و چارەسەرکردن و بەدواداچوون. هەروەها کارپانکرد لەسەر کەمکردنەوەی کاردانەوەی نەرێنی پەتاکە لەسەر گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی، و دەرئەنجامی ئەرێنیان بەدەستهێنا. باشترین بەڵگە ئەمەیە کە ڕێژەی مردن لە زۆر لە وڵاتە عەرەبیەکان کەمترە بە بەراورد لەگەڵ وڵاتە پێشکەوتووەکان. هەوڵە هاوبەشەکانی چین و وڵاتە عەرەبیەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی پەتاکە و پاراستن و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ بووە، کە هێزی یەکڕیزی نێوان وڵاتە تازە گەشەسەندووەکانی بە هەموو جیهانی نیشاندا .

کاتێك چین لە مەترسیدارترین کاتەکانی بوو لە بەرەنگاربوونەوەی پەتاکە، زۆرێك لە سەرکردە عەرەبەکان و بەرپرسان لە دەستەی وڵاتە عەرەبیەکان و ئەنجوومەنی هەماهەنگی خەلیجی و زۆرانی تر لە ڕێکخراوە هەرێمیەکان نیگەرانی و یەکڕیزی خۆیان بۆ لایەنی چینی دەربڕی، هەروەها حکومەت و نەتەوەی وڵاتە عەرەبیەکان پاڵپشتی هاوکارییان بۆ لایەنی چینی پێشکەشکردووە بە شێوازی جۆراوجۆر. ئەم جۆرە هەست و هەڵوێستە باشانەی لایەنی عەرەبەکان بۆ هەمیشە لە دڵان دەمێنێتەوە. بەپێی ئامارە تەواونەکراوەکان، ڕابەرانی چینی و عەرەبی 23 نامەی نیگەرانیان ئاڵوگۆڕ کردووە، و سەرۆك شی جیپینگ 9 پەیوەندی تەلەفونی لەگەڵ ڕابەرانی عەرەب ئەنجام داوە. و زیاتر لە 60 بەرپرس و چەندین خاوەن کار و کەسایەتی مەدەنی وڵاتە عەرەبیەکان کە لە ئەژمار نایەت پێزانینی خۆیان بۆ ڕێوشوێنەکانی خۆپارێزی چین دەربڕیوە و هانی زیاتری چینیان داوە، و پێزانینێکی بەرزیان بۆ توانی چین لە بەرەنگاربوونەوەی نەهامەتیەکانی تەندروستی گشتی تۆمارکردووە، و پاڵپشتی ڕەوشتی گیانی و مادیی بەنرخیان بۆ چین پێشکەشکردووە.

هەروەها ئەندامانی دەستەی عەرەبی نزیکەی 10 ملیۆن دەمامك و 3.2 ملیۆن جووت دەستەوانە و 100 هەزار جلوبەرگی پارێزەر و 65 هەزار چاویلکەی پارێزەریان بە چین بەخشی. لە بەرامبەر ئەمەشدا، گەلی چین هاوسۆزی خۆی بۆ وڵاتە عەرەبیە زەرەمەندەکان بە هۆی ئەم پەتایەوە دەربڕی، و بە دڵسۆزیەوە پاڵپشتی و هاوکاری پێشکەشکردن. بەپێی ئامارە تەواونەکراوەکان، تاوەکو ئەمڕۆ چین 8.4 ملیۆن دەمامکی جۆراوجۆر و 1.1 ملیۆن کیتسی تایبەت بە تاقیکردنەوەی کۆرۆنا و نزیکەی 300 هەزار جلوبەرگی خۆپارێزی بە وڵاتە عەرەبیەکان بەخشیووە. جیا لەمەش، چەندین کۆبوونەوەی پراکتیکی لە نێوان پزیشکانی پسپۆڕی چینی و 17 وڵاتی عەرەبی و دەستەی وڵاتە عەرەبیەکان و ئەنجوومەنی هەماهەنگی خەلیجی بەستووە، و چین چەندین تیمی پزیشکی پسپۆڕی بۆ عێراق و سعودیە و کوەیت و جیبوتی و جەزائر و سودان و فەڵەستین و چەندین وڵاتی تر ناردووە، و پێداویستی پزیشکی بە 20 وڵاتی عەرەبی بەخشیووە لە نێویاندا میسر و تونس و قەتەر و ئوردن، و هاوکاری عێراق و سعودیە و فەڵەستینی کردووە لە بنیاتنانی تاقیگەی تایبەت بە تێستکردنی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ. لە ڕۆژی 25ی نیسان، ژووریکی تایبەت بە تێستکردنی کۆرۆنا لە ڕێگای سیتی سکان لە پایتەختی عێراق بەغداد بنیاتنرا بە هاوکاری چین.

کاردانەوەی پەتاکە لە چەند بابەتێك ڕەنگ دەداتەوە، چین و وڵاتە عەرەبیەکانیش بە سەختی زەرەمەندبوون. لە ژێر سێبەری ئەم بارودۆخە نوێیە، هەردوولایەنی چینی و عەرەبی زیاتر لە هەموو کاتێك پیویستیان بە یەکخستنی هەوڵەکانیانە بۆ بنیاتنانی گۆمەڵگەیەکی چینی عەرەبی بۆ داهاتوویەکی هاوبەش بەرەو چەرخێکی نوێ، و بەهێزکردنی یەکگرتووی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بەرەنگاریە جیاوازەکان لە کاتی ئێستا و لە داهاتوودا.

بەرپرسیارەتی سەرەکی بریتیە لە بەهێزکردنی ڕێکارییەکانی خۆپارێزی و کۆنترۆڵکردنی پەتاکە. دەتوانن هەردوو لایەن هاوبەشپێکردنی زانیاری و ئەزموون ڕاهێنانە بە سوودەکان بەهێزتر بکەن، و هەماهەنگی کردن لە بواری تێستکردن و چارەسەری کلینیکی و تۆژینەوە و پەرەپێدانی ڤاکسین و دەرمان. لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم پەتایە، چین لە هەوڵی پێشکەشکردنی یارمەتیە بە پێی توانای خۆی بۆ هەموو وڵاتە عەرەبیەکان، کە یارمەتی دەدات بۆ لەخۆگرتنی پەتاکە بە زووترین کات، و بەدەستهێنانی سەرکەوتنی کۆتایی لە جەنگی دژ بە پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ.

لەسەر هەردوو لا پێویستە کە بەردەوام بن لە بنیاتنانی (پشتێنە و ڕێگا) زۆر بە خۆگری، و دەست لە ناو دەست کاربکەن بۆ گەڕاندنەوەی گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی. لە ژێر سێبەری ئەم بارودۆخە نوێیەی ئێستا کە گەواهی هەبوونی هەل و بەرەنگاری لە یەك کاتدا دەدات، پێویستە ڕێگایەك بدۆزینەوە بۆ گونجاندنی ستراتیژیەکانی گەشەپێدان و قۆڵکردنەوەی هەماهەنگی پراکتیکی، و بەهێزکردنی هەماهەنگی لە بوارەکانی پزیشکی و تەندروستی و دووبارە کرانەوەی ئابووری و ژیانەوەی خەڵك، کە وادەکات (پشتێنە و ڕێگا) ببێتە ڕێگەیەك بەرەو گەشەپێدان و هەماهەنگی و تەندروستی.

پێویستە لەسەر هەردوولایەن کە ئاڵای فرە نەتەوەیی بەرز بکەنەوە، و پاڵپشتی ڕۆڵی پێویستی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی بکەن بۆ هەماهەنگی نێودەوڵەتی دژ بە پەتاکە، و پاراستنی ڕۆڵ و شوێنی نەتەوە یەکگرتووەکان ، و هاندانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ هەماهەنگی لە بەرەنگاربوونەوەی پەتاکە و پێدانی وزەی ئەرێنی بەهێز لە پێناو سەرکەوتنی جیهانی لە جەنگی دژ بەم پەتایە بە (بەشداریکردنی چینی عەرەبی).

چین بەردەوام بوو لە هەوڵێستی دادپەروەرانە و بابەتیانەی خۆی دەربارەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەگەڵ هەموو وڵاتەکانی ئەو ناوچە بە شێوەیەکی ڕاستگۆیانە و دڵسۆزانە ماموڵەی کردووە.

چین بە پەرۆشە بۆ بەردەوام بوون لە ڕۆڵەکەی لە پیناو پاریزگاریکردن لە ئاشتی و سەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پاڵپشتیکردنی دادپەروەری و یەکسانی و گەشەسەندنی هاوبەش و بەهێزکردنی سوودمەندبوونی ئاڵوگۆڕکراو، و ئەمەش وا لە وڵاتە عەرەبیەکان دەکات کە هەستی باشیان هەبێت بەرامبەر بە چین، ئەمەش هۆکاری سەرەکیە کە هانی وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەدات کە بە هێزەوە لە پشت گەلی چین بوەستن بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم پەتایە و هەر ئەمەش سەرچاوەیەکی گیانیە بۆ گۆمەڵگای چینی عەرەبی بۆ داهاتوویەکی هاوبەش .

هەر لە سەرەتای دامەزراندنی کۆڕی هەماهەنگی چینی -عەرەبی، وەکو سەکۆیەکی گرینگ مایەوە بۆ گفتوگۆی یەکسانانە و بەهێزکردنی هەماهەنگی کاراداری نێوان چین و وڵاتە عەرەبەکان، و ڕابەرایەتی پێشکەوتنی پەیوەندیەکانی نێوان چین و وڵاتە عەرەبیەکان و جۆلانەوەی بە کۆمەڵی هەردوولایەن لە هەموو بوارەکاندا دەکات. لە ئێستادا، هەردوولایەن بەشداردەبن لە ئامادەکردنی نۆهەمین خولی کۆبوونەوەی وەزاری تایبەت بە کۆڕی هەماهەنگی چینی عەرەبی کە لە 6ی تەموز دەستپێدەکات، و ئاواتەخوازین کە ئەم کۆبوونەوەیە بتوانێت ببێتە هۆی لێکتێگەیشتن و یەکخستنی هەوڵەکان لە نێوان هەردوولایەن، و ببێتە پاڵنەرێك بۆ دروستکردنی کۆمەڵگایەك لە پێناو داهاتوویەکی هاوبەش بەرەو چەرخێکی نوێ، و ڕوکەشێکی جوانتر بۆ پەیوەندیە هاوبەشە ستراتیژیەکانی چینی عەرەبی کە بە دەستکەوتی دۆستایەتیەکی باشتر بۆ نەتەوەکان دەگەڕێتەوە.

چین و عێراق دوو هاوبەشی ستراتیژین، وەکو ئەندامێك لە ئەنجوومەنی وڵاتە عەرەبیەکان، عێراق بەشداری لە چالاکی بنیاتنانی کۆڕی هەماهەنگی چینی عەرەبی کرد بۆ ماوەیەکی دورودرێژ، و هەردوولایەن لەیەکتری فێردەبن و دەستکەوتی هاوبەش بەدەستدەهێنن. لەم چەند ساڵەی دوایدا، بە تایبەت لە دوای بنیاتانی کۆنسوڵگەری گشتی چینی لە هەولێر لەە ساڵی 2014، پەیوەندیەکانی نێوان چین و هەرێمی کوردستانی عێراق بە شێوەیەکی بەرچاو بەرەوپێش چووە. ئێمە پێشوازیەکی گەرم لە هەرێمی کوردستان دەکەین بۆ بەشداریکردن لە چوارچێوەی کۆڕی هەماهەنگی چینی و نەتەوەی وڵاتە عەرەبیەکان و بنیاتانی هاوبەش بۆ دەستپێشخەری لە (پشتێنە و ڕێگا) و کۆمەڵگایەکی خاوەن داهاتووی هاوبەش بۆ چین و وڵاتە عەرەبیەکان، و ئەمەش بە مەبەستی قۆڵکردنەوەی لێکتێگەیشتنی هاوبەش لە نێوان هەردوولایەن و بنیاتانی قۆناغێکی فراوانتر بۆ ئاڵوگۆڕکردن لە بواری هەمەجۆر. با هەماهەنگی بەپێتی کۆڕی هەماهەنگی چینی و وڵاتە عەرەبیەکان سوود بە گەلی هەرێمی کوردستانی عێراق بگەیەنێت.

***ئەم وتارە لە کونسوسڵخانەی چین بۆ (خەبات) نێردراوە**

ژمارەی تووشبووانی کۆرۆنا لە جیهاندا 11 ملیۆن و 388 هەزار کەسی تێپەڕاند

ژمارەی تووشبووانی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ لەسەرانسەری جیهان کە لە شاری وهان سەربە ویلایەتی هۆبی ڕۆژهەڵاتی چین سەریهەڵدا، گەیشتووەتە 11 ملیۆن و 388 هەزار و 673 کەس. بەپێی ماڵپەڕی Worl-dometer کە بە پشت بە ژمارە نوێیەکانی تووشبوون بە پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ دەبەستێت لە جیهاندا، ژمارەی ئەو کەسانەی لە سەرانسەری جیهان بەو پەتایە گیانیان لەدەستداوە گەیشتووەتە، 533 هەزار و 639 کەس و شەش ملیۆن و 445 هەزار و 654 تووشبووش چاکبوونەتەوە. لە سەرانسەری جیهاندا، چوار ملیۆن و 409 هەزار و 380 تووشبوو چارەسەری پزیشکیی وەردەگرن.

جێی باسە ئەمەریکا بەرزترین ژماری تووشبوون و گیانلەدەستدانی بە پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێی تۆمارکردووە کە دوو ملیۆن و 935 هەزار و 982 کەس تووشی پەتاکە تیادایە و 132 هەزار و 318 کەسی دیکەی بەو پەتایە گیانیان لەدەستداوە.



وەزیری بەرگری ئیسرائیل:

دەستمان لە ڕووداوی تەقینەوەی ناو بنکە ئەتۆمییەکانی ئێراندا نییە



وەزیری بەرگری ئیسرائیل، بێنی گانتز سەبارەت بەو ڕووداوەی لە بنکەی ئەتۆمیی ناتانز لە ئێران ڕوویدا ڕایگەیاند «شتێك نییە بەوەی کە هەرچییەك لە ئێران ڕوویدا پەیوەندی بە ئێمەوە هەبێت». بێنی گانتز لە میانی بەشداریکردنی لە بەرنامەیەکی ڕادیۆی ئیسرائیلدا، هەڵسەنگاندنی بۆ ڕۆژەڤ کرد.

وەزیری بەرگری ئیسرائیل، بێنی گانتز لە وەڵامی پرسیارێکدا لەبارەی ئەوەی کە ئایا ئیسرائیل لە پشت ڕووداوەکەی ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردووی ناو دامەزراوەی ئەتۆمیی ناتانزی شاری ئەسفەهانی ئێرانەوەیە؟ ڕایگەیاند: (شتێك نییە بەوەی کە هەرچییەك لە ئێران ڕوویدا پەیوەندی بە ئێمەوە هەبێت).

بێنی گانتز باسی لەوە کرد کە ئێران کە ببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمیی، لە پاڵ ئیسرائیلدا هەڕەشەیە بۆ ناوچەکە و جیهانیش و گوتی: هەموو کارێك دەکەین بۆ بەرگرتن لەوە «پەرەپێدانی چەکی ئەتۆمیی لەلایەن ئێرانەوە» و بڵاوبوونەوەی تیرۆری ئێران.

لەو هەواڵانەی لە ڕاگەیاندی نێودەوڵەتییدا بڵاوکرایەوە، بانگەشەی ئەوە کرابوو کە ئیسرائیل لە پشت ڕووداوەکەی بنکە ئەتۆمیەکەی ناتانزەوە بووە. گوتەبێژی ئەنجوومەنی باڵای ئاسایشی نیشتمانیی ئێران، کەیوان خوسرەوی ئاماژەی بەوە کرد کە هۆکاری ڕووداوەکەی بنکە ئەتۆمییە کەیان دۆزیوەتەوە، بەڵام بە هۆکاری ئەمنیی لە کاتی گونجاودا ڕایدەگەیەنن.



سیستەمەکانی بەرگری ئاسمانی تورکیا لە لیبیا خاپووردکران

سەرچاوە میدایییە لیبییەکان بڵاویان کردووەتەوە، کە سوپای نیشتمانیی ئەو وڵاتە سیستەمی بەرگریی ئاسمانیی هۆك و سیستەمی تەشویشی کۆرالیان بە نۆ هێرشی ئاسمانی، تێکشکاندووە.

ئەو دوو سیستەمە، سوپای تورکیا بۆ پاڵپشتیکردنی حکومەتی ویفاقی نیشتمانیی لیبیا، لە بنکەی ئاسمانیی ئەلوەتییە لە ڕۆژئاوای لیبیا، دایمەزراندوون.

تورکیا لەلایەن پارتی داد و گەشەپێدان، کە پارتێکی سەر بە ڕەوتی ئیخوان موسلیمینە، بەڕێوە دەبرێت بە ناردنی چەك و چەکدار و واژۆکردنی گرێبەستی ئابووریی و ئەمنی، هاوکاریی حکوومەتی ویفاقی نیشتمانیی لیبیا دەکات، کە ئەو حکومەتەی لیبیا لەلایەن سەرکردەکانی ئیخوان موسلیمین پێکهێناوە و لەگەڵ سوپای نیشتمانیی وڵاتەکەی تووشی شەڕی ناوخۆیی بووە. وڵاتانی سعودیە، ئیمارات، میسر و بەحرێن، کە ئیخوان موسلیمینیان خستووەتە ناو لیستی تیرۆرەوە، پاڵپشتیی سوپای نیشتمانیی لیبیا دەکەن.

پارێزگاری هەولێر:

هەفتەی داهاتوو هەڵمەتێک بۆ بڕینی بۆڕی ئاوی زێدەڕۆ دەست پێدەکەین



پارێزگاری هەولێر رایدەگەیەنێت، ئەو کەسانەی بە زێدەڕۆ بۆری ئاویان بۆ ماڵ و باخچە راکێشاوە یان بە هەر هۆکارێک ئاو بەفیڕۆ دەدەن، ئەگەر خۆیان چاکی نەکەن لە هەفتەی داهاتوودا ئیجراتیان لەگەڵدا دەکرێت.

فرسەت سۆفی، پارێزگاری هەولێر لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا رایگەیاند: هەفتەی داهاتوو هەڵمەتێک بۆ بڕینی بۆری ئاوی زێدەڕۆ دەست پێدەکەین، ئەو کەسانەی ئاویان بە زێدەڕۆ راکێشاوە یان تەوافیان نەبەستووە و ئاو بە فیڕۆ دەدەن، ئیجرائاتیان لەگەڵ دەکەین، بۆیە داوا لە هاوڵاتیان دەکەین، پێش ئەوەی ئێمە هەڵمەتە دەست پێبکەین خۆیان بۆری ئاوی زێدەڕۆ ببڕن.

کۆنفرانسی ڕۆژنامەوانی پارێزگاری هەولێر دوای کۆبوونەوەیەکی هات لەگەڵ بەڕێوەبەر و شارەزایانی بواری ئاو لە هەولێر ئاماژەی بەوەشدا: لە کۆبوونەوەکەدا باسمان لە چارەسەری کێشەکانی ئاو کردووە، هەموو هەوڵێک دەدەین، بۆ ئەوەی هیچ کێشەیەکی ئاو لە هەولێر نەهێڵین.

ڕاشیگەیاند: لێپرسینەوە لەگەڵ خاوەنی شوشتنگەکانی ئۆتۆمبێل و فەرش دەکەین و دەبێ ئەوانیش هەندێک ڕێکار هەن بیگرنەبەر.

کۆیە..لەلایەن قائمقامیەت سکاڵایەکی یاسایی لەسەر ئەو کەسەی سووکایەتی بەمارشی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب و دڵداری شاعیرکرد تۆمارکرا

دوێنێ یەکشەممە لە داواکاری گشتی کۆیە لەلایەن قائمقامیەتی قەزای کۆیە، سکاڵای یاسایی لەسەر کەسێك بەناوی (عبدالحمید) کە خۆی بە(کوڕی پاك) ناساندبوو،تۆمارکرا. شایانی باسە ئەو کەسە وەك بانگخوازی ئیسلامی لەقیدۆیەك کەلەتۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بڵاوبۆتەوە دەردەکەوێ و سووکایەتی بەمارشی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب و دڵداری شاعیری دەکات. بۆیە پاڵپشت بەناڕەزایی و داواکاری چالاکوانانی کۆمەڵی مەدەنی شاری کۆیە، دوێنێ مامۆستا یوسف قائمقامی قەزای کۆیە، سکاڵاکەی لەداواکاری گشتی کۆیە لەسەر ئەو کەسە تۆمارکرد.

بارزان ...لەلایەن گروپێکی گەنجانی خۆبەخش سەیرانگەی گەلی زورەگڤان لە پاشماوەکانی گەشتیاران پاک دەکرێتەوە



مسلم دۆڵەمەری – بارزان

گەلی زورەگڤان یەکێکە لەشوێنە هەرە دڵرفێن و گەشتیاریەکانی دەڤەری بارزان ئەویش بەهۆی بۆنی ئاوێکی سازگاری زۆرو داروەردەختێکی دڵگیر کە سااڵنە لەوەرزی هاویندا ژمارەیەکی زۆری گەشتیاران لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان بۆ سەیران و گەشت و گوزار ڕووی تێدەکەن , بەاڵم بەداخەوە لەبەر پابەند نەبوونی گەشتیاران بە ڕێنماییەکانی ژینگەپارێزی ژمارەیەکی زۆری پاشماوەکانیان لەم گەلییەدا بەجێهێشتووە، تاوای لێهات لەلایەن ئەنجومەنی گوندی زورەگڤان و یەکەی ئیدارەی ناوچەکە سەیرانگەی گەلی زورەگڤان بەڕووی گەشتیاراندا داخرا. شایانی باسە دوای داستنی سەیرانگەکە ژمارەیەك لە لاوی گوندی ناوبراو بەشێوەی گروپی خۆبەخشی بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك هەستان بە پاککردنەوەی تەواوی سەیرانگای گەلی زورەگڤان لە پاشماوەکانی گەشتیاران , جێی باسە لەم هەڵمەتەدا ژمارەیەکی زۆری پاشماوەکان کۆکرایەوە کە هەمووی پاشماوەی ئەو گەشتیارانە بووە لە ناوچەکانی تری کوردستان بۆ کات بەسەربردن ڕوویان لەم سەیرانگەیە کردووە.

پارێزگەرێ دهۆکێ دەست خوشی ل ڕێڤەبەر وکارمەند وتیمێن کاری ییێن ساخلەمیێ وپولیس وپولیسێن هاتن وچونێ کر

خەبات دهوك

ب مەرەما گەهاندنا سوپاسی ودەست خوشیێ ل ڕێڤەبەر وکارمەند وتیمێن کاری ییێن ڕێڤەبەریێن ساخلەمیێ وپولیس وپولیسێن هاتن وچونێ دوهی سپێدێ 5/7/2020 د.علی تەتەر پارێزگەرێ دهوکێ ب یاوەریا ماجد سەید صالح جێگرێ پارێزگەرێ دهوکێ ب وەکالەت جودا جودا سەردانا ڕێڤەبەریا گشتی یا ساخلەمیێ وڕێڤەبەریا پولیسێن دهوکێ وڕێڤەبەریا پولیسێن هاتن وچونێ ل پارێزگەها دهوکێ کر ژلایێ ڕێڤەبەر وکارمەندیێن ڕێڤەبەرییێن نافبری پێشوازی لێ هاتە کرن.

ل دەست پێکێ ل ڕێڤەبەریا گشتی یا ساخلەمیێ ل پارێزگەها دهوکێ د.علی تەتەر پارێزگەرێ دهوکێ بنافێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ وکارگێریا پارێزگەهێ دەست خوشی ل ڕێڤەبەر ونوشدار وهەموو کارمەندیێن ساخلەمیێ کر کو ب دلسوزی و وەفاداری خزمەتا خەلکێ پارێزگەهێ کریە وپەسنا کارێ وان کر کو ل سەنگەرێن پێشییێ بەرهنگاریا ڤایروسێ کورونا کریە ونەهێلایە ئەڤ نەخوشیە پتر بەلاڤ ببیت وگوت: ئەڤ خزمەتا وان کری کارەکێ مروڤایەتی ونیشتمانپەروەری یە وجهێ سوپاسی ورێزگرتنێ یە .

پاش پارێزگەرێ دهوکێ ل ڕێڤەبەریا پولیسێن دهوکێ دگەل ڕێڤەبەر وپلەدارێن ڕێڤەبەریێ کومبو و بنافێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ وکارگێریا پارێزگەهێ دەست خوشی ل ڕێڤەبەر وهەموو پلەدارێن ڕێڤەبەریا پولیسا کر هەمبەر ئەو کار وخزمەتا وان پێشکێشکری بو بەرهەنگاربونا ڤایروسێ کورنا وبجە ئینانا ڕێنما وبریارێن ژورا ئوپەراسیونا ل پارێزگەهێ وپاراستنا ئێمناهیا هاولاتییێن دەڤەرێ .

پارێزگەرێ دهوکێ دەڤەرێ . دەزگەهێن ئێمناهیێ ب هویربینی هەموو ڕێنما وبریارێن حکومەتێ ل دوڤ یاسایێ بجە بینن و ب یەکسانی وبێ جیاوازی خزمەتا هەموو هاولاتیان بکەن ، وپشتەڤانیا پارێزگەهێ نیشان دا بو بجە ئینانا هەموو بریار ویاسایان.

ل دوماهیێ پارێزگەرێ دهوکێ سەردانا ڕێڤەبەریا پولیسێن هاتن وچونێ کر وگەریانەك ل ناڤ پشك وجهێن خزمەتکرنێ کر وژنێزیك سەحکرە چاوانیا بریڤەبەرنا مامەلێن هاولاتیان . پاش پارێزگەرێ دهوکێ دگەل ڕێڤەبەر وئەفسەرێن ڕێڤەبەریێ کومبو وبنافێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ وکارگێریا پارێزگەهێ دەست خوشی ل ڕێڤەبەر وهەموو ستافێ کاری کر کو هەر ژدەست پێکا پەیدابونا ڤایروسێ کورونا تیمێن پولیسێن هاتن وچونێ ب ڕێك وپێکی هەموو ڕێنما وبریارێن وەزارەتا نافخو وساخلەمیێ وژورا ئوپەراسیونا ل پارێزگەهێ بجە ئینانە.

هەروسا پەسنا وان ئاسانکاری وخزمەتکاریا کر ییێن پولیسێن هاتن وچونێ بو خەلکێ پارێزگەهێ پێشکێشدکەن بو بریڤەبرنا مالیێن وەلاتیان وگوت ئەڤ کار وخزمەتە زور دپێشکەفتی نە و جهێ دلخوشیێ نە وتەکەز کر کو دڤێت یاسا سەروبریت ودهەموو بیاڤێن خزمەتکرنێ بهێتە چەسپاندن وپشتەڤانیا پارێزگەهێ نیشان دا بو هەر هاریکاریەکێ.

پارێزگەرێ دهۆکێ دەست خوشی ل ڕێڤەبەر وکارمەند وتیمێن کاری ییێن ساخلەمیێ وپولیس وپولیسێن هاتن وچونێ کر



بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر ئاگادارییەک ئاراستەی هاووڵاتیان دەکات

بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر ئاگادارییەك ئاراستەی ئەو هاووڵاتیانە دەکات کە پێشتر لەسیستەمی سەردانیکردن ناوی خۆیان تۆمارکردبوو بۆ سەردانیکردنی بەشەکانی هاتووچۆ.

ئەمەش دەقی ئاگادارینامەکەی بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێرە ..

ئاگاداری سەرجەم ئەو هاووڵاتیانە دەکەینەوە کەپێشتر لەسیستمی سەردانیکردن ناوی خۆیان تۆمارکردبوو بۆ سەردانیکردنی بەشەکانی هاتووچۆی هەولێر و نۆرەیان بۆ دانرابوو کە لەهەفتەی رابردوو سەردان بکەن ، ئێستا دەتوانن بەهەمان نۆرەوە سەردان بکەنەوە و پێویست بەدووبارە نۆرە گرتنەوە ناکاتەوە.

هەرهاووڵاتییەکیش نۆرەکەی دەکەوێتە ئەو ڕۆژەی کە لەهەفتەی رابردوو بۆی دانرابوو، واتا ئەوانەی دووشەم دەبوو سەردان بکەن، بەهەمان شێوە دەتوانن دوو شەم سەردان بکەن و ئەوانەشی ڕۆژی سێشەممەیان بۆ دانرابوو، لەڕۆژی سێشەممە دەتوانن سەردان بکەن بۆ ڕایی کردنی ئیش و کارەکانیان .

سەنتەری شاری سلێمانی بێ ئاو دەبێت

بۆری سەرەکی پڕۆژەی ئاوی سەرچنار شکاوە و بەو هۆیەوە ماوەی چەند ڕۆژێك سەنتەری شاری سلێمانی بێ ئاو دەبێت.

بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاشکرای کرد: بەهۆی شکانی بۆری سەرەکی ئاو لەناو پڕۆژەی ئاوی سەرچنار بۆ ماوەی یەک هەفتە ئاوی خواردنەوە لە سەنتەری شاری سلێمانی نابێت .

ئاماژە بەوەشکراوە: دابەشکردنی ئاو لە قەزا و ناحیەکانی چەمچەماڵ و شۆڕش و بازیان و تەکێ و گۆپاڵە بەردەوام دەبێت، لەگەڵ گەڕەکەکانی ناوچەی قڕگە و کوردسات و هەواری شار، بۆیە داوا لە هاووڵاتییان دەکەین دەست بە ئاوەوە بگرن و تیمەکانی بەڕێوبەرایەتیان لەئێستادا سەرقاڵی کارکردنن بۆ ئەوەی لەماوەیەکی کەمدا ئاو بگەڕێتەوە بۆ هاووڵاتییان .



شەپۆلێکی گەرما هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە



بەگوێرەی پێشبینییەکانی کەشناسی شەپۆلێکی گەرما هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە و لە هەندێك ناوچە بەرزترین پلەی گەرما دەگات نزیك 50 پلەی سیلیزی. فازڵ ئیبراهیم، بەڕێوەبەری کەشناسی و بومەلەرزەزانی هەرێمی کوردستان بە ڕایگەیاند: شەپۆلێکی گەرما ڕوو لە هەرێمی کوردستان دەکات، تا سەرەتای هەفتەی داهاتووش بەردەوام دەبێت .

گوتیشی: بەرزترین پلەی گەرما لەنێوان 44 بۆ 47 پلە دەبێت، ڕۆژانە بە پلەیەك تا دوو پلە بەرز دەبێتەوە، لە بەشی باشووری هەرێمی کوردستان بەرزترین پلە دەگاتە 47 پلەی سیلیزی . بەڕێوەبەری کەشناسی و بومەلەرزەزانی هەرێمی کوردستان، ئاماژەی بەوەشکرد: پلەکانی گەرما زیاتر لە کاتژمێر 11ی بەیانی تا کاتژمێر 4ی دوا نیوەڕۆ دەبێت، پێویستە هاووڵاتییان خۆیان بپارێزن لە بەرکەوتنی خۆر و ڕێنماییە تەندروستییەکانی بەرگری شارستانی لەبەرچاوبگرن .

دەستەی مافەکانی مرۆڤ:

ژمارەیەکی زۆر لە سزادراوانی چاکسازیی سلێمانی تووشی کۆرۆنا بوون



سەرۆکی دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیێنێت کە ڕەوشی تەندروستیی سزادراون لە چاکسازییەکانی هەرێمی کودستان زۆر خراپە و دەشڵێت، ژمارەیەکی زۆر لە سزادراوانی چاکسازیی سلێمانی تووشی کۆرۆنا بوون، بەاڵم هیچ تیمێکی تەندروستی سەردانی ئەو چاکسازییەی نەکردووە .

زیا پترۆس، سەرۆکی دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان، لەبارەی ڕەوشی چاکسازییەکان لە هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند بەگشتی ڕەوشی چاکسازییەکان لە هەرێمی کوردستان خراپە و لە هەموو شوێنەکانیش زیندانییەکان تووشی کۆرۆنا بوون، جیا لە کۆرۆنا، ئێستا تووشی کۆرۆنایەکی دەروونی بوونە، ئەویش ئەوەیە ئەمڕۆ بەرەو چوار مانگ دەڕۆین کە سەردانیکردنیان قەدەغەیە و ناتوانن چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسوکاریان بکەن .

هەرچەندە قەدەغەکردنی چاوپێکەوتنی زیندانیان لەگەڵ کەسوکاریان ڕێکارێکی تەندروستییە، بەاڵم سەرۆکی دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ دەڵێت دەتوانن ڕێگای دیکە بدۆزنەوە بۆ ئەوەی ئەو خەڵکانە تووشی ئەو بارودۆخە نەبن .

زیا پترۆس ئاماژەی بەوەشکرد، چەندین جار هۆشداریی لەبارەی خراپبوونی ڕەوشی سزادراوان لە چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستان داوە و دەشڵێت پێش سێ مانگ هۆشداریی ئەوەم داوە کە ڕەوشەکە بەرەو خراپی دەڕوات و تووشی کارەسات دەبین، ئەگەر ئێستاش ڕێگەچارەیەکی خێرا نەگرینەبەر ڕەوشەکە زۆر لەوە خراپتر دەبێت. بۆ ئەو مەبەستەش ئاگاداری وەزیری تەندروستی و وەزیری کار و کاروباری کۆمەاڵیەتیم کردووەتەوە و ئەو بابەتەشم لە ڕاگەیاندنەکان باسکردووە .

جیا لە ڤایرۆسی کۆرۆنا کە ئێستا تەشەنەی کردووە، هەبوونی ژمارەیەکی زۆری زیندانی لەنێو چاکسازییەکان لەو ژمارەیەی کە دیاریکراوە، بە گوتەی سەرۆکی دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان پێشێلکارییەکی زەقی مافی زیندانیکراوانە .

سەبارەت بە ژمارەی ئەو سزادراوانەی لە چاکسازییەکان تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوونە، زیا پترۆس ئاماژەی بەوە کرد ئەوەی ئاگادارم، بەر لە 15 ڕۆژ تەنیا لە ریزی کارمەندانی نێو چاکسازیی سلێمانی سێ کەس تووشی کۆرۆنا ببوون، ئێستا ژمارەکە بووەتە 27 و پێموایە زیاترە لە 27یش.

سەرۆکی دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان ئاماژە بە دواییەن ڕاپۆرتی نووسینگەی سلێمانیی دەستەی مافەکانی مرۆڤ دەکات کە ئێوارەی ڕۆژی 04-07-2020 بەدەستی گەیشتووە و دەڵێت لە نامەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە ڕەوشی چاکسازی لەڕووی تەندروستییەوە زۆر خراپە و هیچ تیمێکی تەندروستی سەردانی ئەو چاکسازییەی نەکردووە .

لەبارەی چاکسازیی گەورانی هەولێر، زیا پترۆس باسی لەوە کرد ڕەوشەکە لەژێر کۆنترۆڵدایە و هیچ حاڵەتێکی تووشبوون بە کۆرۆنا تۆمارنەکراوە، تەنها کەموکوڕیی دەرمانیان هەیە بۆ نەخۆشانی دڕێژخایەن، بەاڵم لە چاکسازیی ژنان و نەوجەوانان، تووشبوویەکی کۆرۆنا کە ئافرەتە لەنێو ڕاگیراوەکاندا هەیە. لە پارێزگای دهۆکیش هیچ حاڵەتێکی تووشبوون بە کۆرۆنا تۆمارنەکراوە، لەوێ دۆخەکە باشە و لەژێر کۆنترۆڵدایە .

کەرەنتین و قەدەغەی هاتوچۆ ژمارەی بەرکەوتووانی لە هەولێر کەمکردەوە

د.دلۆڤان محەمەد:
لە هەر 200 پشکنین دەردەکەوێت 8 کەس هەڵگری ڤایرۆسەکەن.



بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر:
ڕێکارەکانی ڕۆژانی داهاتوو بریتییە لە مانەوە لەماڵ و خۆکەرەنتینکردنی هاووڵاتیان

خەبات: فاتیح بەرزنجی

دەربارەی کەرەنتینکردنی هاووڵاتیان و سوودەکانی قەدەغەی هاتوچۆ لەشاری هەولێر، هاوکات بەراوردکردنی ژمارەی تووشبووان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ئێستا و چەند مانگی ڕابردوودا، دکتۆر دلۆڤان محەمەد فاتح بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر وردەکاری و ڕێژە و داتاکانی بەڕێوەبەرایەتییەکی ئاشکرا دەکات:

دکتۆر دلۆڤان محەمەد فاتح بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر دەڵێت: هاووڵاتیان وەکو پێویست پابەندی ڕێنماییەکان نەبوون، بۆیە ژمارەکان بەرەو زیاد بوون دەچوو، لەو حاڵەتەش ئەگەر ژمارەکان زیادی بکردایە ئەوا کار دەگەیشتە ئەوەی، کە کارەسات ڕووبدات، سوپاس بۆخوا دوای قەدەغەی هاتوچۆ ژمارەکان کەمبوونەوە.

د.دلۆڤان محەمەد لەبارەی بەراوردکردنی ژمارەی تووشبووان

بۆ ڕۆژێکی دیکە جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە. وەزارەتی تەندروستی ئاشکرایکردووە تائێستا 240 کەس بەهۆی کۆرۆناوە گیانلەدەستداوە. کە 207 کەسیان لە سلێمانی بوون و 20 یان لە هەولێر و 4 کەسیشیان لە هەڵەبجە.

تووشبووان

بەپێی ڕاگەیەنراوی ژمارە 130ی وەزارەتی تەندروستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ژمارەی تووشبووان بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ (COVID19) لەماوەی 24 کاتژمێری ڕۆژی شەممەی ڕابردوو بەم شێوەیە بووە. سلێمانی 108. گەرمیان 68. هەولێر 25. دهۆک 3. کۆی گشتی تووشبووان بە ڤایرۆسەکە بەپێی داتاکانی وەزارەتی تەندروستی تائێستا گەیشتووەتە 7048 کەس. **هەولێر 1597. سلێمانی 5067. دهۆک 168. هەڵەبجە 198. وتەبێژی وەزارەتی تەندروستی دەڵێت:** ئامارەکانی تووشبووان بە کۆرۆنا پێویستی بە دوو حەفتە هەیە بۆ ئەوەی وەکو گۆڕانکارییەک سەیری بکەین.

د.محەمەد قادر پێی وایە ئەگەر پابەندی هاووڵاتیان بەڕێنماییەکان لە دوو حەفتەی داهاتوودا وەکو خۆی بەردەوام بێت و کاریگەرییەکانی قەدەغەی هاتوچۆ لە حەفتەی ڕابردوو دەربکەوێت ڕێژەی تووشبووان بە کۆرۆنا کەم دەبێتەوە. ئەو دەشڵێت: وای دەبینین هۆکاری سەرەکی بۆ تووشبوون بە کۆرۆنا بۆ تێکەڵاوی بەردەوام و پابەندنەبوونی هاووڵاتیان بە ڕێنماییە خۆپارێزییەکان بەتایبەت لە شوێنی قەرەباڵغ دەگەڕێتەوە.

کەرەنتین

لە ڕاگەیەنراوی 4ی ئەم مانگەی وەزارەتی تەندروستیدا هاتووە لە شەو و ڕۆژێکدا 64 هاووڵاتی نوێی کەرەنتین کراون. ئامارەکانی وەزارەتی ناوبراو دەریدەخات تائێستا 1300 هاووڵاتی لە کەرەنتین ماون کە بەسەر 21 شوێندا دابەشبوون. 514 کەس لە هەولێر 222 لە سلێمانی و 564 لە دهۆک. وەزارەتی تەندروستی دەڵێت: تاوەکو ئێستا 16 هەزار و 882 کەس بەتێکڕا بریتی بوو لە 3 نەخۆش لە ڕۆژێکدا، بەڵام لەماوەی 44 ڕۆژ لەدوای ڕۆژی 19ی ئایار بووە نزیکەی یەک کەس لە ڕۆژێکدا، هاوکات حاڵەتی گیان لەدەستدان بەر لە ڕۆژی 19ی ئایار لە 212 نەخۆش تەنیا یەک حاڵەتی گیان لەدەستدان هەبوو، بەڵام ئێستا 28 کەس گیانی لەدەستداوە.

دواتر بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر باسی ژمارەی پشکنینەکانی پێش 19ی ئایاری کردو گوتی: نزیکەی 32هەزار پشکنین کراوە، لەوە کات لە ڕۆژێکدا 400 پشکنین دەکرا، لەبەر ئەوەی ژمارەی نەخۆش کەمتر بوو، بەڵام ئێستا ڕێژەی پشکنینەکان بریتییە لە 722 پشکنین و پێش 19ی ئایار لە 200 پشکنین تەنیا یەک کەس دەستنیشان دەکرا، کە هەڵگری ڤایرۆسەکەیە، بەڵام لەکاتی ئێستادا لە هەر 200 پشکنین 8 حاڵەت تۆمار دەکرێت.

لەبارەی سوودەکانی کەرەنتین و قەدەغەی هاتوچۆ د. دلۆڤان محەمەد دەڵێت: ئەنجامی ئەو قەدەغەی هاتوچۆیە سوودێکی باشی هەبووەو ژمارەی بەرکەوتەکانیش کەمی کردووە، پەنا بە خوای گەورە ژمارەی تووشبووان کەمتریش دەبێت، گرنگترین شت ئەوەیە هەموومان خۆپارێزی و تاکپارێزی بکەین و ماسک و دەستکێش بەکار بهێنین و ئەو ڕێککارانەی کە دەگیرێتەبەر بۆ ڕۆژانی داهاتوو بریتییە لە مانەوە لەماڵ و خۆپارێزی خۆ کەرەنتینکردنی هاووڵاتیان، دەبێ بەهەموو لایەک هەوڵی کەمکردنەوەی ژمارەی نەخۆشان بدەین و خۆمان لەکارەساتی ئەو نەخۆشییە بپارێزین.

332 پزیشک و کارمەندی تەندروستی تووشی کۆرۆنا بوون

کەرەنتین و قەدەغەی هاتوچۆ ژمارەی بەرکەوتووانی لە هەولێر کەمکردەوە

ژمارەی تووشبووان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان 7000 کەسی تێپەڕاندووە



وتەبێژی وەزارەتی تەندروستی: حاڵەتەکانی مردن بەهۆی کۆرۆناوە بەمەترسی دەزانین

خەبات: هەڵی بانیشاری

وەزارەتی تەندروستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئێوارەی ڕۆژی شەممەی ڕابردوو ژمارەی 24 کاتژمێری نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ (COVLD19)ی بڵاوکردەوە. بەپێی ئامارەکە تەنیا لەماوەی 24 کاتژمێردا 204 کەس لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان تووشی کۆرۆنا بوون و 9 حاڵەتی مردنیش تۆمارکراون و 1569 پشکنین ئەنجامدراون و 268 تووشبوویش چاکبوونەتەوە. زانیاریەکان باس لەوەش دەکەن تا ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە 332 پزیشک و کارمەندی تەندروستی تووشی کۆرۆنا بوون و 4 کارمەندیش گیانیان لەدەستداوە.

ڕێژەی مردنی بە کۆرۆنا بۆ 2-3% بەرزبووەتەوە

د.محەمەد قادر، وتەبێژی وەزارەتی تەندروستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە (خەبات)ی ڕاگەیاند: پێشتر ڕێژەی مردن 1% بوو، بەڵام ئێستا بۆ3%-2 بەرزبووەتەوە. گوتیشی: ئێمە لە وەزارەتی تەندروستی ئەمە بەمەترسی دەزانین. دەشڵێت: ڕێژەی مردن بە کۆرۆنا لە زۆربەی وڵاتان وەکو هەرێمی کوردستانە. ئەوەشی گوت: لەئێستادا ڕۆژانە نزیکەی 10 هەڵگری ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان گیان لەدەست دەدەن. لەبارەی ژمارەی تووشبووانیشەوە ناوبراو گوتی: لە کۆتاییەکانی مانگی شەشەوە ڕۆژانە 200-300 کەس تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا دەبن، هەندێک ڕۆژ لەو ڕێژەیەش زیاترە. ئامارەی بەوەشدا زیاتر لە هەفتەیەکە ژمارەی تووشبووان بە کۆرۆنا و حاڵەتەکانی مردن لە ڕۆژێک لەهەرێمی کوردستان کەرەنتین کراون و 15 هەزار و 582 هاووڵاتیش لە کەرەنتین دەرچوون و گەڕاونەتەوە ناو ماڵ و خێزانی خۆیان. هەروەها ئەوەش هاتووە تاوەکو ئێستا 4269 هاووڵاتی لە نەخۆشخانەکانی تایبەت بە کۆرۆنا ماونەتەوە. سلێمانی 3591. هەولێر 554. هەڵەبجە 93. دهۆک 31.

ژمارەی ڕزگاربووان

لەماوەی 24 کاتژمێری ڕۆژی شەممەی ڕابردوو دەریدەخەن لە سەرتاسەری کوردستان 268 تووشبووی کۆرۆنا چاکبوونەتەوە.بەپێی داتاکانی وەزارەتی تەندروستی پارێزگای سلێمانی پشکی شێری لە ژمارەی چاکبووەکان بەردەکەوێت کە بەم شێوەیە: سلێمانی 183. هەولێر 32. هەڵەبجە 36. دهۆک 11. ئیدارەی گەرمیان 6. لە ڕاگەیەنراوی ڕۆژی شەممەی وەزارەتەکەدا هاتووە تاوەکو ئێستا لە سلێمانی 1269 کەس و لە هەولێر 1014 کەس و لە دهۆک 155 کەس و لە هەڵەبجە 101 کەس چاکبوونەتەوە. کۆی گشتی چاکبووەکانیش 2539 کەسە. د.محەمەد قادر دەڵێت: ئێستا هاووڵاتیان زانیاری تەواویان هەیە و وشیارن و ڕێگەکانی خۆپارێزی و تووشبوون و مەترسی ڤایرۆسی کۆرۆنا دەزانن، بەڵام کە دێتە بواری جێبەجێکردنی ڕێنماییەکان بەڕاستی کەموکوڕی هەیە.

پشکنینەکان

وەزارەتی تەندروستی لە ڕێگەی نەخۆشخانەکانی تایبەت بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان لەماوەی 24 کاتژمێری ڕۆژی 4ی ئەم مانگە 1569 پشکنینی نوێی ئەنجامداوە. پشکنینەکانیش بەم شێوەیە بوون: سلێمانی 546. دهۆک 484. هەولێر 305. گەرمیان 234. لە داشبۆردی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا هاتووە تاوەکو ئێوارەی ڕۆژی شەممە لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان 142 هەزار و 190 پشکنینی تایبەت بە کۆرۆنا ئەنجامدراوە. بەشێوەیەک: هەولێر 64075. سلێمانی 45422. دهۆک 31585. هەڵەبجە 1108. وتەبێژی وەزارەتی تەندروستی باس لەوە دەکات نیشانەکانی تووشبووان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا هەمان نیشانەکانی مانگەکانی پێشوون کە خۆیان لە(ئازاری ماسولکە، بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی لەش، سکچوون، نەمانی هەست بۆن و تامکردن) دەبینێتەوە. گوتیشی: بەشێکی کەمی تووشبووان تووشی سکچوون دەبن کە ڕێژەکەی لە نێوان لە 3%-2%یە. د.محەمەد قادر ئاماژەی بەوەشدا بەشێک لە خەڵکی کاتیک تووشی کۆرۆنا دەبن پێیان وایە تووشی گرانەتا بوون، بەڵام لەم کاتەدا گرانەتا بوونی نییە. وەکو ئەو دەڵێت: هەرحاڵەتێک لەم حاڵەتانە هەبێت سەد لە سەد ئێمە وەکو کۆرۆنا دەبینین.

ژمارەی تووشبووان لە ناوچە سنوورییەکان

بەوتەی د.محەمەد قادر هۆکاری بەرزبوونەوەی ژمارەی تووشبووان بە کۆرۆنا لەناوچە سنوورییەکان بۆ بوونی هاتوچۆی بازرگانی و هاتوچۆی ناپاسایی هاوڵاتیان کە وەکو ئەو دەڵێت: هێشتا بوونی هەیە دەگەڕێتەوە. ئەو گوتی: سەرەتا ڕێژەی تووشبوون بە کۆرۆنا لە ناوچەیەکی وەکو گەرمیان زۆر باشبوو، بەڵام دواتر هاوڵاتیان لە گرنگیدان بە ڕێنماییە خۆپارێزییەکان ساردبوونەوە، هەروەها هاتووچۆیش لە نێوان هاوڵاتیان بوونی هەبوو. دەشڵێت: لە ناوچە سنوورییەکان کەم و کوڕی هەبووە لە پشکنینی هاوڵاتیان، ئەم هۆکارانە وایانکرد هاوڵاتیان زیاتر تووشی ڤایرۆسەکە ببن. ئاماژەی بەوەشدا ژمارەی تووشبووان بە کۆرۆنا لە گەرمیان پێشتر زیادی کردبوو، بەڵام لە ناکاو تەقییەوە، هەفتەی ڕابردوو بەڕێوەبەری تەندروستی گەرمیان ڕایگەیاند: نزیکەی 45 هەزار کەس لە گەرمیان تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون.

چی دەکرێت بۆ هێنانی ڤاکسینی پەسەندکراو؟

وڵاتانی ئەڵمانیا و چین و ڕوسیا و ئەمریکا و بەریتانیا و ئیتاڵیا هەوڵەکانیان چڕکردووەتەوە بۆ دۆزینەوەی پێکوتەی ڤاکسینی تایبەت بە کۆرۆنا. حکوومەتی هەرێم پێشتر ڕایگەیاندبوو ڤاکسینی تایبەت بە کۆرۆنا لەهەر نرخێک بێت بدۆزرێتەوە بەهەر نرخێک بێت دەیکڕێت. وتەبێژی وەزارەتی تەندورستی لەو بارەیەوە دەڵێت: ڤاکسینی تایبەت بە کۆرۆنا تا لەلایەن ڕێککخراوی تەندروستی جیهانی و دامەزراوەی خۆراک و دەرمان و سەنتەری کۆنترۆڵکردنی نەخۆشی پەسەند نەکرێت ئێمە ناتوانین هاوردەی هەرێمی کوردستانی بکەین. ئەوەشی گوت: کاتێک ڤاکسینەکە بەردەست بوو لەڕێگەی وەزارەتی تەندروستی حکوومەتی هەرێم یان لە ڕێگەی وەزارەتی تەندروستی عێراقەوە دابینی دەکەین.

لە یادوەری شۆڕشگێڕان

تێکۆشەری ناسراو تاڵێب مۆریاسی: لقی 3ی پارتیمان لە کەرکووک ئاگادار کرد کە پیلانێک هەیە بۆسەر ژیانی مستەفا بارزانی لەناو کەرکوک

زانیار سەردار قرگەیی
بەشی یەکەم

تاڵێب عەبدوڵا سەعید، ناسراو بە (تاڵێب مۆریاسی)، کەسایەتییەکی ناسراو و دەرکەوتووی دەڤەری سلێمانیی و کوردستانە، ساڵانێك تێکۆشەر و فەرماندەی سیاسی و سەربازی و پێشمەرگەیەکی ماندوونەناسە، لە هەمان کاتیشدا بەردەوام داکۆکیکارێکی سەرسەختی جووتیار و کرێکار و هەژاران بووە، بەتایبەتی دانیشتوانی سنووری گوند و ناوچەکەی خۆی، بەردەوام باجەکەیشی داوە.

لەدایکبووی ساڵی 1934ی گوندی (مۆریاس)ی سنووری شارباژێڕە، قۆناغی مێرمنداڵی لە گوندەکەیان بەسەر بردووە، قۆناغی خوێندنی سەرەتایی لە هەمان گوند بووە و تا ساڵی 1953 هاتووەتە شاری سلێمانی، پاشان لە کەرکووك خوێندنی تەواو کردووە.

لە سەرەتای تەمەنی لاوێتییەوە حەزی لە کارکردن کردووە و لە کرێکارییەوە دەستی پێکردووە و بە رەنجی شانی خۆی بژێوی پەیدا کردووە، هەر لەو کاتەشدا کەسێکی دەرکەوتوو و بزێو و چالاك و رۆشنبیر و هۆشیار و بەئاگا بووە لە رووداوە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندا، هەر بۆیە زوو ئاوێتەی ژیانی رامیاری و سەربازیی بووە.

• بەوە ناسراویت، کە هەمیشە خۆت بە داکۆکیکارێکی سەرسەختی کرێکار و جوتیاران زانیوە، لەم پێناوەشدا تێکۆشاوی، ئایا ئەم ئاراستەیە لە بژێوون و خەباتت بۆچی دەگەڕێتەوە؟

- من هەرگیز چاوەڕێی ئەوەم نەکردووە لە پارتێکی سیاسیدا دەسکەوت و پلە و پۆستم بدرێتێ، بەڵکو تەنیا ویستوومە حزب وەکو ئامرازێك بۆ خەباتی کوردایەتی بەکاربهێنم، نەك بۆ نان و گوزەران پەیدا کردن، لەگەڵ ئەوەشدا توانیومە لە پێشمەرگایەتییەوە زۆر پلەی بەرپرسیارێتیش بەدەست بهێنم، لە هەمان کاتیشدا وەڵامی هەموو ناهەقی و بێ ویژدانییەکیشم داوەتەوە و رووبەڕووی بوومەتەوە، من هەمیشە ناکۆك بووم لەبەرامبەر خەڵکی زاڵم و بێ ویژدان و هەڵپەرست، کە ئەمەش بنەمایەکی گرنگی رێبازی بارزانییە، کە دەڵێت: (زوڵم لە کەس قبوڵ مەکەن و زوڵمیش لە کەس نەکەن) سەرچاوەی ئەو ئاراستەیەی من کە تۆ پرسیارت لەبارەوە کرد، رێبازی بارزانییە.

چین و توێژی کرێکار و جوتیار و بەشمەینەتی خەڵکانێکی شۆڕشگێڕ و نەتەوەیی گەورە و باشی تێدا هەڵکەوتبوو. پێم وایە هەر ئەوانیش بوونە سووتەمەنی شۆڕش و راپەڕینەکان و داینەمۆی سەرەکیی شۆڕش بوون، هەربۆیە منیش لەهەر کات و شوێنێکدا بۆم کرابێت پشتیوانیان بووم و کاتێکیش بەرپرسی کۆمەڵێك پێشمەرگە بووبێتم یان لە ناوچەیەکی شۆڕشدا بەرپرسیاربووبێتم، زوڵمم لە کەس نەکردووە و نەمهێشتووە خەڵکە جوتیار و هەژارەکەش زوڵمیان لێ بکرێت، ناحەقی بەرپرسانی سەروو خۆشم قبوول نەکردووە، بەڵام ئەرك و واجبەکانی خۆمم بە دڵسۆزی ئەنجام داوە.

• ساڵانێکی زۆر پێشمەرگە بوویت، پێشمەرگە چ واتا و مانایەکی لات هەیە؟

- من لە شۆڕشی ئەیلوولدا لە ١٣-١٢-١٩٦١ەوە بوومە پێشمەرگە، هەربۆیە بەلای منەوە ناوی (پێشمەرگە) زۆر پیرۆزە، چونکە پێشمەرگە بە کەسێك دەووترێت کە گیانی خۆی کردووەتە قوربانیی گەلەکەی، ماڵ و حاڵ و خێزان و خۆشگوزەرانیی خۆی بەجێدەهێڵێت و لە پێناوی مافەکانی گەلەکەیدا ئامادەیە شەهید بێت، بۆیە بۆتە پێشمەرگە تاوەکوو گەلە مەزڵوومەکەی بە ئازادی و سەربەستی و کەرامەت بژی، پێشمەرگە خۆی دەکاتە قوربانیی نیشتمان و نەتەوەکەی، هەر خۆی بیروباوەڕی پێشمەرگە نیشتمان و نەتەوەکەیەتی، پێشمەرگە لەپێناو ئەو ئامانجە پیرۆزەدا شاخەکانی هەڵبژاردووە و خەباتی کردووە، لەپێناو نیشتمانەکەی شەهید و برێندار و ماڵوێران بووە، بەڵام پلەیەکی بەرزی لەناو میللەتەکەی تۆمار کردووە و لەناوماندا بە نەبەردی و نەمری ماوەتەوە.

• وەك کەسایەتییەکی بەئەزموون و تێکۆشەرێکی رابردوو، یادەوەرییەکانی جارانت چۆن بیردێتەوە؟ یا بە چی بەراوردی دەکەیت و چۆن خوێندنەوەیەکت بۆیان هەیە؟

- وەکو زۆربەی هاوتەمەنەکانی نەوەکەی ئێمە، شۆڕشی ئەیلوول، رووداوێکی گرنگی ژیانی من بوو، چونکە لە هۆشیاریی و لە ژیانی من و ئینسانی کوردی و کوردستانیدا، وەرچەرخانێکی مەزنی دروست کرد، هەربۆیە کاتێك باسی شۆڕشی ئەیلوول دەکرێت، من دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستانم بیر دەکەوێتەوە. کاتێك باسی ناکۆکییەکان دەکرێت، من ناکۆکییەکانی ساڵی 1946م وەبیردێتەوە، کە دژی دۆزی کورد و (بارزانیی نەمر) و پارتی دروست کرا. کاتێك باسی شەڕی براکوژی دەکرێت، منیش بیری (عیسا پەژمان)ی ئەفسەری هەواڵگری (ساڤاك)ی ئێرانیم وەبیر دێتەوە، کە لە ساڵی 1964دا گەیشتە شارۆچکەی (ماوەت) و پرۆژەیەکی ترسناکی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو، کە شەڕی براکوژی و لێکترازانی نێومااڵی کوردی تێدا بوو، ئا لەوێوە دووبەرەکی دەستی پێکرد، کاتێك باسی کۆماری کوردستان لە مەهاباد دەکرێت، من گەشتە مێژوویەکەی بارزانیی نەمرم بیر دەکەوێتەوە، کە خۆی و (500) پێشمەرگە لە سێکوچکەی کوردستانی داگیرکراوادا، دوای رووخانی کۆمار خۆیان گەیاندە لێوارەکانی رووباری ئاراس و لەوێشەوە گەیشتنە سۆڤیەتی جاران، لەوێش دەسەاڵتدارانی سەردەمی ستالین رووبەڕووی بارزانی و یاوەرانی بوونەوە و هەڵوێستێکی بێ ویژدانانەیان بەرانبەر کورد و بارزانی نواند، چونکە بارزانی و یاوەرانی لە یەکتر دابڕاند و دابەشی کردن بەسەر شارەکاندا لە سۆڤیەت، بەوەش شۆڕشی مەزنی ئەیلوولی بەرپا کرد و سەرانسەری کوردستانی گرتەوە. کاتێك (جۆزیف بڕۆف تی تۆ) دێتە ناوباسان، کە بە هەژدە پارتیزانەوە توانیی گەلان و نەتەوە جیاوازەکانی (یوگسلافیا) رزگار بکات. من هەمدیسان (بارزانی)م دێتەوە بیر، کە داوای مافی نەتەوە و کەمە نەتەوایەتییەکانی ناو کوردستانی دەکرد، مافی بە هەموو کەس رەوا دەبینی.

بارزانی رێبەری شۆڕشێکی مەزنی کوردستان بوو، رێبەری هەموو نەتەوەکانی کوردستان بوو، ئەو سەرکردەیەکی سیاسی و قارەمانی گەلەکەمانە، کە چۆکی بە گشت دوژمنانی کوردستاندا و دواجار دوژمن وای لێهات بەخۆیان و فایلەکانی دەستیان بەسەرشۆڕی هاتنە بەردەمی بارزانی و بارزانیش رێککەوتنامەی (11ی ئاداری 1970)ی بۆ گەلی کوردستان پێ مۆرکردن.


هەربۆیە کورد خاوەنی هەیە کە بارزانی و رێبازەکەیەتی، بەڵام هێشتا لەناوخۆماندا کێشەمان هەیە، کورد گوتەنی (دار کرمی لە خۆی نەبێ دووسەد ساڵ دەژی)، من هەرگیز رۆژانی ریفراندۆم و ١٦ی ئۆکتۆبەرم بیرناچێتەوە کاتێك باسی ریفراندۆم و سەربەخۆیی دەکرێت بۆ کوردستان، دووبارە لە رێگەی کرمی ناوخۆمانەوە، من ناوی ئەنێم (عیسا پەژمانەکانی) ئەم سەردەمە، زیان لە کوردستان دەدەنەوە و مەزنترین هەڵی سەدە لەدەست گەلی کوردستان دەفەوتێنن !!. مرۆڤی کوردستان هەرگیز نابێت، هەڵوێستە میژوویییەکانی سەرۆك مەسعود بارزانی لەبیر بکات. دەبێت دایکان و نەوە دوای نەوە بە منداڵەکانیان بڵێنەوە کە مەسعود بارزانی چۆن لە پێناوی سەربەخۆی و دەوڵەتی کوردستاندا، ئامادە بوو بجێتە بەردەمی سێدارە، دەرکەوتنی ئەم جۆرە رێبەرانە سەد ساڵ جارێك دەردەکەون، لەبەرئەوە من دەڵێم: مەسعود بارزانی میژوویی دوێنێی سەدەکانی نۆزدە و بیستەمی خەباتی گەلی کوردستانی بە هەزارەی دووەمەوە بەستەوە.

من هەرگیز دیمەنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان (مەسعود بارزانی) م بیرناچێتەوە، کە بە جل و بەرگی کوردی و جامانەی سووری کوردییەوە، لە کۆشکی سپی لە شانی (جۆرج بۆش)ی سەرۆکی ئەمەریکا، بە زمانی کوردی وشەی (پێشمەرگە)ی بە هەموو نەتەوەکانی گۆی زەوی ناساند، کە جیهان شانازیی بە (پێشمەرگە)وە دەکات، ئێستا من لێرەوە پیرۆزبایی لە سەرۆك دەکەم بۆ ئەو هەڵوێستە بەرز و جوامێرانەیەی، ئەم رابەرە، متمانەی بە ئینسانی کوردستانی دایەوە نەك تەنیا لە باشوور، بەڵکو لە هەموو پارچەکانی کوردستان و لە هەموو دونیاش، هەموو ئەوانە هەتا ئەمڕۆش لە دید و خەیاڵی منداو دێن و دەچن و من پەند و وانەیان لێوە فێردەبم و زۆرجاران بۆ گەنجەکان و نەوەی نوێی دەگێڕمەوە.

• کەی بوو، لە کوێ بوو، کە بۆ یەکەمجار بە دیداری بارزانی شاد بوویت؟

- یەکەمجار لە شوباتی 1962 یان 1963 بوو کە چووین بۆ خزمەتی بارزانی نەمر لە گوندی (ئەندێك) بوو، لەوێ (بارزانی)م بینی، دوای تەواوبوونی کارەکانمان گەڕاینەوە بۆ بێتواتە، لەو دیدارەدا من و کاکە حەمەی موفتی و سامی عەبدولکەریم بووین هەرسێکمان خەڵکی سلێمانی بووین.





تاڵیب مۆریاس لەناو ڕەوش و ڕووداوگەلێکدا ژیاوە و ڕۆڵی بەرچاویشی تێدا گێڕاوە، هەمیشە کەسێکی بەهەڵوێست بووە و بۆیرانە و چاونەترسانە بە گژ ناداپەروەریدا چووەتەوە و سەربەرزانە کاری کردووە. لەسەر هەڵوێستی کوردایەتی و سیاسیش چەند ساڵێك زیندانیی کراوە و ئازاری چەشتووە، لە (14/2/1989)دا بەعسییەکان دەسگیریان کردووە و لە دوای راپەڕینەوە لە (22/12/1991) ئازاد دەکرێت. لای خەڵك خۆشەویست و لەبەر دڵان بووە و لە شێوازی کارکردنی رازی بوون، کەسێکی بیرتیژ و بەتوانا و خاوەن سەلیقە بووە. زۆر ڕووداوی گرنگی مێژوویی بە ئەمانەتەوە بۆ مێژوو تۆمار کردووە و بەڵگەکانی خستووەتە ڕوو، هەموو ئەوانەی لە دووتوێی کتێبێکی دوو بەرگیدا بەناوی (گەڕان بەدوای ڕاستیدا) بە چاپ گەیاندووە، کە وەك بەڵگەی زیندوو پەخش کراون. ئەم کتێبانەش دەنگدانەوەیەکی باشی بەدوای خۆیدا هێناوە. وێڕای زۆر لە هەوراز و نشێوی و سەختیی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و سەربازی، تا ڕادەیەکی باش، سەرکەوتنی لە کارەکانیدا بەدەست هێناوە.

بەشداربوویەکی چالاکی شۆڕشی ئەیلوول بووە و لە ١٣-١٢-١٩٦١ەوە بۆتە پێشمەرگە و بەشداریی زۆر داستان و شەڕی قارەمانانەی کردووە، لەبەر زرنگی و بەتوانایی، چەندجار پلە و پۆست و بەرپرسیارێتی پێ سپێردراوە. دەستی نووسینی هەیە و لە بواری ئەدەب و بابەتی ڕامیاریشدا بەرهەمی پێشکەش و بڵاو کردوونەتەوە.

ئێستاش، دوای هەڵکشانی تەمەن و بەرێکردنی زیاتر لە (هەشتاوپێنج) ساڵ، هێشتا بیروهۆشی و تەندروستیی باشە و ئاستێکی باشی ڕۆشنبیری و سیاسی هەیە و خوێنەرێکی باشیشە. ئاگاداری ڕووداوە ڕۆشنبیری و سیاسییەکانیشە.

لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول و دواتریش چەند جارێك بە خزمەت بارزانیی نەمر گەیشتووە. بەو مەبەستەی لەناو ڕووداوەکاندا ژیاوە و هەندێ جار وەك کارەکتەرێکیش ڕۆڵی تێدا گێڕاوە، بەپێویستم زانی، کە سەردانی بکەم و لەسەر بارزانیی نەمر و ڕووداوەکانی ساڵانی رابردوو، لە نزیکەوە بیدوێنم.

بارزانی رێبەری شۆڕشێکی مەزنی کوردستان بوو، رێبەری هەموو نەتەوەکانی کوردستان بوو، ئەو سەرکردەیەکی سیاسی و قارەمانی گەلەکەمانە، کە چۆکی بە گشت دوژمنانی کوردستاندا.

کاروانی چاکسازی بەرێوەیە



ئەحمەد سیروان شوانی

لە دوایی دەست بەکاربوونی ڕێزدار جەنابی کاك (مەسرور بارزانی) وەکو سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەست بەکار بوون و کاری لە پێشینەی کابینەی نۆیەمی حکومەت چەندین پڕۆژە یاسای گرنگن بە گشتی و پڕۆژە یاسایی چاکسازی بەتایبەتی. لە خۆڕا نەبوو سەرۆکی حکومەت فەرمووی (کەمترین وتار، زۆرترین کردار) دیارە ئەم وتەیە خۆڕسك نەوتراو و بەمنزیکانە وتاری یاسای پڕۆژەکە دەبێتە کرداری واقعانەو جێ بەجێ دەکرێ، بۆیە هەر لەبەر ئەمەیە تووشی فۆبیا بوونەو دڵەڕاوکێنان گەیشتووە بە لوتکەی ترس و تۆقان، هەرچەند هەندێك گرووپ و لایەن و خۆفڕۆش ویستیان بەربەست بخەنە بەرپێی هەنگاوەکانی ئەم پڕۆژە یاساییە و چەندین پیلانگێڕی و کێشەو خۆپیشاندان و ڕێگای جۆراو و جۆریان گرتەبەر لە پێناو ناشرین کردن و لەناوچوونی حکومەت، بەڵام خۆشبەختانە سەرجەم بۆمبی پیلانەکانیان پووچەڵ کرایەوە.

«ترس لە پڕۆژە یاسای چاکسازی ترسە لە نەمانی گەندەڵی»

دڵیاتی کردن و لێدان لە قەوارەی یاسایی هەرێمی کوردستان و دەسەاڵتی حکومەت و دڵیەتی کردنی لە پێناو ئەنجام نەدان و ڕاگرتنی ئەم پڕۆژە یاسایە بۆتە هۆکاری ترس و دڵەڕاوکێ هەندێك گرووپی مافیا و لایەن چونکە دواجار دەبێتە هۆی بنبڕ کردنی ڕەگی گەندەڵی و ڕاگرتنی گەندەڵییەکانیان بە مووچەخۆرانی بندیوارەکانیان بەڵام خۆشبەختانە بە هەوڵ و بڕیاری ڕاست و دڕووست و حەکیمانەی ڕێزدار (مەسرور بارزانی) سەرۆکی حکومەت سەرجەم بەربەستەکان تێکشێکنران و کاروانی چاکسازی بڕیاری لەسەر دراو و دەستی بە کرداری پڕۆژە یاسایەکە کرد و لە 1ی 7ی ئەمساڵەوە دەسپێکی هەنگاوێکی کرداری پڕشنگداری دادپەروەی مێژووی دەبێت بۆ هەرێمی کوردستان و خۆری یەکسانی هەڵدێت و ماف و دادپەروەری لە نێوان سەرجەن هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان بەبێ جیاوازی جێ بەجێ دەکرێ و گەندەڵی و مووچەخۆری ناشایستە و بندیوار لە نێو دەچێ و چیدیکە ڕێگە بە نادادپەروەری و بەفیڕۆدانی شایستە دارایەکان بە کەسانی نایاسایی نادرێت و حەق و ماف بۆ خاوەن شایستەکان دەگەڕێتەوە.

بەم هەنگاوەش ناوی ڕێزدار کاك (مەسرور بارزانی) سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان دەچێتە مێژووە و بە ئەندازیاری چاکسازی دەناسێندرێ و قەوارەی هەرێمی کوردستان بە بەهێزی بنیات دەنرێت و هەمووان لە سایەو و سێبەری ئەو دادپەروەرییەی حکومەتدا دەژین بە ئارامی و خۆشگوزەرانی.

هیوادارم و ئومێدەوارم سەرجەم هاوڵاتیان و لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان هاوکار و هەماهەنگ و کار ئاسان بن لەبەرامبەر پڕۆژە یاسای چاکسازی و بە کردار پشتیوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بن لە پێناو دادپەروەری و خۆشگوزەرانی و بەهێزی پێگەی هەرێمی کوردستان.




• باس لەوە دەکرێت، ئێوە لە شکست پێهێنانی هەوڵێکی تیرۆرکردنی بارزانی دا رۆڵی بەرچاوتان هەبووە؟ ئەوە کەی بوو و چۆن بوو؟ ئەگەر لەو رووەوە بۆمان بدوێیت؟

- لە بەرگی یەکەمی کتێبەکەمدا (گەڕان بەدوای راستیدا) کەمێک لەو رووداوەم باس کردووە، بەڵام لێرەدا چۆنیەتیی داڕشتنی پیلانەکە ئاشکرا دەکەم. لەو دەمەدا من لە ریزەکانی سوپادا بووم، دوای شۆڕشی چواردەی گەلاوێژی 1958، خەڵکی کوردستان لە ناو سوپای عێراقدا رێزی تایبەتیان هەبوو، ئەفسەرێکی پلە باڵامان هەبوو بە ناوی (عەقید روکن عەبدولڕەزاق زوبێدی) بەرپرسی هەواڵگریی فیرقەی دووی سوپا بوو لە کەکووک. لەگەڵ ملازم سااڵح تکریتی، بەرپرسی موخابەراتی فەوجی دوو بوو، ئەوانە هەمیشە چاویان لەسەر ئێمە، واتە کوردەکان بوو، هەموو سەری مانگێک کۆبوونەوەی تایبەتی پێدەکردین و هەر یەکەیان دەمانچەیەکی دابووینێ بۆ کاتی پێویست، بەڵام ئاگای لەوە نەبوو، کە ئێمە لە رێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا بە نهێنی کار دەکەین.

لە حوزەیرانی 1961 دوا کۆبوونەوەمان لەگەڵ ناوبراو کرد و لە هۆڵەکە هاتینە دەرەوە، عەبدولڕەزاق و ملازم سااڵح تکریتی، لەپێشمانەوە شان بەشانی یەکتر دەڕۆشتن، پێکەوە کەوتنە قسەکردن و ئیتر ئاگایان لە ئێمە نەبوو، کە لەدوایانەوە بووین، عەبدولڕەزاق بە ملازم سااڵحی گوت، پیلانێکی وردمان داڕشتووە دژ بە بارزانی، کە دەگەڕێتەوە شیمال، کە باسی بارزانی کرد، ئێمە هەڵوێستمان وەرگرت و هەوڵمان دا زیاتر زانیاری وەربگرین، ئینجا گوتی: بریارمان داوە لەسەر پردی (قازی) لە گەڕەکی تەپەی مەال عەبدوڵا، کە بارزانی گەیشتە ناوەڕاستی پردەکە، لە هەردووالوە لێی بدرێت، بۆ ئەوەی بواری رزگاربوونی نەبێت. گوتیشی: رائید هیدایەت، ئامر ئینزیباتی کەرکووک، کە تورکمانە سەرپەرشتیی عەمەلییەکە دەکات.

دەستبەجێ من و عەریف عەلی، زاوای شەهید مەال ڕەسووڵ، کە هەردووکمان لە رێکخستنەکانی پارتی بووین، خۆمان گەیاندە لقی 3ی پارتیمان لە کەرکووک لە گەڕەکی قۆریبە، ئاگادارمان کردن لە چۆنیەتیی پیلانەکە و خۆشمان کەوتینە چاودێریکردن تا بارزانی رزگار کرا، هەڤاڵانی لق گەیشتنە شوێنی بارزانی و لە پیلانەکە ئاگاداریان کرد و بارزانییان لە رێگەی شەریکەی نەوتەوە دەرباز کرد و پیلانەکەش پووچەڵ بووەوە، رائید هیدایەتیش پاش شکستی پیلانەکەی موخابەراتی سوپا، وتیان تووشی جەڵتەی دڵ بووە و مردووە، بەڵام دەشگوترا بۆ شاردنەوەی پیلانە چەپەڵەکەیان هەرخۆیان لە ناویان بردووە.

بارزانی دوای ئەوە گەیشتەوە کوردستان و شۆڕشی مەزنی ئەیلوولی بەر پاکرد و ئیتر نەگەڕایەوە بەغدا. ئەم کارەم یەکێکە لە شانازییەکانی ژیانی خەبات و کوردایەتیم.



• لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا ئەو شەڕانەی بەشداریت تێدا کردوون، کامانەن؟

- من بەشداریم لە داستانەکانی شۆڕشی ئەیلوول لە داستانی هیران و نازەنین 1962-، بیارە- 1963، سەرتەک و بەمۆ - 1963، شەڕەکانی زمناکۆ، کەوڵۆس، چوالە لە 1964، فەرەجئاوا- 1964، داستانەکانی ناوتاق لە قەرەداغ و، دەربەندیخان لە ساڵەکانی 1965 و 1966.

• چ خوێندنەوەیەکتان بۆ مستەفا بارزانی و سیاسەتەکەی هەیە؟ یان چۆن پێناسەی دەکەی؟

- بارزانیی نەمر، وەک رێبەرە مەزنەکانی دونیایە وەکو جۆرج واشینتۆن و غاندی و ماوتسیی تۆنگ و ئەبراهام لینکۆڵن و نیلسۆن ماندێالیە، ئەوانەی رۆحی نەتەوەکانیان زیندووکردەوە، بۆ نموونە (ماو)، لە وتارەکانیدا دەیگوت: ئەگەر دوژمنەکان و دۆستەکانی گەلەکەت بە باشی نەناسی، سەرکەوتن بەدەست ناهێنیت، ماو دەیگوت: دەبێت قسە بریقەدارەکانی دوژمنان بەهەڵەتدا نەبەن. ئەمەی (ماو) و زۆری تریش لە بارزانی دا دەبینرا، چونکە بارزانی لە ماو باشتر دوژمنەکانی گەلی کوردی ناسیوە، هەر بۆیە لە زۆربەی کارەکانیدا سەرکەوتنی باشی بەدەست هێنا و هیچ کاتێکیش سازشی لەسەر خاک و مافی نەتەوەکەی نەکردووە.

بارزانی کەسایەتییەکی بەناوبانگ و پارتیزان و شۆڕشگێڕ و نیشتمانپەروەر بوو، بارزانی لە نەتەوەیەکی بێ کەس و بێ پشت و پەنا بوو، بەاڵم بارزانی توانی لە ڕێگەی خەباتەکەیەوە، کێشەی ڕەوای نەتەوەکەی بە جیهان بناسێنێ. هەر لەو پێناوەشدا ژیان و تەمەنی خۆی بە گەل و نیشتمانەکەی بەخشی. بارزانی هیچکات باوەڕی بە دوژمن نەدەکرد. کەسێکی پێشکەوتنخواز بوو باوەڕی بە مافی هەموو ڕێکخراوە پیشەییەکان هەبوو، لەوانە یەکێتیی ژانیانی ئایینی، کە بە باشی هاوکارییانی دەکرد، هەروەها نووسەران و قوتابیان و لاوان و ئافرەتان، کە هەمیشە پشتیوانیان بوو.

بارزانیی نەمر ڕێزی لە خاوەن بیروبۆچوونە سیاسییە جیاوازەکان دەگرت، بۆ نموونە ڕێزی کۆمۆنیستەکانی کوردستان و عێراقیشی دەگرت، عەزیز محەمەد یەک لە سەرکردەکان و دواتر سکرتێری حزبی شیوعی بوو ئایدیای جیاوازی هەبوو، بەاڵم بارزانیی نەمر ڕێزی ئەو و شیوعییەکانی دیکەشی گرتووە. لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلوولدا کاتێک باڵی مەکتەبی سیاسی هێرشیان کردە سەر بارەگاکانی حزبی شیوعی، لە ناوچەکانی شۆڕشدا، حزبی شیوعی ئارام و ئاسوودە بوون.

• ساڵی ١٩٥٨سەرباز بوویت، کەسایەتی عەبدولکەریم قاسم چۆن هەڵدەسەنگێنیت، کە لەو ساڵەدا ڕابەرایەتی شۆڕشی ١٤ی تەموزی کرد؟

- ئەوکات من سەرباز بووم لە سوپای عێراقدا، وەکو گەنجەکانی نەوەی خۆم، زۆربەمان لە سەرەتاوە بە عەبدولکەریم قاسم سەرسام بووین، وەکو پیاوێکی بەهەڵوێست، دۆستی گەلی کوردستان و ئەفسەرێکی سەربازی ئازا، کەسێکی سیاسی عاقڵ لێی تێگەیشتبووین، بەتایبەتی ئەو بوو، سەرباری گوشاری نەتەوەپەرستەکانی عەرەبی عێراق، توانی لە ماددەی 3ی دەستووری عێراقیدا گەلی کورد بکاتە هاوبەشی گەلی عەرەب، بەاڵم عەبدولکەریم قاسم لەسەر ئەو هێڵەنەمایەوە کە خوازیار بوو ئاشتیانە دۆزی کورد لە عێراق چارەسەر بکرێت، گوشاری نەتەوەپەرستەکان و سیاسەتەکانی جەمال عەبدولناسر و تەنانەت گوشاری کۆمۆنیستەکانی عێراقیش هەمووییان وایان کرد، کە عەبدولکەریم قاسم بێتە دوژمنی گەلی کورد و گەلی عێراقیش، ئەویش کاتێک سوپای نارد سەر کوردستان و ناوچەکانی بارزان و بازیان و شۆڕشی ئەیلوول بە ڕێبەرایەتی مستەفا بارزانی بەرپا کرا.

هەرچۆنێک بوو عەبدولکەریم قاسم کێشەیەکی زۆرچاوەڕێی بوو، چونکە نەیتوانی دڵی کورد و ڕابەرەکەی رابگرێت، تورکمانەکان لە کەرکووک ئاژاوەیان بۆ نایەوە، لە موسڵ عەبدولوهاب شەواف هەرایەکی دروست کرد، ئەمە وێڕای ئەو ئاژاوە و کێشە و گرفتانەی، کە بە فیتی کۆمپانیا قۆرخکارەکان لە ناوەڕاست و خواروی عێراق دروستیان کرد، لە هەمان کاتدا ئێران و تورکیا و عەبدولناسڕیش دەستیان خستە ناو شۆڕشی 14ی تەموز، هەرخۆی لەخۆیدا گرفتی عەبدولناسڕ لەوەدا بوو، لە پێش شۆڕشی 14ی تەموز و لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشەکەش، رق و قینێکی زۆری لە عەبدولکەریم قاسم بوو و بە هیچ شێوەیەک خۆشی نەدەویست و دەیگوت: دایکی عەبدولکەریم لە پێکهاتەی کوردی فەیلیی شیعەیە، هەرچەندە باوکی عەرەبێکی سوننەیە و لە عەشیرەتی جومەیلی بوو، بە واتایەکی دیکە، عەبولناسڕ دایکی عەبدولکەریم قاسمی بە کورد دادەنا، هەرواش بوو، ئەوە بوو عەبدولناسڕ ئێزگەیەکی رادیۆی لە میسڕ دانا و تێیدا نەهجی ئەو ئێزگەیە هێرشکردن بوو لەسەر عەبدولکەریم قاسم، تەنانەت بەرنامەکانی هەر هەمووی قسە پێگوتن بوو بە عەبدولکەریم قاسم، لەبیرم دێت بێژەرێک هەبوو بەناوی (ئەحمەد سەعید)، کە لە رادیۆی (صوت عرب) لە میسڕ زۆر بەناوبانگ بوو، تەنانەت ئەگەر دوژمنیش گوێی لە ئەحمەد سەعید بگرتایە، تامەزرۆی قسەکانی دەبوو و حەزی دەکرد گوێی لێ گرتبا، کاتێک کە هێرشی دەکردە سەر عەبدولکەریم قاسمی عێراق دەیگوت: (قاسم العراق صنع اسرائیل پانی فی شمال عراق)، بەمەش سۆڤیەت پشتی کردە عەبدولکەریم قاسم، پشت تێکردنی کورد و یەکێتیی سۆڤیەتی جاران و حزبی شیوعی عێراق لە عەبدولکەریم قاسم، هۆکاری لە ناوچوونی دەسەاڵتەکەی بوون، دوژمنەکانی عەبدولکەریم قاسم تەنانەت 5 جار هەوڵی کوشتنیان دا و تەقەیان لێ کرد، من لە بیرمە جارێکیان لە مەحموودییە تەقەی لێ کرا بریندار بوو و نەکوژرا و رزگاری بوو، دوو جاری دیکەش لە بەغدا بریندار بوو، ئەوەبوو دواییەن جار لە 8ی شووباتی 1963 بەرکەوت و لەناویان برد، لەدوای نەمانی عەبدولکەریم قاسم، عێراق دووچاری زنجیرەیەک کارەسات و ڕووداو و ناخۆشی دیکە بوو، بە ڕاوبۆچوونی من، ئەگەر ناکۆکییەکانی کورد و شیوعی بیانهێشتایە، بەدڵنیاییەوە عەبدولکەریم قاسم مافی کوردی دەدا و چارەسەری ئەو کێشەیەی قۆناغ بەقۆناغ دەکرد، تەنانەت ڕێگای نەدەدا تۆرانییەکان و کۆمپانیای نەوت و عەبدولناسڕ و دەیان کەس و لایەن و دەوڵەتی دیکە دەست بخەنە ناو کاروباری عێراقەوە. بەداخەوە سۆڤیەتی جاران پشتی کردە عەبدوکەریم قاسم و پشتی جەمال عەبدولناسڕی لە میسڕ گرت و دەیویست وەکوو کاسترۆ بیکاتە پیاوێکی شۆڕشگێڕ و ڕەمزی شیوعیەت، ئەو کات سیاسەتی یەکێتیی سۆڤیێتی پێشوو وابوو، نەیدەویست نەتەوە بندەستەکان خەباتی نەتەوەیی و پارتیزانی دژی ئەو دەوڵەتانە بەکەن کە سەر بە بلۆکی خۆی بوون، یاخود بەشێوەیەکی وا بێت لە ژێر چەتری ئەودا نەبێت.



مافپەروەر محەمەد مەلاعەزیز سیامەنسووری*

ڕۆڵی ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەخۆپیشاندانەکانی کەرکوک 1982 و 1984

هیچ کەس و داگیرکەرێک ناتوانێت کەرکوک لە کوردستان جیابکاتەوە

دەربارەی خۆپیشاندانەکانی ساڵانی 1982 و 1984 هەروا بەرێکەوت و ڕەمەکی نەبوو، بەڵکو پێشتر ئامادەسازی بۆ کرابوو، ئێمە وەک ڕێکخستن و لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەڕۆژی 6/ 5/ 1982 سەعات 2ی پاش نیوەڕۆ لەقەبرستانی شێخ محێدین کە پێشتر دیاریکرا بوو کۆبوونەوە شان بەشانی ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانی و حزبی شیوعی و قوتابی و لاوانی نیشتمانپەروەر و هەروەها هەندێک کەسی نیشتمانپەروەر کە ئێمە متمانەمان پێیان هەبوو لە دەرەوەی ڕێکخستنی پارتە سیاسییەکان ئامادە بوون، واتە دەتوانم بڵێم ئەم کۆبوونەوەمان وەک گردبوونەوەیەکی سیاسی و جەماوەری بوو بۆ خۆپیشاندان دژی سیاسەتی بەعس و بەعەرەب کردنی کەرکوک، هەروەها لەلایەکی دیکەشەوە ئەم خۆپیشاندانەمان وەک پاڵپشتی بوو بۆ قوتابیانی ڕاپەڕیوی زانکۆی سەلاحەدینی شاری هەولێر لەو سەردەمەدا.

ڕۆژی 6/ 5/ 1982سەرەتا خۆپیشاندانەکە لەقەبرستانەکەوە بەرەو حەسیرەکە بەدیوی (ئیمام قاسم)دا شۆڕبوونەوە بە وتنی دروشمی «بژی هێزی پێشمەرگە» و «بڕوخێ ڕژێمی بەعسی فاشی»... هتد، بەردەوام بووین تاکو گەیشتینە (جووت قاوە) بەدیاریکراوی بەردەم مزگەوتی (نعمان). لەوێ خۆپیشاندانەکە کەوتە بەر دەستڕێژی گولەی دامودەزگاکانی ڕژێم، بەداخەوە چەندین قوتابی و الو شەهید و برینداریان کران. سااڵو و ڕێز بۆ گیانی شەهیدان دەنێرم، هەروەها بەسەدان قوتابی و الو و کاسبکاری کورد لەو ڕۆژەدا دەستگیرکران.

لەو ڕۆژگارە کە ڕژێمی بەعسی ڕووخاو بەئاگر و ئاسن حوکمی دەکرد! خۆپیشاندانەکانمان وەکو ڕێکخستنەکانی پارتی لە کەرکوک سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ کوردستانییەتی شاری کەرکوک، چونکە دوژمن بەدڕێژایی تەمەنی دەسەاڵتەکەی، بەردەوام سیاسەتی بەعەرەب و بەعسی کردنی لەشارەکە پەیڕەو کردووە. خۆنیشاندانەکانی کەرکوک زەنگێک بوو بۆ ڕژێم کە کورد هیچ کاتێک دەستبەردار خاک و نیشتمانی خۆی نابێت و هیچ ستەمکارێک و داگیرکەرێک ناتوانێت کەرکوک لە کوردستان جیا بکاتەوە.

هەروەها دەربارەی خۆپیشاندانەکەی 13/ 5/ 1984، ئەوکات من قوتابی پۆلی پێنجەمی زانستی بووم لەقوتابخانەی ئامادەیی (ئیمام قاسم) کە ڕژێمی بەعسی ڕووخاو ناوەکەی گۆڕی بوو بۆ ((ئامادەیی سەورە)). خۆپێشاندان و مانگرتنەکانمان وەکو جەماوەر و لایەنگر و ڕێکخستنەکانی پارتی لەناو شاری کەرکوک هەڵوێستێکی کوردانە و نیشتمانپەروەرانە بوو دژی سیاسەتی بەعەرەب و بەعسی کردن و ڕاگواستنی کورد لە کەرکوک، هەروەها وەکو لە پێشتر باسم کرد بۆ پاڵپشتی کردنی قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین بوو لە هەولێر کە ژمارەیەکی زۆریان لەزانکۆ دوورخرابوونەوە بەهۆی خۆپیشاندان و هەڵوێستی کوردانەیان.

قوتابخانەکەمان لایەنگر و ڕێکخستنی زۆربەی حزبە کوردستانییەکانی تێدا بوو بەشێوەی نهێنی.

منیش وەک ئەندامێکی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ هەڤاڵانم و باقی قوتابیان بەشدار بووم لە مانگرتن و خۆپیشاندانەکان. پاش ماوەیەکی کەم لەمانگرتنەکە، هێزەکانی ئەمن و دەزگا سیخوڕییەکان و هێزەکانی فریاکەوتنی بەعس و لێپرسراوانی بەعس، ڕژانە ناو قوتابخانەکە و نزیکەی 47 قوتابیان لێمان دەستگیرکرد و بردمانیان بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئەمنی مەنسور، لەوێ لەژێر ئەشکەنجەدا یەکێک لە قوتابییەکان بەناوی (نەجات سلێمان ڕۆژبەیانی) شەهید کرا (لێرەوە سااڵو دەنێرم بۆ گیانی پاکی ئەو شەهیدە و هەموو شەهیدانی کوردستان). هەروەها لەئەنجامی زۆریی ئەشکەنجەدان زۆربەی قوتابییەکان برینداریان کراین. داگیرکەرانی کوردستان هەرچەندە زۆر و ستەم و کوشتن و برین ئەنجام بدەن دژی گەلەکەمان، زیاتر کورد نیشتمانەکەی خۆش دەوێت و ئامادەیە لەپێناویدا بمرێت.

بەدڕێژایی دەسەاڵتەکەی، ڕژێمی بەعس سیاسەتی بەعەرەب کردنی لەکرکوک جێبەجێ کردووە بە هێنانی زیاتر لەبیست هەزار خێزانی عەرەب لەخوارووی عێراقەوە و لە بەرامبەریشدا دەستیکرد بەدەرکردنی کورد لەسەر موڵک و مااڵی خۆیان لەشارەکەدا و ڕاوەدوونانی کورد و لەکار البردن و ڕاگواستنی فەرمانبەرە کوردەکان بۆ دەرەوەی کەرکوک، هەموو ئەمانە ڕەفتار و سیاسەتی بەعەرەب کردنی کەرکوک بوون.

بەاڵم لە کۆتاییدا ڕژێمی بەعس نەیتوانی کەرکوک لە کوردستان جیا بکاتەوە، هیوادارم ئەم واقیعە بێتە وانەیەک بۆ دەسەاڵتی ئێستای شیعە و هەموو داگیرکەرێک بۆ هەر مەرامێک بخوازێ یان بیرلەوە بکاتەوە کەرکوک لە کوردستان جیا بکاتەوە و کاربکات بۆ گۆڕینی دیموگرافییەتی کەرکوک دژ بەکورد یاخود بێتە تەواوکەر و میراتی سیاسەتی چەوتی بەعس لە کەرکوک و ناوچە کوردستانییە داگیرکراوەکان. هەموان با باش بزانن هەرەوەک باوکی ڕۆحی نەتەوەیی کورد فەرموویەتی: «کەرکوک دڵی کوردستانە، ئەگەر تەنها یەک کورد لە ژیان بمێنێت کەرکوک کوردستانییە».

هەموو الیەک باش دەزانن ئەگەر کێشەی کەرکوک بەئاشتیانە چارەسەر نەکرێت هیچ کاتێک عێراق ئارامی بەخۆیەوە نابینێت. هەموو الیەک بابزانن کە هەرگیز بەشەڕ و کوشتار و گوشار و تەعریب، کوردستانییەتی کەرکوک لە گۆڕانێ، چونکە خاکی کەرکوک بەشێکی ڕەسەنی خاکی کوردستانە و هەرگیز مساوەمەی لەسەر نەکراوە و مساوەمەی لەسەر ناکرێ. باوکی ڕۆحی نەتەوەیی کورد جەنابی مالمستەفا بارزانیی نەمر فەرمووییەتی «ئەگەر لەنتیجەی سیاسەت و زوڵمی داگیرکەران یەک تاقە کوردیش لە کەرکوک نەمێنێت، کرکوک هەر کوردستانە». واتە هیچ هێز و داگیرکەرێک ناتوانێت کەرکوک لە کوردستان جیا بکاتەوە و هەرگیز پارتی و ڕێزی پیرۆزی بارزانی مساوەمەیان لەسەر کوردستانییەتی کەرکوک نەکردووە و نایکەن.

• کادری پێشکەوتووی پارتی دیموکراتی کوردستان.

مديرية تنفيذ ئاكرى
العدد /٣٥٦/ت.د/٢٠٢٠
اعلان
بناءا على القرار الصادر من هذه المديرية في الاضبارة التنفيذية المرقمة /٣٥٦/ت.د/٢٠٢٠ المتضمن بيع المنقول السيارة نيسان سينترا صالون المبين اوصافه ادناه تعلن هذه المديرية عن بيعه بالمزايدة العلنية فعلى الراغبين بالشراء مراجعة هذه المديرية مستصحبين معهم التامينات القانونية البالغة ١٠٪ من القيمة المقدرة وستجري المزايدة في الساعة الثانية عشرة (١٢:٠٠) ظهرا من اليوم الثالث التالي لنشر الاعلان واذا صادف عطلة رسمية ففي اليوم الذي يليه علما ان الدلالية ورسوم التسجيل على المشتري
الاوصاف :
رقم الاضبارة :- ٣٥٦/ت.د/٢٠٢٠
النوع :- نيسان سينترا صالون
موديل :- ٢٠١٧
الرقم :- ١١٧٩١١ / دهوك خصوصي
اللون :- اسود
القيمة المقدرة (١٥٤٤٠٠٠٠) خمسة عشرة مليون واربعمائة واربعون الف دينار عراقي
المنفذ العدل / بدران عبدالرحيم حاجي
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە /١٠٦٤/ت/ ٢٠١٨
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٧/١
ئاگەهداری
ڕێڤەبەریا مە راگەهینیت بفروتنا پشکین قەرزدار (سمير منصور هرمز) ژ ماڤی مایتێجونی (حق التصرف) د مولکین لخاری دیارکری ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا ڕێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠/سیە) ڕوژاندا کو دەسپێدکەت ژ ڕوژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمینا تێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان دگەل ناسناما عیراقی وبو زانین ڕەسمێ لێسەندنی وەدلالیێ لسەر بکری نە
١- ژمارا مولکی (١) کەرتی (٧٤) قشافر الغربیە ل سیمیلی روبەر (٢٨) دونم و (٢٢) اولك کوژمی سەهان (٩١٤,٤٥٧,٦٠٠) بشکا قەرزا ژ سەهان (١٦,٤٢٠,٣٢٠) بهایی هاتیە دانان بو پشکا قەرزداری (١٦,٢٠٦,٨٥٥) شازدە ملیون ودوو سەد وشەش هزار وهەشت سەد وپینجی وپینج دینار
٢- ژمارا مولکی (١٢) کەرتی (٧٤) قشافر الغربیە ل سیمیلی روبەر (١١) دونم و (٦) اولك کوژمی سەهان (٩١٤,٤٥٧,٦٠٠) بشکا قەرزا ژ سەهان (١٦,٤٢٠,٣٢٠) بهایی هاتیە دانان بو پشکا قەرزداری (٦,٠٥٩,٠٠٠) شەش ملیون وپینجی ونەە هزار دینار
٣- ژمارا مولکی (٢٦) کەرتی (٧٤) قشافر الغربیە ل سیمیلی روبەر (٢٩) دونم و (٢٤) اولك کوژمی سەهان (٩١٤,٤٥٧,٦٠٠)بشکا قەرزا ژ سەهان (١٦,٤٢٠,٣٢٠)بهایی هاتیە دانان بو پشکا قەرزداری (١٩,٥٠٧,٢٥٠) نوزدە ملیون وپینج سەد وحەفت هزار ودوو سەد وپینجی دینار
٤- ژمارا مولکی (٢٨) کەرتی (٧٤) قشافر الغربیە ل سیمیلی روبەر (٤١) دونم و (٥) اولك کوژمی سەهان (٦٧,٧٣٧,٦٠٠)بشکا قەرزا ژ سەهان (٤٠٣,٢٠٠)بهایی هاتیە دانان بو پشکا قەرزداری (٦,١٣٠,٧٥٠) شەش ملیون وسەد وسیە هزار وحەفت سەدو پینجی دینار
جێ بەجێ کاری داد / ریبر سلمان خالد
***
دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە / ٢٠١/ش/٢٠٢٠
ڕێکەوتی / ٢٠٢٠/٦/٢٤
راگەهاندن
بو / داوالیکراو: جمال الدين محمد عيد
ل دیف داخوازیا داواکار (مريم سمير عبد) وکێشا ژمارە (٢٠١/ش/٢٠٢٠) تێدا داخوازا پەسەندکرنا تەلاقا دەرەکی (تصديق الطلاق الخارجي) ل (٢٠٢٠/٣/٨) دناڤبەرا وی و تە و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بنگەهێ پولیسین (دهلال) یا ژمارە (١٧٢٨) ل (٢٠٢٠/٦/١٦) و نڤیسارا بەرپڕیا تاخێ (ئامەد/١) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕوژنامەیێت ڕوژانە دا ئامادە بی ل ڤێ دادگەهێ ل ڕوژا ٢٠٢٠/٧/١٣ ل دەمژمێر ٩ سپێدێ یان بڕیکارەکێ ژ پێش خو قە ئامادەبکی و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن .
دادەر / دارا طاهر توفيق
***
دادگەها بەرایی ل سێمێلێ
ژمارە / ١١/ب/٢٠٢٠
ڕوژا زایینی ٢٠٢٠/٦/٢٣
ئاگەهداری
لدویف فەرمانا دەرچووی ل ڤێ دادگەهێ ب ژمارە (١١/ب/٢٠٢٠) ل (٢٠٢٠/٢/٤) یاپێك هاتی ب نەهێشتنی کوبەشی (ازالە شیوع) زەڤیا ژمارە (١١٧٤/١ کەرتێ ٣٢ دیر جندی) ئەوا سالوخەتێن وێ ل خوارێ دیارکری بو سەر زێدەکرنا ناشکەرا بو ماوێ (٣٠) سیە ڕوژا هەر ژ ڕوژا پشتی بەلاڤکرنا ڤێ ئاگەهداریێ وهەر کەسێ بڤێت بەشداریێ بکەت بلا سەرەدانا ڤێ دادگەهێ بکەت ل دەمژمیر (١٢) دوازدێ نیڤرو ژتمام کرنا (٣٠) سیە ڕوژا پشتی ڕوژا بەلاڤکرنا ڤێ ئاگەهداریێ دگەل ئینانا دابینکرنێن یاسایی ب کوژمێ (١٠٪) ژترخێ گشتی یێ زەڤیێ ب کوژمێ (٨,٠٠٠,٠٠٠) هەشت ملیون دینار عیراقی ئەگەر شریك نەبن دوماهی هاتنا ماوێ دیارکری ل سەر زێدەکرن هێتە ڕەوانەکرن ب ئێکجاری ل دویف ڕێنمایا بو زانین کرڤێن کاتی و دەلالی دکەڤنە سەربکری سەرێك زیدەکرنێ ئەگەر بکەڤیتە روژەکا بهێن ڤەدانا فەرمی روژا دویڤ دا دبیتە روژا ژڤانی .
دادەر /قیصر صائب صلاح
سالوخەتێن زەڤیێ /

جوریێ زەڤیێ / زەڤیا بەتال
ئاراستا زەڤیێ ڕوژهەلات
ڕووبەرێ وێ ٢٠٠م
***
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەولێر
سەرۆکایەتی لیژنەی یەکەمی زەوی دەست بەسەراگرتن لە هەولێر
ژمارە: ١٩
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٦/٢٨
ئاگاداری
لەسەر داوای پارێزەر (هاوار حاجی دزەیی) بریکاری هاوواڵتی (قادر و اسعد و سعید مندالانی حسن زیندین) سەرۆکایەتی لیژنەکەمان هەڵدەستێت بە ڕاستکردنەوەی ناو:- لە (اسعد و قادر و سعید مندالانی حسین زیندین) بۆ (اسعد و قادر و سعید مندالانی حسن زیندین) لە بڕیاری تەسویەی پارچە زەوی ژمارە (١) کەرتی ٣٠/قاووق, بەهەڵە تۆمار کراوە, جا هەر کەس و لایەنێك بۆ هەڵستکاری هەیە لەسەر ڕاستکردنەوەی ناوەکە ئاگادارمان بکاتەوە لەماوەی (١٥) ڕۆژ لەبڵاوکردنەوەی ئاگادارییەکە بەپێچەوانەوە لیژنەکەمان کارەکەی ئەنجام دەدات بەپێی یاسا.
کاروان ابراهیم اسماعیل/ سەرۆکی لیژنە
***
دادگای باری کەسی لە خەبات
ژمارە: ١٢٦/ش/٢٠٢٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٦/٢٤
جاردان
بۆ داوالێکراو (جاسم حالو شیت)
ئامازە بە داوای ژمارە ١٢٦/ش/٢٠٢٠ کە تایبەتە بە داواکار (سعاد سعدون شیت) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٦/٢٤ بڕیاری دا بە (تصدیق طلاق خارجی) لەنێوان تۆو هاوسەرەکەت بەناوی (سعاد سعدون شیت) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نایارە بڕیاردرا بەپێ ڕاگەیاندنت بە دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانە ناوخۆیی بۆیە تۆ مافی پێداچوونەوەو نارەزایەت هەیە لە ماوەی (١٠) ڕۆژ لە پێ ڕاگەیاندنت بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێ بەپێی یاسا.
دادەر/ مسعود سعید صدیق
***
دادگای باری کەسی لە خەبات
ژمارە: ١٢٥/ش/٢٠٢٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٦/٢٤
جاردان
بۆ داوالێکراو (واثق عباس عبدالرزاق)
ئامازە بە داوای ژمارە ١٢٥/ش/٢٠٢٠ کە تایبەتە بە داواکار (اسراء محمد کلیبان) دادگا لەڕێکەوتی ٢٠٢٠/٦/٢٣ بڕیاری دا بە (تصدیق طلاق خارجی) لەنێوان تۆو هاوسەرەکەت بەناوی (اسراء محمد کلیبان) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نایارە بڕیاردرا بەپێ ڕاگەیاندنت بە دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بۆیە تۆ مافی پێداچوونەوەو نارەزایەت هەیە لە ماوەی (١٠) ڕۆژ لە پێ ڕاگەیاندنت بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێ بەپێی یاسا.
دادەر/ مسعود سعید صدیق
***
فەرمانگەی دادنووسی (عەنکاوە)
ئاگاداری
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٦/١٥
بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن پارێزەر (دیدار حسین علی) بریکاری گشتی (فادی زکی خلیل) لە بەرواری ٢٠١٩/١١/٢٦ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگەڕێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانراوە لە (عەنکاوە/ پیشەسازی ١٠٨) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
سەرۆکی لیژنە/ هێمن عبداللطیف مجید
ئامێرەکان:
١- مکینة غربال الفحم منضل بێ ژمارە دروستکراوی نییە مۆدێل نییە جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای نییە محلی.
٢- طاحونە فحم کسارة بێ ژمارە دروستکراوی نییە مۆدێل نییە جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای نییە محلی.
٣- عجانە فحم بێ ژمارە دروستکراوی نییە مۆدێل نییە جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای نییە محلی.
٤- کابسة فحم ابتدائیة بێ ژمارە دروستکراوی نییە مۆدێل نییە جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای نییە محلی.
٥- کابسة فحم نهائیة بێ ژمارە دروستکراوی نییە مۆدێل نییە جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای نییە محلی.
٦- سیر نقال مع تقطیع الفحم بێ ژمارە دروستکراوی نییە مۆدێل نییە جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای نییە محلی.
٧- مولد کهرباء/ PC.GENER/٤/L٢٧٨١ ATOR دروستکراوی نییە مۆدێل نییە جۆری سوتەمەنی گاز توانای توانای ٢٢٠/K.V٣٨٠.
***
دادگای بەرایی دەشتی هەولێر
ژمارەی داوا: ٢٤٤/ب/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٦/٢٤
جاڕدان
بۆ داوالێکراوان (عابدە رفیق عبدالرزاق ٢- احمد جمال ولی ٣- سعد جمال ولی ٤- رعد جمال ولی ٥- جمال عبدالستار جمال ٦- علی عبدالستار جمال ٧- سناء انور محمد ٨- حسن لقمان جمال ٩- عبدالحکیم لقمان جمال ١٠- سارە لقمان جمال) شوێنی دانیشتنتان نادیارە داواکار (ئارام مولود احمد) داوای ژمارە (٢٤٤/ب/٢٠١٩) لەسەرتان تۆمارکردووە تیایدا داوای (داوای نەمانی هاوبەشی دەکات لە مولکی ژمارە (١٧١٠/٢) کەرتی ٨١ گەرەسور)
لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گەرەکی (عەرەبی کۆن) بۆیە دادگا بریاریدا کەپێت ڕابگەیەنێ لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ئامادەبوونی خۆت یان بریکارێکی یاسایی لە دادبینی ڕۆژی ٢٠٢٠/٧/٢٣ کاتژمێر ٩:٠٠ سەر لەبەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی پاشملە و ئاشکرا دەرهەقتان ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.
دادەر/ نیگار احمد محمد
***
دادگای بەرایی دەشتی هەولێر
ژمارەی داوا: ٢٣٩/ب/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٦/٢٤
جاڕدان
بۆ داوالێکراوان (عابدە رفیق عبدالرزاق ٢- احمد جمال ولی ٣- سعد جمال ولی ٤- رعد جمال ولی ٥- جمال عبدالستار جمال ٦- علی عبدالستار جمال ٧- سناء انور محمد ٨- حسن لقمان جمال ٩- عبدالحکیم لقمان جمال ١٠- سارە لقمان جمال) شوێنی دانیشتنتان نادیارە داواکار (ئارام مولود احمد) داوای ژمارە (٢٣٩/ب/٢٠١٩) لەسەرتان تۆمارکردووە تیایدا داوای (داوای نەمانی هاوبەشی دەکات لە مولکی ژمارە (١٧٨٦/٢) کەرتی ٨١ گەرەسور)
لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گەرەکی (عەرەبی کۆن) بۆیە دادگا بریاریدا کەپێت ڕابگەیەنێ لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ئامادەبوونی خۆت یان بریکارێکی یاسایی لە دادبینی ڕۆژی ٢٠٢٠/٧/٢٣ کاتژمێر ٩:٠٠ سەر لەبەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی پاشملە و ئاشکرا دەرهەقتان ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.
دادەر/ نیگار احمد محمد
***
دادگای بەرایی دەشتی هەولێر
ژمارەی داوا: ٢٣٨/ب/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٦/٢٤
جاڕدان
بۆ داوالێکراوان (عابدە رفیق عبدالرزاق ٢- احمد جمال ولی ٣- سعد جمال ولی ٤- رعد جمال ولی ٥- جمال عبدالستار جمال ٦- علی عبدالستار جمال ٧- سناء انور محمد ٨- حسن لقمان جمال ٩- عبدالحکیم لقمان جمال ١٠- سارە لقمان جمال) شوێنی دانیشتنتان نادیارە داواکار (ئارام مولود احمد) داوای ژمارە (٢٣٨/ب/٢٠١٩) لەسەرتان تۆمارکردووە تیایدا داوای (داوای نەمانی هاوبەشی دەکات لە مولکی ژمارە (١٧٨٤/٢) کەرتی ٨١ گەرەسور) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گەرەکی (عەرەبی کۆن) بۆیە دادگا بریاریدا کەپێت ڕابگەیەنێ لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ئامادەبوونی خۆت یان بریکارێکی یاسایی لە دادبینی ڕۆژی ٢٠٢٠/٧/٢٣ کاتژمێر ٩:٠٠ سەر لەبەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی پاشملە و ئاشکرا دەرهەقتان ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.
دادەر/ نیگار احمد محمد
***
دادگای بەرایی دەشتی هەولێر
ژمارەی داوا: ٢٤٠/ب/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٦/٢٤
جاڕدان
بۆ داوالێکراوان (عابدە رفیق عبدالرزاق ٢- احمد جمال ولی ٣- سعد جمال ولی ٤- رعد جمال ولی ٥- جمال عبدالستار جمال ٦- علی عبدالستار جمال ٧- سناء انور محمد ٨- حسن لقمان جمال ٩- عبدالحکیم لقمان جمال ١٠- سارە لقمان جمال) شوێنی دانیشتنتان نادیارە داواکار (ئارام مولود احمد) داوای ژمارە (٢٤٠/ب/٢٠١٩) لەسەرتان تۆمارکردووە تیایدا داوای (داوای نەمانی هاوبەشی دەکات لە مولکی ژمارە (١٧٠٦/٢) کەرتی ٨١ گەرەسور) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گەرەکی (عەرەبی کۆن) بۆیە دادگا بریاریدا کەپێت ڕابگەیەنێ لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ئامادەبوونی خۆت یان بریکارێکی یاسایی لە دادبینی ڕۆژی ٢٠٢٠/٧/٢٣ کاتژمێر ٩:٠٠ سەر لەبەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی پاشملە و ئاشکرا دەرهەقتان ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.
دادەر/ نیگار احمد محمد
***
دادگای بەرایی دەشتی هەولێر
ژمارەی داوا: ٢٤١/ب/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٦/٢٤
جاڕدان
بۆ داوالێکراوان (عابدە رفیق عبدالرزاق ٢- احمد جمال ولی ٣- سعد جمال ولی ٤- رعد جمال ولی ٥- جمال عبدالستار جمال ٦- علی عبدالستار جمال ٧- سناء انور محمد ٨- حسن لقمان جمال ٩- عبدالحکیم لقمان جمال ١٠- سارە لقمان جمال) شوێنی دانیشتنتان نادیارە داواکار (ئارام مولود احمد) داوای ژمارە (٢٤١/ب/٢٠١٩) لەسەرتان تۆمارکردووە تیایدا داوای (داوای نەمانی هاوبەشی دەکات لە مولکی ژمارە (١٧٠٧/٢) کەرتی ٨١ گەرەسور) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گەرەکی (عەرەبی کۆن) بۆیە دادگا بریاریدا کەپێت ڕابگەیەنێ لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ئامادەبوونی خۆت یان بریکارێکی یاسایی لە دادبینی ڕۆژی ٢٠٢٠/٧/٢٣ کاتژمێر ٩:٠٠ سەر لەبەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی پاشملە و ئاشکرا دەرهەقتان ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.
دادەر/ نیگار احمد محمد
***
دادگای بەرایی دەشتی هەولێر
ژمارەی داوا: ٢٥٢/ب/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٦/٢٤
جاڕدان
بۆ داوالێکراوان (عابدە رفیق عبدالرزاق ٢- احمد جمال ولی ٣- سعد جمال ولی ٤- رعد جمال ولی ٥- جمال عبدالستار جمال ٦- علی عبدالستار جمال ٧- سناء انور محمد ٨- حسن لقمان جمال ٩- عبدالحکیم لقمان جمال ١٠- سارە لقمان جمال) شوێنی دانیشتنتان نادیارە داواکار (ئارام مولود احمد) داوای ژمارە (٢٥٢/ب/٢٠١٩) لەسەرتان تۆمارکردووە تیایدا داوای (داوای نەمانی هاوبەشی دەکات لە مولکی ژمارە (١٧٨٩/٢) کەرتی ٨١ گەرەسور) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گەرەکی (عەرەبی کۆن) بۆیە دادگا بریاریدا کەپێت ڕابگەیەنێ لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ئامادەبوونی خۆت یان بریکارێکی یاسایی لە دادبینی ڕۆژی ٢٠٢٠/٧/٢٣ کاتژمێر ٩:٠٠ سەر لەبەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی پاشملە و ئاشکرا دەرهەقتان ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.
دادەر/ نیگار احمد محمد
***
دادگای بەرایی دەشتی هەولێر
ژمارەی داوا: ٢٣٦/ب/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٦/٢٤
جاڕدان
بۆ داوالێکراوان (عابدە رفیق عبدالرزاق ٢- احمد جمال ولی ٣- سعد جمال ولی ٤- رعد جمال ولی ٥- جمال عبدالستار جمال ٦- علی عبدالستار جمال ٧- سناء انور محمد ٨- حسن لقمان جمال ٩- عبدالحکیم لقمان جمال ١٠- سارە لقمان جمال) شوێنی دانیشتنتان نادیارە داواکار (ئارام مولود احمد) داوای ژمارە (٢٣٦/ب/٢٠١٩) لەسەرتان تۆمارکردووە تیایدا داوای (داوای نەمانی هاوبەشی دەکات لە مولکی ژمارە (١٧١٢/٢) کەرتی ٨١ گەرەسور)
لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گەرەکی (عەرەبی کۆن) بۆیە دادگا بریاریدا کەپێت ڕابگەیەنێ لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ئامادەبوونی خۆت یان بریکارێکی یاسایی لە دادبینی ڕۆژی ٢٠٢٠/٧/٢٣ کاتژمێر ٩:٠٠ سەر لەبەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی پاشملە و ئاشکرا دەرهەقتان ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.
دادەر/ نیگار احمد محمد
***
دادگای بەرایی دەشتی هەولێر
ژمارەی داوا: ٢٤٦/ب/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٦/٢٤
جاڕدان
بۆ داوالێکراوان (عابدە رفیق عبدالرزاق ٢- احمد جمال ولی ٣- سعد جمال ولی ٤- رعد جمال ولی ٥- جمال عبدالستار جمال ٦- علی عبدالستار جمال ٧- سناء انور محمد ٨- حسن لقمان جمال ٩- عبدالحکیم لقمان جمال ١٠- سارە لقمان جمال) شوێنی دانیشتنتان نادیارە داواکار (ئارام مولود احمد) داوای ژمارە (٢٤٦/ب/٢٠١٩) لەسەرتان تۆمارکردووە تیایدا داوای (داوای نەمانی هاوبەشی دەکات لە مولکی ژمارە (١٧٠٧/٢) کەرتی ٨١ گەرەسور) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گەرەکی (عەرەبی کۆن) بۆیە دادگا بریاریدا کەپێت ڕابگەیەنێ لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ئامادەبوونی خۆت یان بریکارێکی یاسایی لە دادبینی ڕۆژی ٢٠٢٠/٧/٢٣ کاتژمێر ٩:٠٠ سەر لەبەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی پاشملە و ئاشکرا دەرهەقتان ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.
دادەر/ نیگار احمد محمد
***
دادگای بەرایی دەشتی هەولێر
ژمارەی داوا: ٢٤٧/ب/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٦/٢٤
جاڕدان
بۆ داوالێکراوان (عابدە رفیق عبدالرزاق ٢- احمد جمال ولی ٣- سعد جمال ولی ٤- رعد جمال ولی ٥- جمال عبدالستار جمال ٦- علی عبدالستار جمال ٧- سناء انور محمد ٨- حسن لقمان جمال ٩- عبدالحکیم لقمان جمال ١٠- سارە لقمان جمال) شوێنی دانیشتنتان نادیارە داواکار (ئارام مولود احمد) داوای ژمارە (٢٤٧/ب/٢٠١٩) لەسەرتان تۆمارکردووە تیایدا داوای (داوای نەمانی هاوبەشی دەکات لە مولکی ژمارە (١٧١٣/٢) کەرتی ٨١ گەرەسور)
لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گەرەکی (عەرەبی کۆن) بۆیە دادگا بریاریدا کەپێت ڕابگەیەنێ لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ئامادەبوونی خۆت یان بریکارێکی یاسایی لە دادبینی ڕۆژی ٢٠٢٠/٧/٢٣ کاتژمێر ٩:٠٠ سەر لەبەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی پاشملە و ئاشکرا دەرهەقتان ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.
دادەر/ نیگار احمد محمد
***
دادگای بەرایی دەشتی هەولێر
ژمارەی داوا: ٢٤٨/ب/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٦/٢٤
جاڕدان
بۆ داوالێکراوان (عابدە رفیق عبدالرزاق ٢- احمد جمال ولی ٣- سعد جمال ولی ٤- رعد جمال ولی ٥- جمال عبدالستار جمال ٦- علی عبدالستار جمال ٧- سناء انور محمد ٨- حسن لقمان جمال ٩- عبدالحکیم لقمان جمال ١٠- سارە لقمان جمال) شوێنی دانیشتنتان نادیارە داواکار (ئارام مولود احمد) داوای ژمارە (٢٤٨/ب/٢٠١٩) لەسەرتان تۆمارکردووە تیایدا داوای (داوای نەمانی هاوبەشی دەکات لە مولکی ژمارە (١٧٨٨/٢) کەرتی ٨١ گەرەسور)
لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گەرەکی (عەرەبی کۆن) بۆیە دادگا بریاریدا کەپێت ڕابگەیەنێ لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ئامادەبوونی خۆت یان بریکارێکی یاسایی لە دادبینی ڕۆژی ٢٠٢٠/٧/٢٣ کاتژمێر ٩:٠٠ سەر لەبەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی پاشملە و ئاشکرا دەرهەقتان ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.
دادەر/ نیگار احمد محمد
***
دادگای بەرایی دەشتی هەولێر
ژمارەی داوا: ٢٤٩/ب/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٦/٢٤
جاڕدان
بۆ داوالێکراوان (عابدە رفیق عبدالرزاق ٢- احمد جمال ولی ٣- سعد جمال ولی ٤- رعد جمال ولی ٥- جمال عبدالستار جمال ٦- علی عبدالستار جمال ٧- سناء انور محمد ٨- حسن لقمان جمال ٩- عبدالحکیم لقمان جمال ١٠- سارە لقمان جمال) شوێنی دانیشتنتان نادیارە داواکار (ئارام مولود احمد) داوای ژمارە (٢٤٩/ب/٢٠١٩) لەسەرتان تۆمارکردووە تیایدا داوای (داوای نەمانی هاوبەشی دەکات لە مولکی ژمارە (١٧١٤/٢) کەرتی ٨١ گەرەسور) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گەرەکی (عەرەبی کۆن) بۆیە دادگا بریاریدا کەپێت ڕابگەیەنێ لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ئامادەبوونی خۆت یان بریکارێکی یاسایی لە دادبینی ڕۆژی ٢٠٢٠/٧/٢٣ کاتژمێر ٩:٠٠ سەر لەبەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی پاشملە و ئاشکرا دەرهەقتان ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.
دادەر/ نیگار احمد محمد
***
دادگای بەرایی دەشتی هەولێر
ژمارەی داوا: ٢٥٠/ب/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٦/٢٤
جاڕدان
بۆ داوالێکراوان (عابدە رفیق عبدالرزاق ٢- احمد جمال ولی ٣- سعد جمال ولی ٤- رعد جمال ولی ٥- جمال عبدالستار جمال ٦- علی عبدالستار جمال ٧- سناء انور محمد ٨- حسن لقمان جمال ٩- عبدالحکیم لقمان جمال ١٠- سارە لقمان جمال) شوێنی دانیشتنتان نادیارە داواکار (ئارام مولود احمد) داوای ژمارە (٢٥٠/ب/٢٠١٩) لەسەرتان تۆمارکردووە تیایدا داوای (داوای نەمانی هاوبەشی دەکات لە مولکی ژمارە (١٧٨٧/٢) کەرتی ٨١ گەرەسور)
لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گەرەکی (عەرەبی کۆن) بۆیە دادگا بریاریدا کەپێت ڕابگەیەنێ لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ئامادەبوونی خۆت یان بریکارێکی یاسایی لە دادبینی ڕۆژی ٢٠٢٠/٧/٢٣ کاتژمێر ٩:٠٠ سەر لەبەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی پاشملە و ئاشکرا دەرهەقتان ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.
دادەر/ نیگار احمد محمد
***
ڕێڤەبەریا گشتی یا باژێرڤانییا
ل پارێزگەها دهوکێ
سەرۆکاتیا شارەوانیا سێمێلێ
مولك و زەڤی و زار
ژمارە: ٣٢٥/٢٦/٤ أ/٢٩٥
ڕێکەفت: ٢٠٢٠/٣/٩
ئاگەهداری
لدیڤ نڤیسارا ڕێڤەبەریا گشتی یا باژێرڤانیا ل پارێزگەها دهوکێ یا ژمارە ١٦٣٩ ل ٢٠٢٠/٣/٣ و نڤیسارا ڕێڤەبەریا نەخشە دانانا ئاڤەدانێ ل دهوکێ یا ژمارە (٣٣١) ل ٢٠١٩/٢/١٨ سەبارەت نەخشێ هاتیە ئامادەکرن بو بەشەك ژ نەخشێ ژمارە (٣٥٩) سێمێل کو تێدا پانیا جادێ (٤٠) م هاتیە گەورین و ڕاستڤەکرن و بویە (٣٠) م و بکارئینانا وێ هاتیە گهورین بو جادا بازرگانی و پارچە دکەڤنە لسەر جادێ ب (٣) نهوما هێتە ئاڤاکرن G+٢ ب باشڤەچوون ٢م و پێشڤەهاتن ١م ئەفجا لدیف نڤیسارێن لسەری دیارکری ئەم ئەڤی نەخشەی ڕادگەهینن و هەر دەستگایەکێ میری و یان هەر هاووەلاتیەکی پێشنیارەك یان بەرهنگاریەك هەبیت ژبو گهورینا ئەڤی نەخشەی یان نەرازیبوون لسەر دانانا ئەڤی نەخشی بلا داخوازیا خو پێشکێشی سەرۆکاتیا باژێرڤانیا سێمێلێ بکەت دماوێ یاسایی دا ٣٠ ڕوژا ژ میژویا دەرکەفتنا ئەڤێ ئاگەهداریێ و پشتی بورینا ئەڤی ماوەی هیچ داخوازی ناهێنە وەرگرتن و گەل چ پێشنیار یان بەرهنگاری پەیدانەبوون ئەف نەخشە دێ هێتە پەسەندکرن..
ئەندازیار/محسن عبدالکریم حسین
سەرۆکێ باژێرڤانیا سێمێلێ

دادگای بەرایی ئاکرێ
ژمارە: ١/استملاك قضائي/٢٠٢٠
رێکەوت: ٢٠٢٠/٦/٢٢
بۆ/ داوالێکراو/ المستملك منه الثاني/
(ملا محمد عزيز محمد)
ئاگادارى
داواکار/ المستملك (سەرۆکى شارەوانى ئاکرێ - سەرپارى کارەکەى) داواى ژمارەى سەرەوەى دەرهەق بە تۆ و (ملا احمد عزيز محمد) تۆمارکردووە لەبەردەم دادگاکەمان کە تیایدا داوا رووبەرى (٣٦) م٢ لە مولکى ژمارە (١٢٩ کەرتى ١٣٤ بساتين کواروە) بەناوى تاپۆى شارەوانى تۆماربکرێت چونکە ئەو ڕووبەرە کەوتووەتە بەر شەقامێکى گشتى وە لەبەر دیارنەبوونى شوێنى نیشتەجێبوونت دادگا بریارى دا بە ئاگادارکردنەوەت لەرێگاى یەك ڕۆژنامەى ناوخۆیى تاکو ئامادەبیت لەبەردەم دادگاکەمان لەڕۆژى ٢٠١٩/٧/٨ کە دیاریکراوە بۆ دادبینى بەپێى مادەى ١/٢١ لە یاساى دادبینى شارستانى و بەپێچەوانەوە دادگا هەڵدەستێت بەدادبینى پاش ملە دەرهەق بە تۆ و دەرکردنى بریارى پێویست بەپێى یاسا.
دادوەر/ خالد عثمان یوسف
***
سەرۆکاتیا باژێرڤانیا زاخو
مولکایەتى و زەڤى و زار
ژمارە: ٣٠١/٢/٢ / ١٧٨٥
رێکەوت: ٢٠٢٠/٦/٢٤
ئاگەهدارى
لدویف نڤیسارا ڕێڤەبەریا نەخشەدانانا ئاڤەدانى ل دهوکێ یا ژمارە (٢٢٧٩ ل ٢٠٢٠/٦/٢٢) و ئاماژە ب نڤیسارا ڕێڤەبەریا نەخشەدانانا ئاڤەدانى ل دهوکێ یا ژمارە (٥٨٨ ل ٢٠٢٠/٦/٢٢) سەبارەت گهورینا سکتەرێ پڕوژەى ژ پڕوژەکێ تەندروستى بۆ پڕوژەکى بازرگانى کو لسەر پارچا ژمارە (٢٧٨٢/١) کەرتێ ١١ اشکفت مارا) هاتبو تەرخانکرن بڕێکا وەبەرهێنانى بو (سەتەرێ نیدار یا دادنا) یا ڕەگەزێ وێ لدیڤ نەخشێ یا ژمارە (٢٨١ أ) خزمەت گوزارى یە لدویڤ یاسایا ڕێڤەبەریا شارەوانیان یا ژمارە (٦) یاسالا ١٩٩٣ بەندێ (٢٥) شارەوانیا زاخو ئاگەهدارىا هەمى هاوەلاتى و جهێن پەیوەندیدار دکەت بۆ ماوێ (٣٠) سیە ڕۆژا هەر ژ ڕۆژا بەلافکرنا ئاگەهدارێ ل ڕۆژنامێ دا هەر کەسێ شو لەژێ ماف هەیە ژبۆ دیارکرنا نەرازیبوونا خو یان هەر پێشنیارەکا هەبت دەبارەى ڤى نەخشەى پێش کێش بکەت بو شارەوانیا زاخو ل ماوێ ئاگەهدارێ.
ئەندازیار / بشار منیب محمود
سەرۆکێ باژێرڤانیا زاخو
***
ڕێڤەبەرییا گشتى یا باژێرڤانییا ل پارێزگەها دهوکێ
بەشێ مولك و زەڤى و زار
ژمارە: ١٠/٣٠٠/١/١
رێکەوت: ٢٠٢٠/٦/٢٩
ئاگەهدارى
لدویڤ یاسا فروتن و کرێکرنا مولکێن دەولەتێ ژمارە ٣٢ یا سالا ١٩٨٦ و ئەو دەستورکارێن لسەر ڤى بابەتى هاتینە دان لێژنا فروتن و کرێکرنێ دوویێ ڕادگەهینیت کو سەرئیك زێدەکرنەکا ئاشکەرا یا هەى ژبو کرێدانا (پارکا ڕاوستاندنا ترومبیلا) لسەر پارچە ئەردێ ژمارە (١/ ٥٧) کەرتى ٨٢ باجیکا ب ڕووبەرێ (٤٩٤٩)م٢ بو ماوێ ٣ سێ سالا و هەر کەسێ بڤێت پشکدارى یێ دڤێ سەرئیك زێدەکرنێدا بکەت بالا داخوازێت خو دگەل دابینکرنێ کو کێمتر نەبیت ژ ٢٠٪ ژبهایێ خەملاندنێ پێشکێشى سەروکاتیا باژێرڤانیا ئیبراهیم خلیل بکەت د ماوێ ٣٠ سیە ڕۆژا دا ژ بەلافکرنا ڤێ ئاگەهدارێ د ڕۆژنامێ دا و ئەڤ سەرئیك زێدەکرنە دێ هێتە کرن ل سەروکاتیا باژێرڤانى یا ئیبراهیم خلیل دەم ژمێر دوازدەى نیڤرۆ و هەرکەسێ بو بکەڤیت دێ بهایێ ئاگەهدارى یێ و هەمى خەرجێت بێتڤى دێ کەڤنە ستوێ وى.
ئەندازیار/ دیار بحرى رسول
ڕێڤەبەرێ گشتى
***
دادگای بەرایی هەولێر
ژمارە: ٢١١٧/ب٢٠١٩/٢
رێکەوت: ٢٠٢٠/٧/٥
داواکار: سەرباز محمد عبدالقادر و ها و بە شە کا نی
داوالێکراو: نێرگز کمال صدرالدین
شوێنى مولك: هەولێر – گەرەکى موفتى نزیك بەڕێوەبەرایەتى ئامارى پارێزگاى هەولێر
زمارەى مولك: (١٢/٧٣) کەرتى ٤٦ وارش
پێکهاتووەکان: خانوویەکى یەك نهۆمى لەسەر دروستکراوە و پێکهاتووە لە ٣ ژوورو هۆڵ و متبخ و حمام مرافق/ خانوویکى کۆنە
ڕووبەر: ٤٨٠,٢٥ م٢
نیشتەجێ: خانوێکى بەتاڵ
نرخى خەملاندن: ٣٨٨,١٥٠,٠٠٠ دینار
نرخى زەویە
١٢,٠٠٠,٠٠٠ دینار نرخى پێك هاتەکان
٣٠٠,١٥٠,٠٠٠ دینار کۆى گشتى زەوى و پێکهاتەکان. سێ سەد ملیۆن و سەد و پەنجا هەزار دینار.
پاڵپشت بە نووسراوى سەرۆکایەتى ئەنجومەنى دادوەرى هەرێمى کوردستان ژمارە (٥) لە ڕێکەوتى ٢٠٢٠/٤/٨ کە بەنووسراوى سەرۆکایەتى دادگاى تێهەلچوونەوەى ناوچەى هەولێر ژمارە (٥) لە ٢٠٢٠/٤/٨ گشتاندنى بۆ کراوە ئەم دادگایە بریاردرا بەفرۆشتنى ئاشکراى مولکى سەرەوە بۆ ماوەى (٣٠) ڕۆژ لە دواى بڵاوبوونەوە لە ڕۆژنامەى ڕۆژانە، جا هەرکەسێ نیازى کرینى هەیە هاوبەش بێ یان هاوبەش نەبێ سەردانى ئەم دادگایە بکات لەگەڵ دابینى یاسایى ڕێژەى ١٠٪ لە نرخى خەملاندنى فرۆشتنى ئاشکرا, کاتژمێر (١٢)ى نیوەڕۆ دەست پێ دەکات, هەرزیاد بوونێك دواى (٥) پێنج دەقیقە کۆتایى دێت.
دادوەرى یەکەم/ مجید سعید برادۆستى
***
دادگای بەرایی هەولێر
ژمارە: ٢١١٨/ب٢٠١٩/١
رێکەوت: ٢٠٢٠/٧/٥
داواکار: سەرباز محمد عبدالقادر و ها و بە شە کا نی
داوالێکراو: نێرگز کمال صدرالدین
شوێنى مولك: هەولێر – گەرەکى وەزیران
زمارەى مولك: (٩/٧١٢) کەرتى ٤٤ وارش
پێکهاتووەکان: زەوى بەتاڵ
ڕووبەر: ٦٠٠ م٢
نیشتەجێ:\
نرخى خەملاندن: ٨١٠,٠٠٠,٠٠٠ دینار
نرخى زەویە
پاڵپشت بە نووسراوى سەرۆکایەتى ئەنجومەنى دادوەرى هەرێمى کوردستان ژمارە (٥) لە ڕێکەوتى ٢٠٢٠/٤/٨ کە بەنووسراوى سەرۆکایەتى دادگاى تێهەلچوونەوەى ناوچەى هەولێر ژمارە (٥) لە ٢٠٢٠/٤/٨ گشتاندنى بۆ کراوە ئەم دادگایە بریاردرا بەفرۆشتنى ئاشکراى مولکى سەرەوە بۆ ماوەى (٣٠) ڕۆژ لە دواى بڵاوبوونەوە لە ڕۆژنامەى ڕۆژانە، جا هەرکەسێ نیازى کرینى هەیە هاوبەش بێ یان هاوبەش نەبێ سەردانى ئەم دادگایە بکات لەگەڵ دابینى یاسایى ڕێژەى ١٠٪ لە نرخى خەملاندنى فرۆشتنى ئاشکرا, کاتژمێر (١٢)ى نیوەڕۆ دەست پێ دەکات, هەرزیاد بوونێك دواى (٥) پێنج دەقیقە کۆتایى دێت.
دادوەرى یەکەم/ مجید سعید برادۆستى
***
دادگای بەرایی هەولێر
ژمارە: ٢١١٩/ب٢٠١٩/١
رێکەوت: ٢٠٢٠/٧/٥
داواکار: سەرباز محمد عبدالقادر و هاوبەشەکانى
داوالێکراو: نێرگز کمال صدرالدین
شوێنى مولك: هەولێر – زانیارى نزیك شەقامى ٦٠مەترى
زمارەى مولك: (١/١٢) کەرتى ٤٥ وارش
پێکهاتووەکان: خانوویەکى لەسەر دروستکراوە و پێك هاتووە لە ٤ ژوورو هۆڵ و حمام و مرافق لە خوارەوە وە ژوورێك لەسەرەوە لە کەرپوچ دروستکراوە و سەریشى بە کۆنکریت و چیمەنتۆ دروستکراوە
ڕووبەر: ٤٢٠ م٢
نیشتەجێ: کۆمەڵەى شەهیداى زیندوون کە کرێ نادەن بەڵام لە کاتى فرشتن دەردەچن
نرخى خەملاندن: ٥٠٤,٠٠٠,٠٠٠ دینار
نرخى زەویە
١٢,٠٠٠,٠٠٠ نرخى پێکهاتەکان
کۆى گشتى: ٥١٦,٠٠٠,٠٠٠ پێنج سەد و شازدە ملیۆن دینار
پاڵپشت بە نووسراوى سەرۆکایەتى ئەنجومەنى دادوەرى هەرێمى کوردستان ژمارە (١٥) لە ڕێکەوتى ٢٠٢٠/٤/٨ کە بەنووسراوى سەرۆکایەتى دادگاى تێهەلچوونەوەى ناوچەى هەولێر ژمارە (٥) لە ٢٠٢٠/٤/٨ گشتاندنى بۆ کراوە ئەم دادگایە بریاردرا بەفرۆشتنى ئاشکراى مولکى سەرەوە بۆ ماوەى (٣٠) ڕۆژ لە دواى بڵاوبوونەوە لە ڕۆژنامەى ڕۆژانە، جا هەرکەسێ نیازى کرینى هەیە هاوبەش بێ یان هاوبەش نەبێ سەردانى ئەم دادگایە بکات لەگەڵ دابینى یاسایى ڕێژەى ١٠٪ لە نرخى خەملاندنى فرۆشتنى ئاشکرا, کاتژمێر (١٢)ى نیوەڕۆ دەست پێ دەکات, هەرزیاد بوونێك دواى (٥) پێنج دەقیقە کۆتایى دێت.
دادوەرى یەکەم/ مجید سعید برادۆستى
***
دادگای بەرایی هەولێر
ژمارە: ٢١١٦/ب٢٠١٩/٢
رێکەوت: ٢٠٢٠/٧/٥
داواکار: سەرباز محمد عبدالقادر و ها و بە شە کا نی
داوالێکراو: نێرگز کمال صدرالدین
شوێنى مولك: هەولێر – پشت نەخۆشخانەى پار
زمارەى مولك: (٣٥٨/٨٥٢) کەرتى ٤٥ وارش
پێکهاتووەکان: زەوى بەتاڵ
ڕووبەر: ٩٦٠ م٢
نیشتەجێ:\
نرخى خەملاندن: ٦٧٢,٠٠٠,٠٠٠ دینار
نرخى زەویە
پاڵپشت بە نووسراوى سەرۆکایەتى ئەنجومەنى دادوەرى هەرێمى کوردستان ژمارە (١٥) لە ڕێکەوتى ٢٠٢٠/٤/٨ کە بەنووسراوى سەرۆکایەتى دادگاى تێهەلچوونەوەى ناوچەى هەولێر ژمارە (٥) لە ٢٠٢٠/٤/٨ گشتاندنى بۆ کراوە ئەم دادگایە بریاردرا بەفرۆشتنى ئاشکراى مولکى سەرەوە بۆ ماوەى (٣٠) ڕۆژ لە دواى بڵاوبوونەوە لە ڕۆژنامەى ڕۆژانە، جا هەرکەسێ نیازى کرینى هەیە هاوبەش بێ یان هاوبەش نەبێ سەردانى ئەم دادگایە بکات لەگەڵ دابینى یاسایى ڕێژەى ١٠٪ لە نرخى خەملاندنى فرۆشتنى ئیشعارى موختارەکانى تەلارستى بۆیە دادگا بریاریدا کە پێت رابگەیەندرێت لەرێگاى دوو ڕۆژنامەى ناوخۆیى ڕۆژانە بۆ ئامادەبوونى خۆت یان بریکارێکى یاسایى لە دادبینى ڕۆژى ٢٠٢٠/٧/٢٠ کاتژمێر ٩ بەیانى بەپێچەوانەوە دادبینى پاشملەو ئاشکرا دەرهەقت ئەنجام دەدرێت بەپێى یاسا.
دادوەر/ ناطق شمس الدين كوخا حسين
***
دادگای بارێ کەسایەتى ل دهوك
ژمارە/ ١٦٥/ش/٢٠٢٠
رێکەفت: ٢٠٢٠/٦/٢٩
ئاگەهدارکرن ب بریارا پاشملە
ب/ ئاگەهدارى
بۆ داوالێکراو: نێرگز کمال صدرالدین
شوێنى مولك: هەولێر – زانیارى نزیك شەقامى ٦٠مەترى
زمارەى مولك: (١/١٢) کەرتى ٤٥ وارش
پێکهاتووەکان: خانوویەکى لەسەر دروستکراوە و پێك هاتووە لە ٤ ژوورو هۆڵ و حمام و مرافق لە خوارەوە وە ژوورێك لەسەرەوە لە کەرپوچ دروستکراوە و سەریشى بە کۆنکریت و چیمەنتۆ دروستکراوە
ڕووبەر: ٤٢٠ م٢
نیشتەجێ: کۆمەڵەى شەهیداى زیندوون کە کرێ نادەن بەڵام لە کاتى فرشتن دەردەچن
نرخى خەملاندن: ٥٠٤,٠٠٠,٠٠٠ دینار
نرخى زەویە
١٢,٠٠٠,٠٠٠ نرخى پێکهاتەکان
کۆى گشتى: ٥١٦,٠٠٠,٠٠٠ پێنج سەد و شازدە ملیۆن دینار
پاڵپشت بە نووسراوى سەرۆکایەتى ئەنجومەنى دادوەرى هەرێمى کوردستان ژمارە (١٥) لە ڕێکەوتى ٢٠٢٠/٤/٨ کە بەنووسراوى سەرۆکایەتى دادگاى تێهەلچوونەوەى ناوچەى هەولێر ژمارە (٥) لە ٢٠٢٠/٤/٨ گشتاندنى بۆ کراوە ئەم دادگایە بریاردرا بەفرۆشتنى ئاشکراى مولکى سەرەوە بۆ ماوەى (٣٠) ڕۆژ لە دواى بڵاوبوونەوە لە ڕۆژنامەى ڕۆژانە، جا هەرکەسێ نیازى کرینى هەیە هاوبەش بێ یان هاوبەش نەبێ سەردانى ئەم دادگایە بکات لەگەڵ دابینى یاسایى ڕێژەى ١٠٪ لە نرخى خەملاندنى فرۆشتنى ئاشکرا, کاتژمێر (١٢)ى نیوەڕۆ دەست پێ دەکات, هەرزیاد بوونێك دواى (٥) پێنج دەقیقە کۆتایى دێت.
دادوەرى یەکەم/ مجید سعید برادۆستى
***
دادگای بارى کەسى دەشتى هەولێر
ژمارە: ٤٩١/ش/٢٠١٩
بەروار: ٢٠٢٠/٦/٨
جاردان
بۆ داوالێکراو: (مصطفى عثمان الطرابلس) شوێنى دانیشتنت نادیارە
داواکار (ریام عطاالله جاسم) داواى ژمارە (٤٩١/ش/٢٠١٨) لەسەرت تۆمارکردووە کە تیایدا داواى (جیابوونەوە) وە لەبەر ئەوەى شوێنى دانیشتنت نادیارە بەپێى ئاگادارى
لەبەر ئەوە دادگا بڕیارى دا بە گرتنى تۆ و بابى خویى خودى ژى رازى حجى رشید حاجى و ژبەر کو جهێ ئاکنجى بوونا تە نەدیارە لدویف ئاگەهدارىا دەستەکا هەلبژیر ل پارێزگەهىا دهوکى- تاخى میدیا ئاگەهدارکرنا تە بێتە کرن ل دوو ڕۆژنامەییىن ڕوژانەییێ نافخویێ کو ئامادەبێ ل بەرامبەر ڤى دادگەهى ل دەمژمێر دەه ل سپیدەهیا ڕوژا ٢٠٢٠/٧/٢١ و ل بەروڤاژى ڤى چەندى دادبینى ل دەرهەقێ تەدا ب نەئامادەیى و ئاشکرایێ هێتەکرن.
دادوەر/ زیرك محمد صدیق عبدالکریم
***
دادگەها بارى کەسایەتى ل سێمێلێ
ژمارە: ١٧٣/ش/٢٠٢٠
رێکەفت: ٢٠٢٠/٦/٢٣
ئاگەهدارى
بۆ داوالێکراو: ولید حجي رشید
حاجى/ جهى ئاکنجى بوونێ نەدیارە
داواکار (سیریج حجى رشید) داخازێ تێدا دکەت ڕەچلەکا خو ل ١٩٩٠/٦/٢ اثبات نسبها ژ تە و بابى خویى خودى ژى رازى حجى رشید حاجى و ژبەر کو جهێ ئاکنجى بوونا تە نەدیارە لدویف ئاگەهدارىا دەستەکا هەلبژیر ل پارێزگەهىا دهوکى- تاخى میدیا ئاگەهدارکرنا تە بێتە کرن ل دوو ڕۆژنامەییىن ڕوژانەییێ نافخویێ کو ئامادەبێ ل بەرامبەر ڤى دادگەهى ل دەمژمێر دەه ل سپیدەهیا ڕوژا ٢٠٢٠/٧/٢١ و ل بەروڤاژى ڤى چەندى دادبینى ل دەرهەقێ تەدا ب نەئامادەیى و ئاشکرایێ هێتەکرن.
دادوەر/ زیرك محمد صدیق عبدالکریم
***
دادگەها بارى کەسایەتى ل سێمێلێ
ژمارە: ١٧٤/ش/٢٠٢٠
رێکەفت: ٢٠٢٠/٦/٢٣
ئاگەهدارى
بۆ داوالێکراو: ولید حجي رشید
حاجى/ جهى ئاکنجى بوونێ نەدیارە
داواکار (خیسار حجى رشید) داخازێ تێدا دکەت ڕەچلەکا خو ل ١٩٩٥/٦/٧ اثبات نسبها ژ تە و بابى خویى خودى ژى رازى حجى رشید حاجى و ژبەر کو جهێ ئاکنجى بوونێ نەدیارە لدویف ئاگەهدارىا دەستەکا هەلبژیر ل پارێزگەهىا دهوکى- تاخى میدیا ئاگەهدارکرنا تە بێتە کرن ل دوو ڕۆژنامەییىن ڕوژانەییێ نافخویێ کو ئامادەبێ ل بەرامبەر ڤى دادگەهى ل دەمژمێر دەه ل سپیدەهیا ڕوژا ٢٠٢٠/٧/٢١ و ل بەروڤاژى ڤى چەندى دادبینى ل دەرهەقێ تەدا ب نەئامادەیى و ئاشکرایێ هێتەکرن.
دادوەر/ زیرك محمد صدیق عبدالکریم
***

ئاگادارى
ئاگادارى گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیاى (گەشەى هەلمان) بۆ پاککردنەوەى گشتى و بازرگانى گشتى/ سنوردار) بریارى پاکتاوکردنى کۆمپانیاى داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکى لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەى یاسایى دا ئاگادارى پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگاى هەولێر)
پاکتاوکار/ ایڤان مجید یونس
ناونیشان/ هەولێر- هەڤالان
ژمارەى مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٩١١٥١٩

ئاگادارى
ئاگادارى گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیاى (گەرمسار) بۆ بازرگانى کەل و پەلى کارەبایى/ سنوردار) بریارى پاکتاوکردنى کۆمپانیاى داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکى لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەى یاسایى دا ئاگادارى پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگاى هەولێر - گەنجانى ستى)
پاکتاوکار/ هیوا عمر صالح
ناونیشان/ هەولێر- گەنجان ستى
ژمارەى مۆبایل/ ٠٧٥٠٨٨٨٨٧٠١


ئاگادارى
ئاگادارى گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیاى (تۆپ لاند) بۆ نەخشەسازى ئەندازیارى و ڕاوێژکارى گشتى/ سنوردار) بریارى پاکتاوکردنى کۆمپانیاى داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکى لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەى یاسایى دا ئاگادارى پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگاى هەولێر)
پاکتاوکار/ ایڤان مجید یونس
ناونیشان/ هەولێر- خبات
ژمارەى مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٨٠٤٠١٧

بەڕێوەبەرایەتى گشتى تۆمارکردنى کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتى کۆمپانیاى هەولێر
هۆبەى یاسا
ژمارە: ٦١٤١
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٦/١٧
بڕیارى پاکتاوکردنى کۆمپانیاى (گەشەى هەلمان) بۆ پاککردنەوەى گشتى و بازرگانى گشتى/ سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکى بڕیارى دەستەى گشتى کۆمپانیاى (گەشەى هەلمان) بۆ پاککردنەوەى گشتى و بازرگانى گشتى/ سنوردار) لە ڕێکەوتى (٢٠٢٠/٦/١٣) تایبەت بەدانانى کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانى بەڕێز (رەنجبەر محسن خالد) بەپاکتاوکارى کۆمپانیاى نابراو, من بەڕێوەبەرى کۆمپانیاکانى هەولێر بڕیارى ناوبراوى سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێى ئەحکامى مادەى (١٦٠) لەیاساى تۆمارکردنى کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵى ١٩٩٧ى هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/٦/١٧
پشتیوان مصطفى قادر
بەڕێوەبەرى کۆمپانیاکانى هەولێر

بەڕێوەبەرایەتى گشتى تۆمارکردنى کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتى بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ٢٢٠٩
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٧/٥
بڕیارى سرینەوەى کۆمپانیا سنووردار
دواى تەواو کردنى سەرجەم ڕێکارەکانى پاکتاوکردنى کۆمپانیاى (اعالى الفرات) بۆ (بازرگانى ئامێرى مۆبایل/ سنووردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامى مادەى ١٧٧ لەیاساى تۆمارکردنى کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵى ١٩٩٧ هەموارکراو. من تۆمارکارى کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەى ناوى کۆمپانیاى ناوبراوى سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێى ئەحکامى مادەى (١٦٠) لەیاساى تۆمارکردنى کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵى ١٩٩٧ى هەموارکراو.
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەرى گشتى تۆمارکردنى کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتى گشتى تۆمارکردنى کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتى کۆمپانیاى هەولێر
هۆبەى یاسا
ژمارە: ٣٥٧٨
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/٢٤
بڕیارى پاکتاوکردنى کۆمپانیاى (گەرمسار) بۆ بازرگانى کەل و پەلى کارەبایى/ سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکى بڕیارى دەستەى گشتى کۆمپانیاى (گەرمسار) بۆ بازرگانى کەل و پەلى کارەبایى/ سنوردار) لە ڕێکەوتى (٢٠٢٠/٢/٢٣) تایبەت بەدانانى کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانى بەڕێز (هیوا عمر صالح) بەپاکتاوکارى کۆمپانیاى نابراو, من بەڕێوەبەرى کۆمپانیاکانى هەولێر بڕیارى ناوبراوى سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێى ئەحکامى مادەى (١٦٠) لەیاساى تۆمارکردنى کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵى ١٩٩٧ى هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/٢/٢٤
پشتیوان مصطفى قادر
بەڕێوەبەرى کۆمپانیاکانى هەولێر

بەڕێوەبەرایەتى گشتى تۆمارکردنى کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتى کۆمپانیاى هەولێر
هۆبەى یاسا
ژمارە: ٦١٢٨
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٦/١٧
بڕیارى پاکتاوکردنى کۆمپانیاى (تۆپ لاند) بۆ نەخشەسازى ئەندازیارى و ڕاوێژکارى گشتى/ سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکى بڕیارى دەستەى گشتى کۆمپانیاى (تۆپ لاند) بۆ نەخشەسازى ئەندازیارى و ڕاوێژکارى گشتى/ سنوردار) لە ڕێکەوتى (٢٠٢٠/٦/١٣) تایبەت بەدانانى کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانى بەڕێز (ایڤان مجید یونس) بەپاکتاوکارى کۆمپانیاى نابراو, من بەڕێوەبەرى کۆمپانیاکانى هەولێر بڕیارى ناوبراوى سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێى ئەحکامى مادەى (١٦٠) لەیاساى تۆمارکردنى کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵى ١٩٩٧ى هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/٦/١٧
پشتیوان مصطفى قادر
بەڕێوەبەرى کۆمپانیاکانى هەولێر



سزای (قەیسەر) بە شێوازی هەمان بۆچوون و بڕیاری یاسای ڕزگارکردنی عێراق



یونس حەمەد - ئۆسلۆ

لە ساڵی 2013وێنەگرێکی سەر بەدەزگای پۆلیسی سووری لە ڕژێمی شام هەڵگەڕایەوە ، لەکاتی دەربازبوونی لە دەستی ڕژێمی بەشار ئەسەد چەندین وێنە و نووسراو کە بریتی بوون لە زیاتر لە پەنجا هەزار بەڵگەی دروووست و خستیە بەردەست ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ ، لە وێنەکاندا نێو زیندان و چۆنیەتی زیندانیان نیشان دەدا کە چۆن پیاوانی ڕژێم ئازار و ئەشکەنجەی خەڵکیان داوە ، ئەم پۆلیسە وێنەگرە بە ناوێکی خوازراو (قەیسەر) ئەم وێنانەی بڵاوکردەوە ، لە 2016 ئەندامانی کۆنگرێسی ئەمریکی بۆ ئەم مەبەستە و لەسەر گرینگی ئەم وێنانە دوای مشتومڕێکی زۆر یاداشتێکیان پێشکەش بە ئەنجوومەنی نوێنەران و کۆنگریس کرد تا لەم کردە دڕندانەی ڕژێمی سووریا بە ولاّم بێت ، ئەوەبوو لە دیسەمبەری 2019دا دۆنالد ترەمپی سەرۆکی ئەمەریکا ئەو بڕیارەی لە بوودجەی بەرگری ئەمریکا پەسەند کرد، دوای ئەم پەسەندکردنە ئاماژەکان تێڕوانین وسەرنجی نوێیان دایە ناوچەکە ،چونکە ئەم سزا یاساییەی ئەمەریکا وەک ئەوەی جاران نەبوو ، لەبەر ئەوەی سەری یەکەمی دەسەڵاتی گرتەوە ئەویش بەشار ئەلئەسەد ،هەروەها 39کەسی دیکە لە سەرانی شام بە داوی ئەم سزایەوە بوون .. گەڕانەوە بۆ مێژووی بیست و دوو بەر لە ئێستادا ، واتا ساڵی 1998بەهەمان شێوە هەندێک جیاوازتر ئەمریکای زلهێز سزای بەسەر عێراقدا سەپاند ، ئەوکات بیل کیلنتۆن سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بڕیاری ڕزگاری عێراقی پەسەند کرد کە لە کۆنگریسەوە دەرچووبوو و دواتر جێ بەجێ کرا ، سزای (قەیسەر) کاریگەرییەکەی زۆر تووند دیارە ، نە ڕووسیا و نە ئێران و نە تووركیاش توانای ئەوەیان نیە سەبارەت بەم سزایانە مافی قسە و لێدوانیان هەبێت ، چونکە وەک ئاماژە پێکراوە کۆنگریس بڕیاری لەسەر داوە دەبێت ڕژێمی ئەلئەسەد یان سەد دەر سەد ڕەوشت و ڕەفتاری خۆی بگۆڕێت و بۆ چارەسەرێکی سیاسیانە هەنگاو بنێت یان ئەوەتا دەڕووخێت ، تورکیا پێدەچێت چەند گفت و بەڵێنێکی نەنووسراوی پێ درابێت بۆیە بێ دەنگە یان بێ دەنگی هەڵبژاردووە ، ئێران باش لەوە گەیشتووە ئەگەر هەر چییەک بکات ئەوە هەر لێی خۆشنابن ، تەنانەت ئەگەر بێ هیچ مەرج دەرگا بۆ پیاوانی پشکنینی نێودەوڵەتی والاّ بکات بۆ بەرنامە ئەتۆمیەکەی لێرەدا ڕووسیا ژمارەیە ، هەڵسوکەوتی مۆسکۆ هەر لە سەرەتادا وەک جێبەجێکارێک خۆی وێناکرد تا ڕۆڵگێڕ .. سزاکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران لەملاشەوە بەرەکەی کە چەندین ساڵە خۆی بۆ هیلاک کرد و پێکی هێنا (حزبوللاّ) بەیروت و دیمەشق پاسدار و سەنعای بە (حووسی و بەغدای بە حەشدی شەعبی) گرتووە و دەیویست زیاتر هەنگاو بنێ ، بەڵام دوای دەستبەسەر داگرتنی ئەمریکا ئەو بەرەیە کە زیاتر بە (هیلالی شیعی) دەناسرا هەڵوەشایەوە ، ئێستا هیچ شتێک بە ناوی ئەم (هیلاڵە)بوونی نەماوە ،ئەگەر چەند قۆناخێک بگەڕێینەوە دواوە دەبینین سعودیە بە هێزێکی گەورەی دارایی و دیپلۆماسی کاری کرد بۆ ئەوەی ئێران نەگاتە ئەو مرازەی کە چەندین دەیەیە یاخود بڵێین چەند سەدەیەکە بەرنامەی بۆ داڕێتووە .. ئیسرائیل دوای 2011 هەستی بە مەترسی ئەوە کرد کە گەلانی عەرەب ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان لە سەرۆکەکانی خۆیان قبوڵ نەکرد ئەوە لە ئیسرائیلیش لە ئایندەدا قبوڵ ناکەن ،هەر بۆیە زوو بە خۆ کەوت و ئەمەریکای ڕاسپارد کە نابێت خۆی بێ دەنگ بکات یان دەبێت ڕۆڵێکی گەورە و فراوانتر بگێڕێت، ئەوە بوو ئەمەریکا بە ویستی سعودیە لەلایەک لەملاشەوە ئیسرائیل هاتەوە تەواوی ناوچەکە ، وەک چۆن یاسای ڕزگاری عێراقی دەرکرد تا ڕووخانی ڕژێم نەوەستا ، ئەمجارەیان سزای (قەیسەر) تا نەمانی ئەلئەسەد و ڕژێمەکەی وەستانی نیە ، وێڕای ئەمەش ئێران دۆخەکەی ئەوەندە سەخت و دژوارە نازانێت چۆن خۆی دەرباز بکات ، لە هەموو لایەکەوە گەمارۆکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژدا سەختتر دەبێت ،بۆیە ئەمجارەیان ڕژێمی ئەلئەسەد ڕووخانەکەی ساناتر دەبێت لە جاران.

ئەمڕۆ لە مێژوودا




سالی **1785**:
بە کۆی دەنگ دۆلار وەک دراوی فەرمی ئەمەریکا ڕاگەیەنرا.



سالی **1893**:
گێژەڵوکێکی بەهێز لە ویلایەتی ئەیوای ئەمەریکا ڕوویدا و لە ئەنجامدا 71کەس گیانیان لەدەست دا و 200 کەسی دیکە بریندار بوون .



سالی **1939**:
لە ئەڵمانیا سەرجەم ئەو داموددەزگایانە داخران کە لەلایەن جولەکەوە خاوەنداری دەکران.



سالی **1966**:
دوای دوو ساڵ جیابوونەوە لە شانشینی یەکگرتوو، کۆماری مالاوی ڕاگەیەنرا.



سالی **2018**:
ژاپۆن داڕێژەری پلانی هێرشەکەی ساڵی 1995بۆ سەر میترۆی تۆکیۆی لە سێدارە دا.



سالی **2018**:
هەریەکە لە چین و ئەمەریکا بە بڕی 34ملیار دۆلار باجیان خستە سەر کەلوپەلی یەکتر.

زاراوەی سیاسی

عیلمانیەت

ژمارەیەکی زۆر لە شارەزایان و سیاسەتمەداران دەربارەی ئەم چەمکە دەڵێن: وشەیەکە لە دوای کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی کلێسا لەسەر ژیانی سیاسی لە ئەوروپا سەری هەڵداوە و بە شێوەیەکی گشتی عیلمانیەکان ڕازی نین بە سەرهەڵدانی دەوڵەتی ئایینی و پشتگیری لە دەوڵەتی مەدەنی دەکەن ، دەوڵەتێک کە تیایدا دەستوور و یاسا سەرچاوەکەی بن. دەوڵەتی عیلمانی وڵاتێکی بێ ئاین نیە و مانای ئەوە نیە کە ئاین ڕەت دەکاتەوە یان قبوڵی ناکات و دژی ئەوانەش ناوەستێتەوە کە ئایندارن، بەڵکو لەگەڵ دەسەڵاتی ئایینی هەڵناکات.



www.xebat.net
دووشەممە 2020/7/6 ژمارە (5968)
خەبات

وەهمی ئاشتی لە لیبیا و گەمەی میسر و تورکیا لەو وڵاتەدا

ئا: ساپیر حوسێن

رۆژهەلاتی ناوەراست بەگشتی لە قەیرانێکی زۆر جدی دایە و بەردەوام ترسی ئەوەی هەیە کە دۆخی سیاسیی و کۆمەلایەتی و پەیوەندییەکانی مەترسیدارتر بێت لەوەی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا چاوەڕوان دەکرێ، بەجۆرێک داتەپینی بازاڕی ئابووری هەموو پلانە ستراتیژیەکانی وڵاتانی رۆژهەلاتی ناوینی گۆڕیوە و مەترسی بۆتە دیوەزمەیەکی هەمیشەیی کە وڵاتانی رۆژهەلاتی ناوینی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە. لەلایەکی دیکە ئەوەی ئێستا لە گۆڕەپانی سیاسی جیهانی سێیدا دەگوزەرێ بنەماکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە دەوڵەتی بەهێز ئەجیندای خۆی بەسەر وڵاتانی دواکەوتوو دەسەپێنێ. ئەم دیاردەیەش رەگی لە مێژوو داکوتاوە کە بەهێزەکان بێهێزەکان کۆنترۆڵ دەکەن. بەمانایەکی دیکە وڵاتانی زلهێز بۆ سەپۆرتکردنی مانەوەیان و درێژەدان بە تەماعی داگیرکاریان پێویستیان بەوەیە کە سەرمایە پەیدا بکەن، یەدەگی سەرمایەی ئەوانیش بەو شێوە داگیرکاریە پڕ دەکرێتەوە، کە دەستی تەماعی داگیرکاری بەرن بۆ سەر وڵاتانی دیکەی خاوەن شکۆ. لەم شیکارییەشدا تیرۆرانین و ئەجیندای میسر و تورکیا دەخەینە روو لە خاکی لیبیادا، کە میدیاکانی جیهانی وەک شرۆڤەکانی هەمە ڕەهەند خستویانەتە روو...

میسر لە بەردەم پرۆژەی داگیرکاری تورکیا لە لیبیا دەوەستێتەوە

رۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت، بەناونیشانی (میسر لە بەردەم پرۆژەی داگیرکاری تورکیا لە لیبیا دەوەستێتەوە) بابەتێکی بڵاوکردۆتەوە و لە ناوەرۆکیدا جەخت لەسەر ئەو حەقیقەتە کراوەتەوە کاتێک میسر دەکەوێتە دۆخی جوولەی سەربازییەوە، ئەمە بەو مانایە دێ کەوا جوگرافیای عەرەبی لە مەترسیدایە. نوسەر پێ وایە کە هەر چارەسەرێکی سیاسی لە دۆخی جەنگ و پێکدادان لە هێزەوە سەرچاوە دەگرێ. جەخت لەسەر ئەوەش کراوەتەوە کە رەنگە تورکیا بەو هەنگاوەی لە لیبیا ناویەتی مێژووی شکستی عوسمانییەکان دووبارە بکاتەوە، کاتێک لە ساڵی 1831 محەمەد عەلی پاشای میسر چووە ناو ئەنادۆل و هەرشەی لە ئەستەنبوڵ کرد و لە کۆنیە شکستی پێ هێنا. نوسەر پێ وایە تورکەکان ئاشنای هێزی میسرین و ئەگەر واز لە دەستوەردان نەهێنن لە لیبیا ئەوە دووبارە تامی شکستی عوسمانییەکان دەچێژنەوە.

میسر و تورکیا و تاقیکردنەوەی لیبیا

رۆژنامەی عوکازی سعودی، بەناونیشانی (میسر و تورکیا و تاقیکردنەوەی لیبیا) بابەتێکی بڵاوکردۆتەوە و تێیدا نووسەر چەندین پرسیاری وروژاندووە دەربارەی مەبەستی تورکیا لە پلانی داگیرکردنی لیبیا، لەوانەی ئایا تورکیا لەم دەستێوەردانە مەبەستی چییە؟ دەیەوێ ببێتە یاریزانێکی سەرەکی لە دورگەی عەرەبی و ناوچەکە، یان دەیەوێ لاسایی ئێران بکاتەوە و ئەجیندای خۆی بەسەر وڵاتانی عەرەبی فەرز بکات؟ ئایا مەبەستی ئەوەیە کە میسر ئابلۆقە بدات و بیخاتە ژێر هەژموونی خۆیەوە؟ یان مەبەستیەتی دۆزێ بە پرۆژەی ئیخوانیکردنی ناوچەکە بدات و بەهاری عەرەبی زیندوو بکاتەوە..؟ لەناوەرۆکیدا شرۆڤەیەکی سیاسی روون دەخاتە روو کە تورکیا بەم هەنگاوەی دەیەوێ کلیلی ناوچەکە بخاتە ژێر دەستی خۆی و لەگەڵ ئەمریکا ڕێگە لە چالاکییەکانی روسیا بگرن لە ناوچەکەدا ، ئێستاش کە میسر هاتۆتە سەر خەت رەنگە زۆر شت گۆڕانکاریان بەسەردا بێت بەتایبەتی ئەو گەمەیەی ئەردۆگان لە ڕێگەی بەکرێگیراوەکان لە وڵاتانی ناوچەکە ئەنجامی دەدات بە تایبەتی لە سوریا و لیبیا و عێراق.

هاوکێشەی سیسی لە لیبیا

رۆژنامەی ئەلقودس، بەناونیشانی (هاوکێشەی سیسی لە لیبیا) بابەتێکی بڵاوکردۆتەوە، نووسەر ئاماژە بە وتاری عەبدولفەتاح سیسی سەرۆکی میسر کردووە کە لەبەرامبەر هەڕەشەی وڵاتان بۆ سەر وڵاتانی عەرەبی گوتبووی میسر بە هەنگاوێک دەگاتە هەر وڵاتێک کە هەڕەشەی داگیرکاری لەسەر بێت، ئەوەش وەک ئاماژەیەک بوو بۆ تورکیا کە پلانی داگیرکاری لیبیای لە ئەجینداییە. سیسی دووپاتی کردەوە کە هیچ وڵاتێک ناتوانێ هەڕەشە بکات تا میسر لە گۆڕەپانەکەدا مابێت. سیسی ڕەخنەی لە دەستوەردانی تورکیا گرت لە خاکی لیبیا و ئەوەی بە تەواوکەری هەوڵی ئیخوانی ناساند و جەختی کردەوە کە ناکرێ قەیرانی لیبیا بۆ مەرامی تایبەتی وڵاتان بقۆزترێتەوە. لەسەر سنوری وڵاتەکەشی لەگەڵ لیبیا دووپاتی کردەوە کە شاری سرتی لیبی هێڵی سوورە سوپای میسریش بەرپرسە لە پاراستنی ئەو سنوورە و ئەوە بە جەخت لەسەر ئەوەش کراوەتەوە کە ئەو وڵاتانەی بە شێوەیەکی ناشەرعی هێزیان ناردۆتە لیبیا تەنها مەبەستیان دەستکەوتی ئابووری و تاڵانکردنی نەوت و گازی لیبیایە. بەتایبەتی وڵاتانی لیبیا و قەتەر کە لە ڕێگەی ئیخوانەکانەوە دەستیان



هەڕەشەیەی سیسی بەراگەیاندنی جەنگ شرۆڤە کراوە، هاوکات لە رۆژهەلاتی لیبیا پێشوازی لەم لێدوانەی سیسی کراوە و وەک بەڕەچدانەوەی هەوڵی داگیرکاری تورکیا وسفکراوە، گوایە ئەوەی سیسی دەیکات بەسەر جومگەکانی دەسەلاتدا گرتووە.

میسر ئامادەیە جەنگ لە پێناو ئاشتی بەرپا بکات

مالپەڕی روسیا ئەلیەوم، بەناونیشانی (میسر ئامادەیە جەنگ لە پێناو ئاشتی بەرپا بکات) بابەتێکی بڵاوکردۆتەوە و لە ناوەرۆکی ئەو بابەتەدا ڕەخنەی توند لە حکومەتی ویفاقی لیبی گیراوە لە تەرابلوس کە بەبێ هەڵبژاردن خۆی سەپاندۆتە سەر حوکمرانیەتی لیبیا، نووسەر ئاماژە بەوە کردووە کە چەتەکان بە هاوکاری تورکیا دەستیان کردووە بە رشتنی خوێنی سەدان هاوڵاتی لیبی و ئەجیندای داگیرکەران لە ناو خاکی لیبیا جێبەجێ دەکەن.



مافی خۆی دەزانێ کە بەرگری لە سنوری وڵاتێکی عەرەبی بکات.

گەلی لیبیا و شەرعیەتی هێنانی داگیرکەران

مالپەڕی ئەلعەرەب، بەناونیشانی (گەلی لیبیا و شەرعیەتی هێنانی داگیرکەران) بڵاوکردۆتەوە و لە ناوەرۆکی ئەو بابەتەدا ڕەخنەی تونند لە حکومەتی ویفاقی لیبی گیراوە لە تەرابلوس کە بەبێ هەڵبژاردن خۆی سەپاندۆتە سەر حوکمرانیەتی لیبیا، نووسەر ئاماژە بەوە کردووە کە چەتەکان بە هاوکاری تورکیا دەستیان کردووە بە رشتنی خوێنی سەدان هاوڵاتی لیبی و ئەجیندای داگیرکەران لە ناو خاکی لیبیا جێبەجێ دەکەن.

لە پێناو سەروەری خاکی لیبیایە و ئەوەی تورکیاش دەیکات هەوڵی داگیرکاریە بە هەموو ماناکانی داگیرکاری. شایەنی باسە هەڕەشەکەی سیسی لەسەر ئاستی جیهانی لێکدانەوەی جیاوازی بۆ کراوە و هەریەکەو لە گۆشەنیگایەکەوە خوێندنەوەی بۆ کردووە.

دەرکەوتنی دژە میحوەری تورکیا لە رۆژهەلاتی ناوەراست

مالپەڕی روسیا ئەلیەوم، لەژێر ناونیشانی (دەرکەوتنی دژە میحوەری تورکیا لە رۆژهەلاتی ناوەراست) بابەتێکی بڵاو کردۆتەوە، لەناوەرۆکیدا ئاماژە بە کردنەوەی بالێۆزخانەی لیبیا دەکات لە دیمەشق کە لەلایەن نوێنەرانی موشیر گەلانی لیبیا.

گەورەترین وڵاتی خەتەرناک بۆ عەرەب

رۆژنامەی ئەلقودس، بەناونیشانی (گەورەترین وڵاتی خەتەرناک بەسەر عەرەبەوە کییە؟) بابەتێکی بڵاوکردۆتەوە، لە ناوەرۆکیدا ئاماژە بە وتەی عەمرو موسای ئەمینداری گشتی پێشووی نەتەوە یەکگرتووەکان و وەزیری دەرەوەی میسری کراوە کە لە لێدوانێکیدا جەختی کردۆتەوە کە تورکیا گەورەترین مەترسییە بەسەر وڵاتانی عەرەبیەوە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە تورکیا خاوەنی هێزێکی ستراتیژی مەزنە، سەرباری ئەوەی کە تورکیا ئەندامی هاوپەیمانی ئەتلەسی ناتۆشە. لەلایەکی تر تورکیا پەیوەندی ستراتیژی بەهێزی هەیە لەگەڵ ئەمریکادا هەروەها لەگەڵ روسیاش بالانسی پەیوەندیەکانی خۆی راگرتووە و لەگەڵ یەکێتی ئەوروپاش بەرژەوەندی هەمەلایەنی هەیە. ئیسرائیلیش بەهەمان شێوەی تورکیا پەیوەندی ستراتیژی بەهێزتری هەیە لەگەڵ ئەمەریکا و روسی او ئەوروپا و تەنانەت یەکێتی ئەفریقیاش. موسا دووپاتی دەکاتەوە کە لە حالەتێکی وادا ئەگەر حاکمی میسر پێی وابوو کە پێویستەپەیوەندی سەربازی و سیاسی لەگەڵ ئیسرائیل تێکەڵ بکرێ، ئەوە پێویستە عەرەب ئەو بڕیارە لە بەرژەوەندی خۆیان بزانن. بەهەمان شێوە ئەگەر بە بەرژەوندی زانرا دەست تێکەڵ بکرێ لەگەڵ ژەنەرالێکی خوێن ڕێژی وەک حەفتەر لە لیبیا ، ئەوە پێویستە عەرەب ئەم بڕیارە بە قازانجی سەربەخۆیی وڵاتێکی عەرەبی وەکو لیبیا بزانن و بەپاراستنی بەرژەوەندیەکانی خۆیانی لێک بدەنەوە. ئەگەر حاکمیش تێکدانی پەیوەندیەکانی لەگەڵ تورکیا بە بەرژەوەندی زانی، ئەوە پێویستە هەموو عەرەب سەنگەر لە تورکیا بگرن.

ئایا تورکیا دەبێتە یاریزانێکی سەرەکی لە گۆڕەپانی وڵاتانی عەرەب؟

رۆژنامەی دەستوری ئوردەنی، بەناونیشانی (ئایا تورکیا دەبێتە یاریزانێکی سەرەکی لە گۆڕەپانی وڵاتانی عەرەب

خانمە شەترەنجزانێکی ئۆکرانیا لە دیدارێکی خەبات دا..

ئۆڵگا: خەڵکی هەولێرم زۆر خۆشدەوێت و هیوادارم لەداهاتوودا جارێکی تر سەردانی کوردستان بکەمەوە

دیانە: هاوار مورتکەیی



بابیبا ئۆڵگا ئەو خانمە شەترەنجزانەی وڵاتی ئۆکرانیایە، خاوەنی چەندین دەسکەوتە لەسەر ئاستی وڵاتەکەی و جیهان و هەڵگری بڕوانامەی WGM گراندماستەرە لە یەکێتی شەترەنجی نێودەوڵەتی،ئەم کچە یاریزانە لەساڵی 2015 بەشداربیەکی پاڵەوانێتی شەترەنجی یانەی خانزادی کرد لە شاری هەولێر، ئەو ماوەیەی لە کوردستان بوو زۆر دڵخۆش بوو بەناسینی خەڵکەکەی و دەڵێ هیوادارم لە داهاتوودا جارێکی دیکە سەردانی کوردستان بکەمەوە.

لاپەڕەی وەرزشی رۆژنامەی خەبات دیانەیەکی لەگەڵ ئەنجامداوە وێڕای باسکردن لە کاروان و دەسکەوتە وەرزشییەکانی، لەهەمان کاتیش ئاماژەی بەسەردانەکەی کردووە بۆ شاری هەولێر.



یانەی شەترەنجی خانزاد یانەیەکی سەرنجراکێشە

خانەوادەیەکی شەترەنج دۆست

ئۆڵگا کە لەساڵی 1989 لە شاری تیرنۆپلی ئۆکرانی لەنێو خانەوادەیەکی شەترەنج لەدایک بووە و دایک و باوکی هەڵگری بڕوانامەی گراندماستەرن، دەڵێت: دایک و باوکم و براکانم هەموویان یاریزانی شەترەنجن، سەرەتا من حەزم چووە وەرزشی جومباز، بەڵام دواتر درکم بەوەکرد کە شەترەنج وەرزشێکی زیاتر سەرنجراکێشترە لە جومباز، ئەندامانی خێزانەکەم هانیاندام شەترەنجم خۆش بوێت، هەروەها دەرچوو لە کۆتاییدا، لەتەمەنی 4 ساڵیدا فێرە شەترەنج بووم و لە تەمەنی 5 ساڵیشدا، بۆیەکەمین جار بەشداری پێشبرکێیەکی شەترەنجم کرد لە شاری تیرنۆپیل، لەبیرمە ئەوکات دیارییەکیان پێبەخشیم وەک بچووکترین بەشداربوو، کاتێکیش تەمەنم بووە شەش ساڵان بەشداری پاڵەوانێتی ئۆکرانیام در، لەوساتەوە بەردەوام بەشداری پاڵەوانێتییەکان دەکەم لەسەر ئاستی ئۆکرانیا و جیهان.

لە ماریا مۆزیچۆکی بردەوە

ئۆڵگا کە لەهەمان کاتیش ئەندازیاری پرۆگرامەکانی فێیربوونە لەبارەی دەسکەوتەکانیەوە دەڵێت: ئەنجامی باشم لەکاروانی وەرزشیم بەدەستهێناوە و لێرەدا دەتوانم ئاماژە بەگرنگترینەکانی بدەم، لەساڵانی 2015 و 2018 و 2019 پاڵەوانی پێشبڕکێی خێرابووم لەسەر ئاستی ئۆکرانیا، لە لەسەر ئاستی جامی جیهانیش کە ساڵی 2011 لە شینژین بەڕێوەچوو توانیم میدالیەی زیو بەدەست بهێنم، باشترین یاریش کە شانازی پێوەدەکەم توانیم لە ماریا مۆزیچۆکی پاڵەوانی جیهانی 2015 ببەمەوە، هەروەها گوتی: ئامانجی سەرەکیشم ئەوەیە ببمە پاڵەوانی خانمانی ئۆکرانیا لە شەترەنجی کلاسیک.

سەردانەکەی بۆ کوردستان

بابیای ئۆڵگا خانمە شەترەنجزانی ئۆکرانی لەبارەی خۆشەویستی بۆ شەترەنج دەڵێت: شەترەنج بۆتە پیشەم، لەپاڵ بەشداربیەکانم لە پاڵەوانێتییەکاندا، گەشتی خۆش دەکەم، لەگەڵ کەسە جیاوازەکان لەسەرانسەری جیهان قسە دەکەم، ئێستاش کاربۆئەوە دەکەم ئاستی خۆم زیاتر پێشبخەم، لەبارەی سەردانە کە شی بۆ کوردستان گوتی: لەساڵی 2015 سەردانی هەولێرم کردو بەشداری پاڵەوانیتییەکی یانەی شەترەنجی خانزادم کرد، هەولێرم زۆر خۆشویست، خەڵکەکەی زۆر خۆشەویستن، هەروەها یانەی شەترەنجی خانزادیش یانەیەکی زۆر باشە، یاریزانەکانی ئاستی باشیان هەیە و بەردەوامن لەبەهیزبوونیان، هەرگیز ئەو سەردانە لەبیرناکەم و هیوادارم لەداهاتوودا جارێکی دیکە سەردانی کوردستان بکەمەوە.

رۆنالدۆ دوو ریکۆردی مێژوویی تۆمارکرد



کریستیانۆ رۆنالدۆی پۆرتوگالی و یاریزانی یانەی یۆڤانتۆسی ئیتاڵی بە تۆمارکردنی گۆڵێکی نایاب دژی تۆرینۆ، دوو ڕیکۆردی مێژووی تۆمارکرد.

کریستیانۆ بە تۆمارکردنی ئەم گۆڵە ژمارەی گۆڵ کانی گەیاندە ٢٥ گۆڵ لەم ورزەی سێریا ئەی، بەمەش بووە یەکەم یاریزانی یۆڤێنتۆس لەدوای ساڵی ١٩٦١ لە وەرزێکی خولی ئیتاڵیدا ٢٥ گۆڵ تۆماربکات.

هەروەها کریستیانۆ بووە یەکەمین یاریزان لە مێژووی تۆپی پێدا، لە خولەکانی ئینگلیزی و ئیسپانی و ئیتاڵیشدا لە وەرزێکدا ٢٥ گۆڵ تۆماربکات.

نە کۆتینهۆ و نە گریزمان و نە دیمپلی نەیانتوانی شوێنی نایمار پڕبکەنەوە



رۆژنامەی سپۆرتی کەتەلۆنی راپۆرتێکی لەسەر شکستەکانی یانەی بەرشلۆنەدا بڵاوکردۆتەو ئاماژەی بۆ هۆکارەکانیداوە و رایگەیاندووە کە دوای رۆیشتنی نایمار بۆ ریزەکانی پاریس سان جێرمان، نەتوانراوە شوێنی ئەو یاریزانە بەرازیلییە پڕبکرێتەوە.

رۆژنامەکە ئاماژەی بەهەوڵەکانی یانەی بەرشلۆنەدا لەپیناو پڕکردنەوەی شوێنی نایمار، بەڵام یانە کەتالۆنییەکە سەرکەوتوو نەبوو و شکستی لەمبارەیەوە هێنا، بەتایبەتیش کە هەریەک لە کۆتینهۆ و دیمپلی و گریزمانی کڕی تا شوێنی نایمار پڕبکەنەوە.

خۆشەویستەکەی رۆنالدۆ هەرایەک دەنێتەوە



جۆرجینا رۆدریگزی خۆشەویستەکەی کریستیانۆ رۆنالدۆ وێنەیەکی سەرنجراکێشی خۆی لە ئینستاگرامی خۆی بڵاوکردۆتەوە و هەرایەکی لەنێو تۆرە کۆمەڵایەتییەکان ناوەتەوە.

جۆرجینا بە جلی مەلەوانی وێنەیەکی لە کەنار دەریادا گرتووە و جوانی خۆی و جەستەکەی وەک ئەکتەرێک نمایش کردووە، وێنەکەشی لە ئینستاگرام بڵاوکردۆتەوە و لەژێرەوە نوسیویەتی: ئەمە چاوێکی بچووکە کە لەپێناو خۆشەویستی ژیانم دایدەنیم.

جۆرجینا لەوپەیامەی ویستوویەتی خۆشەویستی خۆی بۆ رۆنالدۆ بەدونیا بگەیەنێت، بەڵام بەوشێوازەدەرکەوتنەی هەرایەکی ناوەتەوە لەنێوان پشتیوانی و بەهەڵستیکردنا، بێ ئەوەی سەرنجێکی رۆنالدۆ لە کۆمینت ببیندرێت.

باوکی محەمەدۆڤی پاڵەوان کۆچی دوایی کرد



رەمەزان قادیرۆڤی سەرۆکی کۆماری شیشان، کۆچی دوایی عەبدولەناف نور محەیمەدۆڤی باوکی حەبیب نور محەمەدۆڤی پاڵەوانی هونەری جەنگی راگەیاند، کە ماوەیەکە لەژێر چاودێری چڕ و ئۆکسجینی دەستکرد دابوو.

سەرۆکی شیشان وێرای دەربڕینی هاوخەمی بەناوی گەلی شیشانەوە، لەهەمان کاتیش پرسەو سەرەخۆشی تایبەتی ئاراستەی خانەوادەی محەمەدۆڤ کرد و رایگەیاند کە راستە ئەو بەجێی هێشتین بەڵام نەوەیەکی باشی لەدوای خۆی جێهێشت .

www.xebat.net
دووشەممە 2020/7/6 ژمارە(5968) hawarmurtkaee@yahoo.com
خەبات

دەۆک چالاکییەکی وەرزشی گەنجانی چەندین وڵات کۆ دەکاتەوە

رێکخەری چالاکییەکە: کەشوهەوای هەرێمی کوردستان بە گشتی و پارێزگای دهۆک بەتایبەتی زۆر لە بارە بۆ ئەنجامدانی چالاکی وەرزشی

لە شاری دهۆك چالاکییەکی وەرزشی چەند گەنجێکی دانیشتووی شارەکە و هەندێ گەنجی بیانی خەڵکی وڵاتە جیاوازەکان کۆدەکاتەوە و پێکەوە ٨ کیلومەتەر پاسکیل سواری و ٨٠٠ مەتر مەلەکردن و بەسەر چیا کەوتن لە چیای کێلیا شەدایێ ئەنجام دەدەن و سود لە سروشتی سەرنج راکێشی دهۆك دەبینن.

رێکخەری چالاکییە وەرزشیەکە بلند بریفکانی دەلێت: زۆر پرۆژەمان ئەنجام داوە بەڵام ئەمە یەکەم پرۆژەمانە بەم شێوە یە کە چەندین قوناغی تیا بوو وەك پاسکیلسواری و مەلەکردن و بەسەرچیاکەوتن، و لەم چالاکییە دا ١٢ کەس بەشدار بوون کە خەڵکی بەریتانیا و ئەمریکا و هۆڵەندا و عێراق و پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان.

بریفکانی زیاتر گوتیشی: کەش و هەوای هەرێمی کوردستان بە گشتی و پارێزگای دهۆك بەتایبەتی زۆر لە بار و بەسوودە بو ئەنجامدانی چالاکی وەرزشی چونکە هەموو شتێکی سرۆشتی هەیە وەك ئاو و چیا و کەش و هەوایەکی پاك ، خەڵك دەتوانن لە دەرەوەش و بێ بەرامبەر وەرزش بکەن نەك تەنیا لە ناو هۆڵێکی وەرزشی داخراو، و لە رێگەی ئەم چالاکییەوە ویستومانە کە ئەنجامدانی وەرزش لە دەرەوە و لەناو سروشت دا ببێتە نەریتێکی کومەڵایەتی.

پسپۆری زانستەکانی راهێنانی وەرزشی و ماموستا لە کولیژی پەروەردەی جەستەیی و زانستە وەرزشیەکان لە زانکوی دهۆك پروفیسوری هاریکار دکتور ئازاد ئەحمەد خالد کە بەشداری لە چالاکییە وەرزشییەکەدا کردبوو گوتی : ئەم جورە چالاکییانە زۆر گرنگن کە بە شێوەی گرۆپ بو گەنجەکان رێکبخرێن، وە توبوگرافیای دهۆك زۆر گونجاوە بو ئەم کارە چونکە ئێمە ئاومان هەیە بو مەلەکردن کە بەنداوی دهۆکە و لە دەوروبەری بەنداوەکە رێگای زۆر خوش و گونجاو هەن بو پاسکیل سواری وە چەندین چیای گونجاو هەن بو بەسەرچیا کەوتن وەك چیای کێلیا شەدایێ «.

دکتور ئازاد ئەحمەد خالد گوتیشی: « کاتێك کە ئەم جورە چالاکییانە ئەنجام دەدرێن پێویستە لەژێر چاودێری کەسانی پسپور بن بو ئەوەی بتوانن بە دروستی رێکبخەن هەر وەك چون رێکخەری ئەم چالاکییە هەماهەنگی کردبوو لە گەڵ بەرێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی و ئەوان دوو بەلەمیان بو ئێمە ئامادەکردبوون و هەماهەنگی کرابوو لەگەڵ بەرێوەبەرایەتی بەنداوی دهۆك کە چەند کەسێکی شارەزایان بو ئێمە ناردبوو بو ئەوەی چاودێری ئەم چالاکیە بکەن بە تایبەت لە کاتی مەلەکردن دا .





مێسی گۆمەکەی لەقاند

سان جێرمان و مان یونایتد ئامادەن 120 ملیۆن یورۆ لەپیناو مێسی بدەن

لەپەراوێزی ئەو هەواڵانەی کە مێسی ئامادەنییە بۆندەکەی لەگەڵ یانەی بەرشلۆنەدا نوێ بکاتەوە، هەواڵەکان ئاماژە بۆ ئەوەدەکەن کە چەندین یانەی زەبەلاح ئامادەن پارەیەکی زۆربەدەن لەپیناو راوکردنی ئەو یاریزانە ئەرژەنتینە.

رۆژنامەی asی ئیسپانی رووندی کردۆتەوە کە یانەکانی پاریس سان جێرمانی فەرەنسی و مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی بڕیاریانداوە بچنە نیو رکابەرییەکی تونەوە بۆ بەدەستهێنان و بردنەوەی خزمەتەکانی مێسی ئەرژەنتینی، هەرلەو نێوەندەشدا تۆڕی فارسکی سپۆرتسی ئەرژەنتینی گواستوویەتییەوە کە ئەو دوو یانە گەورەیە ئامادەن بڕی ١٢٠ ملیۆن یورۆ بدەن بۆ ئەوەی مێسی ببەنە ریزەکانیەوە.

ئێزگەی کادینا سیری ئیسپانی پێشتر بڵاوی کردبۆوە کە مێسی تەمەن ٣٣ ساڵ و خاوەنی ٦ تۆپی زێڕ تەواو بێزار و نیگەران بووە لە یانەی بەرشلۆنە، هەروەها زیاتر رووندی کردۆتەوە کە مێسی بەنیازە لە کۆتایی وەزری داهاتوودا یاریگای کامپ نو جێبهێڵێت، ئەویش وەك ناڕەزایەتییەك لە هەڵوێستی دەستەی کارگێری یانەکە.

لەلایەکی دیکەوە هەندێ لە رۆژنامەکانی ئینگلیزی ئاماژەیان بەوەکردووە کە لەئەگەری رۆیشتنی ئەو یاریزانە، ئەوا ئاماژەکان زیاتر بۆ ئەوەدەچێت کە دووبارە مێسی لەپاڵ گواردیۆلای راهێنەری یانەی مان سیتی ببیندرێتەوە، ئەگەرچی لەکۆتایی وەرزی داهاتوودا بۆندەکەی گواردیۆلاش لەگەڵ مان سیتی کۆتایی دێت، بەڵام هیچ ئاماژەیەك بە نوێکردنەوە و رۆیشتنی نەکراوە.

هەندی سەرچاوەی هەواڵیش ئاماژە بۆ ئەوەدەکەن کە زەقکردنەوەی ئەم پرسە لەم کاتەدا بۆ ئەوەدەگەڕێتەوە کە ئەم ئەجامەخراپانەی ئەم دواییەی یانەی بەرشلۆنە نەخرێتە سەر مێسی بەڵکو دەستەی کارگێری یانەکە ئەمە لەئەستۆبگری و ببێتە فشارێك بۆسەر یانەکە.

باییرن بووە پاڵەوانی جامی ئەڵمانیا



باییرن میونشن دوای ئەوەی بە ئەنجامی ٤-٢ گۆڵ لە بایەر لیڤەرکوزنی بردەوە بووبە پاڵەوانی جامی ئەڵمانیا.

لە یاریگای ئۆلۆمپی لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا هەردوو یانەی باییرن میونشن و بایەر لیڤەرکوزن بۆ بەدەستهێنانی جامی ئەڵمانیا بەیەکگەیشتن. لە پاریەکی دراماتیکی و پڕگۆلدا باییرن میونشن بە ٤ گۆڵ بەرامبەر ٢ گۆڵ لە بایەر لیڤەرکوزنی بردەوە و جامی ئەڵمانیای لە چنگ لیڤەرکوزن دەرهێنا.

گۆڵەکانی باییرن لە رێگای یاریزانان(لیڤاندۆڤسکی دوو گۆڵ و داڤید ئالابا و سێرجی گنابری) تۆمارکران و هەردوو گۆڵەکەی لیڤەرکوزنیش لەرێگای گای هاڤێرتز تۆمارکرا.

بەدەستهێنانی جامی ئەڵمانیا دووەم ناسناوی باییرن میونشن بوو دوای بەدەست هێنانی خولی ئەڵمانیا لەمساڵدا، یەکەم یانەشە لەسەر ئاستی ئەڵمانیا ٢٠ جار جامی ئەڵمانیا بەدەست بهێنێت.

وریا غەفووری
تووشی کۆرۆنا بوو

وریا غەفووری، ئەستێرەی بەنێوبانگی کورد و یانەی ئیستقلالی ئێرانی و چەند یاریزانێکی دیکەی یانەکە تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون.

میدیاکانی ئێران بڵاویانکردەوە، وریا غەفووری، کاپتنی یانەکە و هەشت یاریزانی دیکەی یانەکە تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون، دوای ئەوەی دەرکەوت ئەنجامی پشکنینەکانیان پۆزەتیڤە.

تووشبوونی ئەم یاریزانانەی یانەی ئیستقلالی تارانی لەکاتێکدایە، ئیستقلال خۆی بۆ یاریی بەرامبەر یانەی پارس جنووبی ئامادەدەکرد، کە بڕیاربوو یەکشەممە یارییەکە بە ڕێوە بچێت .

دوای تووشبوونی بە کۆرۆنا، وریا غەفووری لە پەیامێکدا گوتی، جەستەم ئازاری هەیە، بەڵام بارودۆخی تەندروستیم باشە و لە ماڵەوە خۆم کەرەنتینە دەکەم.

لە ماڵ پارێزاو دەبین

خەبات XEBAT

Mon.6 Jul. 2020 No.:(5968)

KHABAT info@xebat.net www.xebat.net

Daily Newspaper Kurdistan - Iraq Organ of KDP

Concessioner: Ali Abdulla Editor-in-chief: Salam Abdulla

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا

سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
07702969696 07504459940


بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

ناونیشان: هەولێر - شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە - میدیا سەنتەر
بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە: 07509069595
یان ئیمێڵی reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان: 07505881616


شانۆکار ئەحمەد سیروان: مێژووی کورد پڕە لە چیرۆک و داستان و شۆڕش دەقی باشی لێ دروست دەکرێت



- لە 15 ساڵی ڕابردوودا زنجیرە دراما و فیلم و کورتە فیلمی زۆر باش بەرهەم هێناوە و دووبارە بینەریان بە بەرهەمە خۆماڵی کوردییەکان شاد کردۆتەوە



-ئەو جۆرە دراما و فیلمانە شیرازەی خێزانەکانیان تێکداوە و لایەنی کۆمەڵایەتی بەرەو دارمان بردووە





سلێمانی - دیدار: بەرهەم شێخ عزەدین

ئەحمەد سیروان، دەرچووی بەشی شانۆ لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی شاری کەرکوک، لە ئێستادا قوتابی بەشی شانۆ و سینەما لە کۆلێژی هونەرە جوانەکانی هەولێر، بەژداری چەندین شانۆ و کورتە فیلم و زنجیرە دراماى کردووە هەروەها ڕێکخەری چەندین ڤیستیڤاڵی هونەری بووە و بەژداربووە لە بەڕێوبردنی چەندین ڤیستیڤاڵی هونەری نێودەوڵەتی لە شاری کەرکوک.لەم دیمانەیە قسەی لەسەربواری شانۆو سینەما بۆ خەبات کرد:

ئاستی دەرهێنەرانی کورد بەبەراورد لەگەڵ دەرهێنەرانی بیانی چۆن دەبینی؟

ئەگەر بەراوردێک بکەین لە نێوان دەرهێنەرانی کورد بە بەراورد بە دەرهێنەرانی جیهان خۆشبەختانە بە شانازییەوە ئەتوانین بڵێین میللەتەکەمان دەرهێنەری زۆر باشی تێدایە چی لە پێشوو چی لەم سەردەمەش دەرهێنەری گەنجی زۆر لێهاتوو و زیرەک و پڕۆفیشنااڵن هەیە کە دەکرێت پشتیان پێ ببەسترێ و سەپۆرتی فیلم و زنجیرە دراماکانیان بکرێ بۆ نموونە (م. ناسر حسن، جیهاد دڵپاک، جەلیل زەنگەنە، بەهمەنی قوبادی، شوان عەتوف) هتد... بەڵام ئەوەی وایی کردووە کە دەرهێنەرانی بیانی زیاتر ناوبانگ و ڕکابەری بە دەست هێنانی خەڵاتی نۆسکار بکەن بوونی هاوکاری لۆجیستی و مەعنەوییە سپۆنسەری زیاتر و پارەی باشترە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا فیلمی زۆر باشی کوردی هەن کە بە کوالێت و کەرەستەی پێشکەوتوو بەرهەم هێناوە و چۆتە نێو پێشبڕکێ بەدەست هێنانی پلەی باش...

دەرهێنەرانی کورد تاچەند سوودیان لە تەکنەلۆژیا وەرگرتووە بۆ ئەوەی شانۆگەری و فیلمەکانیان بەشانی هونەری وڵاتانی دی کاری جوان و پوخت پێشکەش بکەن؟

سوود وەرگرتن لە تەکنەلۆژیا و چۆنیەتی بەکار هێنانی هونەرە و پەیوەستە بە خودی کەسەکە کە چۆن بتوانێ بەکاری بهێنێت، خۆشبەختانە بە شێوەیەکی گشتی زۆر باش بەکار هێناوە و بەرهەمی زۆر باشیش لێ دروست کراوە.

ئێستا زۆرجاران پاس لەلاوازی کارە خۆماڵییەکان دەکرێن، هۆکاری ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی دەقی باش،یان ئەکتەری بەتوانا یان ئا مێرو تەکنەلۆژیای پێویست؟

میللەتی کورد پڕە لە چیرۆکی هەمەڕەنگ و داستان و شۆڕش کە دەکرێت بکرێت بە دەقی خۆماڵی زۆر باش و کاریگەر، هەروەها ئاکتەری ئەکادیمی زۆر باشیشمان هەن، ئامێر و تەکنەلۆژیا تا ڕادەیەك کەرەستەی باش بوونیان هەیە، بەڵام کێشەکە لە نەبوونی سپۆنسەر و هاوکاری داراییە کە بەداخەوە بۆتە هۆکاری لاوازی کارە خۆماڵییەکان.

دەرهێنەرانی کورد تا چ ئاستێ توانیویانە بەبەرهەمەکانیان چاوی بینەری کورد تێر بکەن و بەلای بەرهەمی خۆماڵیان ڕابکێشنەوە؟

لە ١٥ ساڵی ڕابردوودا زنجیرە دراما و فیلم و کورتە فیلمی زۆر باش بەرهەم هێناوە و دووبارە بینەریان بە بەرهەمە خۆماڵی کوردییەکان شاد کردۆتەوە و ئومێد ئەکەم لە ماوەی چەند ساڵێکی کەم ئاستی بینەر بۆ فیلمە کوردییەکان ڕوو لە زیادبوون و هەڵکشان بکەن و تاکو دێت خواستی بینەر بۆ فیلمە کوردییەکان زیاتر دەکات

هۆکارچیە کەبینەر لەدرمای کوردی تۆزاوە؟

ساڵانێکی زۆر بوو بەرهەمی دراماى کوردی بوونی نەمابوو و بەشێك لە کەناڵەکان پەخشی دراما بیانیەکانیان ئەکرد، ئەمەش بۆیە هۆکارێك کە بینەر بتۆرێ و گلەیی و گازندە بگات بە لوتکەی تۆران، بەڵام ئێستا دووبارە دەرهێنەرانی کورد لە هەولێ ئەوەدان دووبارە درامای کوردی بەرهەم بهێنن و چیدیکە بینەران لە خۆیان نەڕەنجێنن.

تاچەند درمای تیجاری یان باشتر بڵێین یەوفلیانەی کە لەهەندێك کەناڵ یان لەسینەماکان دەکرێت خزمەتی هونەری کوردیدەکەن؟

بەداخەوە ئەو جۆرە دراما و فیلمانە شیرازەی خێزانەکانیان تێکداوە و لایەنی کۆمەڵایەتی بەرەو دارمان بردووە چونکە ئەم جۆرانە لەگەڵ کەلتووری ئێمەدا ناگونجێ و لە زەرەر زیاتر هیچ خزمەتێك ناگەیەنێ بە نەتەوەکەمان.

چەندفلیمێك کران واتاچەند زنجیرەیەکی تەلەفیزۆنی،دەنگوی دروست کردو ڕەخنەیان لێ گیرا بۆ؟

بوونی دەقی گونجاو و شێوازی کار کردنی دەرهێنەر زۆر گرنگە کە بزانێ بینەرت کێیە و لە چ ژینگەیەك و لە چ کلتووڕێك ئەو جۆرە زنجیرە بەرهەم ئەهێنی و بینەرت ئاستی قەبوڵ کردنی تاکو چ ڕادەیەکە واتا دانانی پێوەرێك بۆ ستایلی ئەو جۆرە فیلم و زنجیرانە لەگەڵ ئاستی کۆمەڵگە، چونکە هەموو میللەت و وڵاتێك پەیوەستە بە کەلتوورەکەیەوە،

زیادەڕۆی کردن لە هەندێك بوار و لایەنەوە زیانی زیاترە لە قازانج، بۆیە پێویستە بەپێ ئەو سەردەمە زنجیرەکان بەرهەم بهێندرێت و ڕەچاوی لایەنی کۆمەڵایەتی و کەلتووری بکرێت، هەروەها گرنگە چیرۆك و شێوازی بەرهەم هێنانی زنجیرەکان کۆپی وڵاتانی دیکە نەبێ و بەرەو بە بیرۆکە و شێوازی کوردیانە بگیرێتەبەر لە پێناو وانە فێربوون و خزمەتکردن بە کۆمەڵگە.

چی دەربارەی فلیمی دۆبلاژکراو دەڵێی کەلەکەناڵە کان پشان دەدرێت؟

کۆمەڵێك فیلم و زنجیرە بوونیان هەیە کە مێژووین و سوودیان هەیە بۆ بینەر چونکە بینەرێکی زۆر هەن ئارەزوویان لە چیرۆکە ڕاستەقینە مێژوویەکان هەیە، بەندە یەکێکە لەو کەسانە و سوودم زۆر لە دۆبلاژکراوەکان بینیوە کە چیرۆکی مێژووین.

دەبێت چی بکرێت بەبۆچوونی تۆ هەتا بینەرو درامای کوردی ناشت بکرێنەوە؟

ئومێدەوارم حکومەتی هەرێمی کوردستان بە گشتی و وەزارەتی ڕۆشنبیری بە تایبەتی هاوکار و سەپۆرتی دەرهێنەرانی کورد بن و بڕەوی زیاتر بە فیلم و زنجیرە فیلمی مێژووی و ڕاستەقینەی شۆڕش و چیرۆکە کاریگەرەکانی میللەتەکەمان بەرهەم بهێنرێت و لە ڕووی هونەرەوە وڵاتەکەمان بە جیهان بناسێندرێ و بینەرانی کوردیش بە کارە خۆماڵییەکان شاد بکرێنەوە و دووبارە هۆڵی سینەماکان پڕ بن لە بینەر

بۆدرامای کوردی زۆربەرەوپێش ناچێت؟

هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی سەپۆرت کردن و نەبوونی پارەی گونجاو و پێو یست .

دواپرۆژەوکاری هونەریت چیە؟

لە ئێستادا لە هەوڵی ئەوەدام لەگەڵ کۆمەڵێك گەنجی هەرێمی کوردستان چەند ڤیدیۆیەکی وشیاری تەندروستی و ژینگەی ئەنجام بدەین بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، هەروەها ئامادەکاری بۆ گەورەترین ڤیستیڤاڵی هونەری هەمەڕەنگی فرە نەتەوەکانی نێو هەرێمی کوردستان کە لە دوایی تەواوبوون و ئاسایی بوونەوەی ژیان دوایی ڤایرۆسی کۆرۆنا کاری لەسەر ئەکەین و ئەنجام دەدرێ لە هەرێمی کوردستان.



